



# فەتاح کاویان

هاوڕێ یادت هەمیشە لە دڵماندا زیندوو دەمێنیتەوە

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


* کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕات کۆچی دوایی کرد ............................. ٥

* بەڕێوەچوونی ڕێوەرەسمی پرسەو سەرەخۆشی تێکۆشەری دێرین و وەفادار، نەمر فەتاح کاویان .............. ٧

* ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی پڕ خزمەت فەتاح کاویان ............................................................ ٩

١- هاوخەمی هاوڕێیان و دۆستانی نەمر کاک فەتاح کاویان: لاپەڕەی ١٣

* مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک

* د.ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری حدک

* بۆ کاک فەتاح کاویان یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانم ................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی

* یادی هەمیشە لە دلماندا زیندوو دەمێنیتەوە ................................ مەلا ڕەسووڵ پێشنماز

* پەیامی هاوخەمی هاورێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ

* پەیامی سەرەخۆشی کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان و تێکۆشەری دێرینی حدک، کاک هاشم کەریمی

* کاک فەتاح کەسایەتیەکی شۆرشگێر و ماندوونەناس، خۆش قەلب، خۆش مەشرەف، و ......... مستەفا شەمامی

* کاک فەتاح چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە ................................................ عەبوڵڵا حیجاب

* کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، کاک فەتاحی کاویان ................................................ خەلیلی غەزەڵی

* کاک فەتاح بۆ من مامۆستایەکی بێ وێنە بوو ................................................ ئازاد بانەیی

* کاک فەتتاح باوڕی قووڵی بە مافی نەتەوایەتی کورد هەبوو ................................ پۆڵا نانەوازادە

* کاک فەتتاحی کاویان، هاورێ، مامۆستا و براگەورەمان کۆچی کرد و بە جێیهێشتین .......... ئاشق ئیسماعیلی

* هەواڵێکی گەلێک ناخۆش! ................................................ هاشم رۆستەمی

* نێزیک بە ٦٠ ساڵ خەباتی پڕ لە سەروەری و شانازی بەرێز کاک فەتاح کاویان! .......... کەریم ئەڵلاوەیسی

* دڵە گەورەکەی برا وماموٚستام کاک فەتاح کاویان لە لێدان کەوت .................................. عەبو راد

* کاک فەتاح ئینسانێکی خۆش مەشرەف، میواندار، بەڕێز، موتەوازع، باوەڕبەخۆ و .......... شاهۆ حەسەن پوور

* هەزاران سلاو لە ڕەوانی پاکت ئەی ماموٚستا زاناکەی دیموکرات ............................ جەعفەر فەقی نەبی

* ئەم چەند دێڕەم لە فەیسبووکی کاک حەمەرەسوول کەریمی بۆ کاک فەتاح کاویان نووسی ........ خالید گەردی

* کاک فەتاح نموونەی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بەخشندە، دڵۆڤان، زانا، خۆڕاگرو ............ رامبۆد لۆتفی پوور

* کۆچ دوای کاک فەتاح کاویان ................................................................. شۆڕش بهرۆزی

* ئەستێرە پرشەنگدارەکەی ئاسمانی کوردەواری ....................................................... رەشید قازی

* خۆشم دەوێی و بۆ هەمیشە دەنگە ئارامەکەت و قسە و ڕێنماییە جوانەکانت لە یادم دەمێنێتەوە ..... هانا وریا

* گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا ................................................ نیگار بۆکانی

* کورد کەسایەتیکی گەورەی لە کیس چوو ............................................................ ناسر پیرانی

* ڕۆژی ڕەشی من کۆتایی نایە ......................................................................... ئارام قادری

* کاک فەتاح کاویان؛ پیرەداری قاڵبووی خەبات و تێکۆشان .................................. حەسەن حاتەمی

* مەرگ لە نێوان تراژیدی و رۆمانسییەت ................................................... شەمزین ئەحمەدنەژاد

* روحت شاد کاک فتاح گیان(هونراوە) ................................................................ خاڵە قازی

* خەمێکی دی (هونراوە) ....................................................................................... ئاشق

* چلچرا (هونراوە) ........................................................................... بێبەش پیرۆتی

* ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

* بەشداری سازمانی خەبات ی کوردستان لە ڕێورەسمی سەرەخۆشی کاک فەتاح کاویان

* پەیامی هاوخەمی سمکۆ یەزدانپەنا سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## ٣- بەڕێوەچوونی کۆڕیاد: لاپەڕەی: ٨٨

* بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ نەمر کاک فەتاح کاویان؛ یەکێک لە سالۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حدک

* بەڕێوەچوونی کۆڕیکی ڕێزگرتن بۆ تێکۆشەری کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان لە شاری ئادلایدی ئوستراڵیا

* لە وڵاتی نۆرویژ کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کاک فەتاح کاویان بەڕێوە چوو
* بەڕێوە چوونی کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێی کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان لە شاری ترۆندهایمی نۆرویژ،
* کۆڕی پرسە ویادەوەری کاک فەتاحی کاویان و ئازاد هونەر پەژوو لە ڕۆژهەڵاتی کانادا

## ٣- چەند بابەتی نووسەران: لاپەڕەی: ٩٣

* یادی هاوکارێکی لەمێژینە ................................................ دەستەی نووسەرانی «کوردستان»
* ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان وخزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان دا .............. قادر وریا
* فەتاحی کاویان سیمبولی مقاومەت و خۆڕاگری خەباتکارێکی کورد
* وێستگەکانی ژیانی فەتاح کاویان.. نووسەر و سیاسەتمەداری کوردستان ........................ وشە نێت
* قاسم سوڵتانی دوای فەوتی کاک فەتاح کاویان ........................................ شۆڕش ئەسەدزادە

## ٤- چەند بابەت لە نووسینی هاوڕێ کاک فەتاح کاویان: لاپەڕەی، ١٠٧

* وتاری کردنەوەی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان
* وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس دەگەڵ تێکۆشەری دێرین و ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێز کاک فەتاح کاویان
* عەزیز یووسفی نموونەی ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ
* کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانم
* غەزەڵێش هێندە شڵک و ناسک هەر نابی!!
* وەرە حەیران !

# کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕات کۆچی دوایی کرد



کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی کورد و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی ڕاوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، ٢٩ی بەفرانبار کاک فەتاح کاویان دوای پتر لە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بەردەوام لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.

کاک فەتاح کاویان ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. ئەو لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوییەوە هاتبووە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

کاک فەتاح کاویان ساڵی ١٣٣٨ بەهۆی تێکۆشانی سیاسی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی گیراوەو ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و نیو خراوەتە بەندیخانەوە و دوای ئازادبوونی لە زیندان درێژە بە خوێندن دەدا و لیسانسی زمانی ئینگلیسیی لە زانکۆی تاران وەردەگرێ.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کاک فەتاح کاویان وازی لە ژیانی ئاسایی و مامۆستایەتی هێنا و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەیدا شانی وەبەر بەرپرسایەتییە جۆراوجۆرەکان دا.

نەمر فەتاح کاویان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوو و لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب، وەک سکرتاریا و ڕاگەیاندنی حیزبدا کار و چالاکیی حیزبیی بووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

١٨ی جانێویری ٢٠١٧

## بەڕێوەچوونی ڕێوەرەسمی پرسەو سەرەخۆشی تێکۆشەری دێرین و وەفادار، نەمر فەتاح کاویان




کاک فەتاحی کاویان ناوی ئاشنا و، ناسراو لە مێژوویی مافخوازانەی گەلی کورد، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتیی بەناوبانگی وێژەو زمان و ئەدەبی کوردی، ئێوارەی چوارشەممە ٢٩ی هەتاویی مالاوایی لە هاوسەنگەرانی کردو،

بە بۆنەی کۆچیدوایی ئەو زاتە ماندوویینەناسەو، خۆشەویستی کۆڕی خەباتکارانی دێمۆکرات، پاشنیوەڕۆی رۆژی ٣٠ی بەفرانبار لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوەرەسمی پرسە وسەرەخۆشی کاک فەتاح کاویان بەڕێوەچوو.

ئەو رێورەسمە بە ئامادەبوونی کەسایەتیی و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و، کادر وپێشمەرگەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک بەڕێوەچوو.

سەرەتا یاری دێرین و هاوسەنگەری چەندین ساڵەی نەمر فەتاح کاویان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە سەر بەسەرهات و ژیانی سیاسی و خزمەتەکانی ئەو تێکۆشەرە خۆشناو و، خۆشەویستە باسێکی پێشکەش بە

ئامادەبووان کرد و، لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: کاک فەتاح کاویان لە مەیدانی خەباتدا هەموو جۆرە خەباتێکی تاقی کردووتەوە خەباتی نهێنی، خەباتی سیاسی و خەباتی فیکری و لە هەموو بەشەکانی خەباتدا سەرکەوتوو بوو.

مامۆستا حەسەن زادە لە کۆتایی وتەکانیدا بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسە وسەرەخۆشی حیزبی پێشکەش بە بنەماڵە و سەرجەم کەسوکاری کاک فەتاح کاویان کرد و بەتایبەتی بە تاقانە کچەکەی سەرگوڵ کاویان و یاری چەندین ساڵەی ناوبراو کاک قاسمی سوڵتانی کرد.

دوابەدوای قسەکانی مامۆستا حەسەنزادە شێعرێک لە شاعیری پێشمەرگە مامۆستا ئاشق بە بۆنەی کۆچیدوایی نەمر فەتاح کاویان خوێندرایەوە.


لە برگەیەکی دیکە ئەو رێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کۆچیدوایی کاک فەتاح کاویان لە لایەن هاورێ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. هەروەها کۆمەڵێک پەیام و برووسکەی پرسەو سەرەخۆشی کە لەلایەن کەسایەتی و رێکخراوە سیاسییەکانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان کە بەو رێورەسمە گەیشتبوو خوێندرانەوە.

شایانی باسە نەمر فەتاحی کاویان دوای پێشکەش کردنی ٦٠ ساڵ لە ٨٠ساڵ تەمەنی خۆی بوو سەرخستنی نەتەوەکەی و خزمەتی بە پێت کردن بە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلەکەی، ئێوارەی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار بە هۆی راوەستانی دڵ، لە قەلای خۆراگری دێموکرات لە شاری کۆیە کۆچیدوایی کردو، پێشنیوەرۆی رۆژی ٣٠ی بەفرانبار لە مەزارگەی تێکۆشەرانی دێموکرات بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە خۆشەویستان ودۆستان و هاوسەنگەرانی بە خاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

١٨ی جانێویری ٢٠١٧

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی پڕ خزمەت فەتاح کاویان




خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات!

تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب!

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە کەسایەتیی پڕ خزمەت و تێکۆشەری دێرین و ناودار، کاک فەتاح کاویان، ئێوارە درەنگانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار(١٨ی ژانویەی ٢٠١٧)، لە تەمەنی هەشتا ساڵی و لە شوێنی ژیان و تێکۆشانی خۆی لە قەڵای دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە، دڵی لە لێدان وەستا و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە خۆشەویستان، هاوخەباتان و هاوسەنگەرانی کرد.

فەتاح کاویان، ساڵی ١٣١٥ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی لە شاری مەهاباد تەواو کرد. بە هۆی بارودۆخی بنەماڵەیی و گیرسانەوە لە شاری سنە، چەند ساڵێک لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنی لەو شارە تێپەڕاند. لە پۆلی چوارەمی ناوەندی لەگەڵ دایکی لە سنەوە گەڕانەوە بۆ مەهاباد و دوای تەواو کردنی پۆلی پێنجەمی زانستی، وەک مامۆستای وەرزش لە شاری مەهاباد دامەزرا. ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) بوو بە ئەندامی شانەی

نهێنیی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ساڵی ١٣٣٨ بە دوای پەلاماری سەرانسەریی ساواک بۆ سەر ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزب، کە لە کرماشانەوە هەتا سەڵماسی گرتەوە و بوو بە هۆی گرتنی نزیک بە ٢٥٠ کەس، فەتاح کاویانیش گیراو کەوتە زیندان. دوای بەڕێکرانیان بۆ تاران و بە ناو دادگایی کرانیان لە گەڵ چەندین کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب بە زیندانی هەتا هەتایی( حبس ابد) مەحکووم کران. بەڵام شای ئێران لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسیی ئێران فەرمانی "لێخۆشبوون"ی دەرکرد و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم لە بەندییە سیاسییەکان ئەوانی دیکە ئازاد کران.

کاک فەتاح دوای ئازاد بوون لە زیندان، دیپلۆمی وەرگرت و چووە زانستگەی تاران و لیسانسی زمانی ئینگلیزیی وەرگرت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵان(تا ساڵێک پێش ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی) لە دامەزراوەی نەتەوەیی زمان(مؤسسە ملی زبان) وەک مامۆستاو بەڕێوەبەری وانەوتنەوە کاری کرد. دواتر بە ماڵ و منداڵەوە گەڕایەوە مەهاباد. فەتاحی کاویان بە هۆی خۆشناوی، رابردووپاکی و تواناکانی، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی لاواز بوونی دەسەڵاتی ڕێژیمی شایەتی، پۆستی شارەداریی شاری مەهابادی گرتە ئەستۆ. ساڵی ١٣٥٧چالاکانە ڕۆڵی گێرا لە وەڕێخستنی خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهابادو کاتێکیش خەباتی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی، تێکەڵ بە کاروتێکۆشانی حیزبەکەی بۆوە.

بەم جۆرە کاک فەتاح لە زستانی ١٣٥٧ەوە جارێکی دیکە چارەنووسی خۆی لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرێ دایەوە و هەتا ئێوارەی دوێنێ ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ بە هەموو توانای خۆیەوە لە خزمەت حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دا بوو. فەتاحی کاویان بە هۆی بڕینی پلەکانی بەرزی خوێندن، شارەزایی بە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی، هەر وەها توانای ئەدەبی و لێهاتوویی لە نووسینو وەرگێران دا، هەر زۆر زوو بوو بە هاوکار و یاریدەدەرێکی بە نرخ بۆ ڕێبەریی حیزب. ساڵی ١٣٥٨ بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی بازرەسیی(لێکۆڵینەوە)ی حیزبی پێ سپێردرا و ئەم بەرپرسایەتییەی شانبەشانی ئەنجامدانی کۆمەڵێک کارو ئەرکی ڕۆژانەی دیکەی حیزبی، هەتا ساڵی ١٣٦٠ بەڕێوە برد. لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، لە کۆمیتەی ناوەندییش دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا و لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، ئەرکی گرتە ئەستۆ. کاک فەتاح لە کۆنگرەی پێنجی حیزبەوە هەتا کۆنگرەی ١٣، بەردەوام یەکێک لە هەڵبژێراوانی کۆنگرەکانی حیزب بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بووە و بەتایبەتی لە کۆمیسیۆنەکانی ڕاگەیاندن و سکرتاریای حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی بەڕێوە بردوە. ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی

دیموکرات لە زۆر قۆناغ دا، جێ پەنجەی ئەو مرۆڤە فازڵ و فەرزانەیەی پێوە دیارە. ئەو، هەر لەو کاتە دا کە بە زانیاری و بەهرە و تواناکانی خۆی لە بواری نووسین و ئەدەبیات و وەرگێڕاندا خزمەتی بە نرخی بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکەی دەکرد، بۆ هاوکارەکانیشی مامۆستاو فێرگەیەک بووو بەرە بەرە پێی دەگەیاندن.

سەرەڕای سەرقاڵبوونی بە ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبییەوە، بەردەوام بەشێک لە کاتی خۆی بۆ کارکردن لە یەک یا چەند لە مەجالەکانی وەرزش، فەرهەنگنووسی، وەرگێڕانی کتێب، نووسینی بابەتی ئەدەبی و کاری فەرهەنگیی دیکە، دەهێشتەوە. ئامادە کردنی فەرهەنگی بە ناوبانگی "حەوتەوانە"و وەرگێڕانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانەکانی کوردیو هێندێک کتێب و بەرهەمی دیکە کە بە داخەوە هەتا ئێستا چاپ و بڵاو نەبوونەوە، نموونەیەک لە خزمەتە فەرهەنگییەکانی ئەو کەسایەتییە پڕکارە بوون. کاک فەتاح، پیاوێکی بە فەرهەنگ، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤێکی قسەخۆش و خۆش مەجلیس، خەباتکارو سیاسییەکی مرۆڤدۆست بوو. بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە لە نێو پێشمەرگەکان، بنەماڵە حیزبییەکان و لە نیو هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا خۆشەویست و جێگای ڕێز بوو. لە هاوسۆزیو خەمخۆری لە ئاست گیروگرفت و کێشەکانی تێکۆشەرانو بنەماڵەکانیان، هاوکاریی پەناخوازان و هەر هاوڕێ و ناسیاوێکی لێقەوماو دا سنووری نەدەناسی و هەر هاوکارییەکی لە دەستی هاتبا، درێغی نەدەکرد.

بە کۆچی دوایی هاوڕێ فەتاحی کاویان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکی بە وەفا، بە نرخ و ماندوویی نەناسی لە دەست دا. تێکۆشەرێک کە ٦٠ ساڵ لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆی لە ئەندامەتیی ئەم حیزبە وخزمەتی بیروباوەر و ئامانجەکانی دا تێپەڕ کرد. بزووتنەوەی نەتەوەی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان و گەلی کوردیش بە مەرگی ئەو کەسایەتییە خەباتکارە، یەک لە سیما پڕشنگدارەکانی خۆیان لە دەست دا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی خۆشەویست کاک فەتاح کاویان، سەرەخۆشی و هاوخەمیی گەرمی خۆی پێشکەشی هاوسەر و کچ و کوڕەکانی ئەو تێکۆشەرە دێرینە وسەرجەم کەسوکاری دەکا. بەم هۆیەوە کە کاک فەتاح بە شانازییەوە پێشمەرگەی ئامانجی رزگاریی هەموو نەتەوەی کورد بوو، جێی خۆیەتی سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان بکەین. کاک فەتاح، بۆ تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، بۆ ڕێبەریی ئەم حیزبەش حوکمی مامۆستایەکی بە ئەزموونی هەبوو، بۆیە گیانی ئەو دڵنیا دەکەین کە

خـزمەتە بە نرخەکـانی، ئەزمـوونو وانەکـانی دەپـارێزین و لە خەبـات و تێکۆشـان هەتـا وەدیهێنـانی ئـاوات و ئامانجەکانی، ناوەستین.

سڵاو لە گیانی پاکی فەتاحی کاویان،
بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ ڕێگای پڕشانازیی خەبات و تێکۆشانی.


حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی

١٩ی ژانویەی ٢٠١٧
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٥

# هاوخەمی هاوڕێیان و دۆستانی نەمر کاک فەتاح کاویان:

------------------------------------------------------------

## مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حدک



هاوڕێی تێکۆشەر و قسە خۆش کاک فەتتاحی کاویان، یەکێک لە ڕێبەرە دیارەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بۆ هەمیشە چاوی داخستن و ئێمەی لە دەریایەک غەم و پەژارەدا بەجێ هێشت. بەو بۆنە دڵتەزێنەوە، لە منداڵەکانی و بنەماڵەی بەڕێزی، لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی دەورانی دوور و درێژی خەبات و تیکۆشانی، لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکەم. کاک فەتتاحی خەباتگێڕ یەکێک لەو کەسانە بو کە نەدەکرا خۆشت نەوێ. ئەو دەیتوانی بە ڕێگای جۆر بەجۆردا جێگای خۆی لە دڵی هاوڕێیانی دا بکاتەوە. بە نوسینە جوانەکانی،بەهەوڵ و تێکۆشانی، بە قسە خۆشەکانی و بە ڕاستگۆیی و سەداقەتە کەی جێگای خۆی لە دڵی هەمو کەس دا دەکردەوە. ڕووحت شاد هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر، کاک فەتتاحی قسەخۆش و خۆشەویست، بەڕاستی مەراقی ئەوەم لە دڵ دایە کەتۆش و سەدان هاوڕێی دیکەشت بەرهەمی ڕەنج و خەباتەکەتان بە چاو نەبینی و نەکرا بە زیندوویی ئەو جۆرەی کە شیاوی ئێوەیە قەدرتان بگرین و لە دووریی زێدی خۆتان سەرتان نایەوە.

## ئەمڕۆ سەروەرێکمان لەدەست دا کە هەتا ڕۆژی ڕزگاریی کوردستان بەسەر سەرمانەوە دەڕوانێ.



### ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری حدک

تازە چووبوومە قوتابخانە. لە ژووری کاری خۆی کە لەو چیایانە وەک ڕازاوەترین و پڕڕازترین ئۆفیسی پرۆفسۆرێکی دنیادیتوو دەچوو، کلاسی تایبەتیی زمانی ئینگلیسیی بۆ چەند کەس لە هاوڕێیانی خۆی دانابوو. ئەمنیش یەک لە قوتابییەکانی بووم! دەرسەکە بۆ من سەخت بوو، نەیاندەگەیشتمێ. کەچی بێڕەحمانە لەگەڵم سەختگیر بوو. دەگریام. کە باسی منی بۆ وان دەکرد، بۆوەی تێنەگەم دەیکرد بە فارسی. هەموو جارێ سەرم هەڵدەبڕی و دەمگوت پێت وایە حاڵی نابم؟! دەبوو بە قاقای پێکەنین. دواتر ئەو پرۆفسۆرە ترسناکە بۆ من بوو بە مێهرەبانترین مامی دنیا. ساڵەکان رابردن.

لێک هەڵبڕاین. ئاوێکی زۆر بە بن پردەکاندا ڕۆیشت. هاوینی ١٩٩٧ کە بە سەردان گەڕابوومەوە کوردستان بە دیداری شاد بوومەوە. کە وەژوور کەوتم دەفتەرێک لەسەر ئەژنۆ وەک هەمیشە بە دانیشتنەوە خەریکی نووسین بوو. یەکترمان لە باوەش گرت. گوتی ئاواتم بوو ئەتۆ ببینمەوە. چەندە بە خۆم دەنازیم کە ئەو گەورەپیاوە شتی وام پێ دەڵێ. فەتاحی کاویان جیا لەوە کە کانگایەک لە فەرهەنگ و زانست بوو کە دەبێ هەموو نەتەوەی کورد

شانازیی پێوە بکا، جیا لەوە کە تێکۆشەرێکی زۆر مەزنی ڕێبازی کوردایەتی و خەباتگێڕێکی هەرە بەرەجەستەی حیزبی دێموکڕات بوو کە بۆ هەر هەمووومان قوتابخانەیەکی زیندوو و بەرزترین سەرمەشقی مانەوە و بەردەوامبوون بوو، بۆ تاک تاکی تێکۆشەرانی ئەو حیزبەش باب و برا بوو. ئاخر جار کە دیتم ئەو لەحزەیە بوو کە هەواڵی مەرگی ئازادی هونەرپەژوویان پێ دام. بە چاوی پڕ لە گریان و بە شڵەژاوییەوە تێدەپەڕیم. سڵاوێکی خێرام لە پۆلێک لە پێشمەرگەکان کرد کە بەدەوری کەسێکەوە کە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو ڕاوەستابوون. گوێم لێ بوو دەنگێک لە پشتەوەڕا گوتی:

"جوابی سڵاومان عەرزی کردی!" ئاوڕم دایەوە کاک فەتاح بوو. لەو کاتە سەختەدا ناچاری کردم بەڕووی ژیاندا پێ بکەنم و بەسەر خۆمدا زاڵ بم. قسەی نەستەق و نوکتە زەریفەکانی، شێعرە جوان و لەبەرەکانی، ڕوانینە بەجێ و تەنزە پێچەوانەکانی هەتا سەر لە گوێماندا دەزرینگێنەوە.

ئەمڕۆ قەڵای دێموکڕات بوو بە ئارامگە و دوایین وێستگەی لەتێک لە مێژوو و ناسنامەی گەلی کورد. ئەمڕۆ سەرووەرێکمان لەدەست دا کە هەتا ڕۆژی ڕزگاریی کوردستان بەسەر سەرمانەوە دەڕوانێ.

فەیس بووکی نووسەر

١٨ی جانێویری ٢٠١٧

## بۆ کاک فەتاح کاویان یەکێک لە ئازیزترین کەسەکانم (هاوڕێ، برا، باب و مام و مامۆستا)




### حەمەرەسووڵ کەریمی

ساڵانێک بوو ناوی کاک فەتاح کاویانم لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەر گوی دەکەوت و لە هەموو ئەو ماوەیەدا سیمای کاک فەتاح کاویانم لە پێش چاوان وەک مرۆڤێکی بالابەرز و بەخۆوە، سمێل زل و پشتێند پان دەهاتە بەرچاو.

دوای ساڵانێک یەکەم جار کە لە هێزی مینەشەم ڕا بە مەئموریەت لەگەڵ چەند بریندارێک چووینە نەخۆشخانەی حیزب لە باشووری کوردستان و بە هۆی ئەوە پاییزێکی درەنگ وەخت بوو، کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی داوای لێکردین کە ئەو چەند کەسە لە بنکەکانی دەوری دەفتەر تا وەرزی بەهار بمێنینەوە. لەگەڵ ئەوەدا هیچ مەیلی مانەوەم لە بنکەکانی دەوری دەفتەر نەبوو، بەڵام دەبوو بڕیاری کۆمیسیۆن جێبەجێ بکەین.

وەک پێشمەرگەیەک ناردمیانە بنکەی تەقەمەنی حیزب کە سەر بە سکرتاریای حیزب بوو و شەخسی نەمر شەهید دوکتور قاسملوو لە سەر ئەم بنکەیە بڕیاری سەرەکی و کۆتایی دەدا.

یەکم جار بوو دەچوومە دەفتەری سیاسی و هەموو کەسەکان بۆ من نەناسیاو بوون، جارجار کەسانێکم دەدیتن کە دەمناسین. بە هاتووچۆی بەردەوام توانیم بەرەبەرە کادرو پێشمەرگەکان بناسم، لە مەیدانی فوتباڵ و ساڵۆنی نان خواردن و لە ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ زۆرێک لە کەسەکانم ناسین.

ئێوارەیەک لە ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ کادرێکی حیزبی بە باڵاکورت و تەمەن ٥٠ ساڵان بە دەستێک لیباسی جوان و کلێتێک لەسەر هاتە ژوورەوە، هەمووان تێکرا گووتیان کاک فەتاح بەخێر بێی، وەرە ئەوەی لێدەگەڕێی لێرەیە.

ئەو کات یەکێک لەو کەسانە بووم کە کەیفم بە یاریکردن دەهات و زۆربەی ئەو کاتانەی بێکار دەبووم دەچووم بۆ ساڵۆنی پینگ‌پۆنگ. لەگەڵ کاک فەتاح سەرو راکێتی پینگ‌پۆنگیان دەست دایە و هەر یەکەی لە لایەکی میزەکە راوەستاین.

کاکی خۆم ناوت چیە؟ خەڵکی کوێی؟ پێشمەرگەی کام بنکەی؟

ناوم حەمەرەسووڵ کەریمی‌یە، خەڵکی سەردەشتم و لە بنکەی تەقەمەنیم!

هەی بەخێر بێی وەڵلا مادام سەردەشتی لە یاری‌یەکە ناترسم، ئاخر سەردەشتی ئەو جۆرە یارییانە نازانن.

هەموو ئەوانەی لەوێ بوون لە قاقای پێکەنینیان دا و لە یەک چاوتروکان دا گووتی: دەی وەرە بزانم چەند مەردە هەلاجی؟

منیش گووتم: کاکی خۆم پرسیار عەیب نییە دەی باشە جەنابت ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟

ئەمن فەتاح کاویانم و خەڵکی سابڵاغم!

سابڵاغەکەی لە نێوی دڵی ڕا هێنا دەرێ و گووتی جا کوا سەردەشتی بە سابڵاغیان دەوێرن؟

باوەرم نەدەکرد ئەو کەسە کاک فەتاح بێ، ئاخر کاک فەتاح لە مێشکی من دا بالابەرز و سمێل زل و بەخۆوە بوو، پێم وانەبوو کە کاک فەتاح، ئاوا وردیلە و سەر و سیمای جوان و سپی پێست بێ.

یاریمان دەست پێکرد و دوای چەند گەیم و چەند یارییەک کاک فەتاح گووتی پێم وانییە ئەتۆ سەردەشتی بی.

دوای ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاک فەتاح بووینە هاوڕێ و دواتر کاک فەتاح هەستی خۆی وەک برا و باب و مام و مامۆستا بۆ من نیشان دا و لە هەموو قۆناخەکانی ژیانی پێشمەرگایەتیم دا چ ئەو کاتانە لە ناوچە دەبووم و چ ئەو کاتانەی سەردانی دەفتەرم دەکرد پەیوەندییەکی گەرم و گوڕمان هەبوو، لەو ماوەیەشدا لە من و لە بنەماڵەکەمانی کۆڵی بۆوە و تا رادەیەک بنەماڵەکەمانی دەناسی.

لەگەڵ کاک فەتاح بووینە هاوڕێ و کوڕ و باب، زۆرجار بە تایبەتی نامەی بۆ دەنووسیم و ڕێنوێنی دەکردم کە ئاگام لە خۆ بێ و حیزب پێویستی بە گەنجی وەکی تۆ و هەزارانی وەک تۆ هەیە، بە هۆی ئەوە سەردانی بەغدا و دەرەوەی ولاتی دەکرد هەموو جارێک شتی جوانی وەک خودکار و کراس و خودنویس و شەترەنج و ئەو جۆرە شتانەی بە دیاری بۆ دەناردم و منیش وەک یادگاری هەڵم دەگرتن.

هەر کات دەچوومە ناوچە بۆ نێو خەڵک دەمزانی کاک فەتاح کەیفی بە شتی دەستچن دێ، هەر ساڵەی شتێک و یا دوو شتی وەک گۆرەوی و پوزلەخ و کراسی مەرەز و سەرکولاوی گوڵینگەدار و یا کلێتم بۆ بە درووست کردن دەدا و پاییزان لەگەڵ دەستی خۆم لە نێو کۆڵەپشتی دا وەک دیاری بۆم دێنایەوە و هەر کات پێشکەشم دەکرد دەیگووت: ئەگەر کوڕەکانی ڕادیۆ و هێندێک لە پێشمەرگەکان لێم گەڕێن ئەوە وەک یادگاری هەڵیان داوەسم، بەلام مەجبوورم هەڵیان بگرم و جارجار لەبەریان بکەم، ئەگینا ئەو یادگاریانەم لێ دەستێنن.

کاک فەتاح بە ڕاستی مامۆستا بوو، پێش هاتنی بۆ پێشمەرگایەتی بە سەدان قوتابی هەبووە، وەرزشکار بوو، سیاسەتوان بوو بە مانای لیزانی لە سیاسەت دا، دیپلۆمات و مرۆڤدۆست بوو، خەتخۆش و قسە خۆش بوو، لە شێعر و دەربرینی وشەدا ڕووحی وەبەر شێعر و گوتارەکانی دەدا، هەموو کەس لە زمانی شیرینی کاک فەتاح حاڵی دەبوو، شێعری کوردی و فارسی و تورکی دەزانین، شێعر لە لای ئەو مانای خۆیان هەبوو، بۆ خۆشی چەندین شێعری جوانی کوردی و فارسی هەبوون و زۆرجار لە مەجلیس و لە کۆڕوکۆبونەوەکانیش دا کەڵکی لێ وەردەگرتن و هاوکات

بۆ ئەوانەی کە خۆشی دەویستن بە دەستخەتی خۆی بۆی دەنووسینەوە و زۆرجاریش بە جیا بۆی دەخوێندنەوە، کاک فەتاح قسەخۆش و نوکتەزان و ڕووخۆش بوو و وەک دەڵێن گوڵی نێو هەموو مەجلیسەکان بوو. لە بەخشینیش دا دەست و دڵ ئاواڵە و دڵفراوان و بە سەخاوەت بوو.

کاک فەتاح زمانزان و ئەدیب بوو، زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیزی دەزانین و تا ڕادەیەکیش تورکی دەزانی و بە راستی لەم بوارەدا زەحمەتی زۆری کێشا و وەرگێران و نووسینەکانی ئەوەندە زۆرن کە لە نووسین نایەن. کاتێک کتێب و فەرهەنگی حەوتەوانەی تەنزیم دەکرد لە تەنیشتی بووم کە چەندە لێزانانە ئەو هەموو کاغەز و ئەو هەموو کوتە کارتۆنەی لە تەنیشت یەک ڕیز کردبوون و زۆر بە شێوەیەکی ڕێک و پێک تەنزیمی دەکرد. فەرهەنگی حەوتەوانە و هەروەها وەرگێرانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانەکانی کوردی و چەند بەرهەمی دیکە لێزانی کاک فەتاح لە بواری نووسین و وەرگێرانەوە جوانتر و باشتر نیشان دەدا. فەرهەنگی حەوتەوانە کە دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ دا لە چاپ درا و دانەیەکی وەک دیاری پێشکەش کردم نیشان دەدا کە لە بواری ئەدەبیات و وشەدا کاک فەتاح چەندە ورد و لێزان بووە. حەوتەوانە لە نێوەکەی ڕا دیارە کە بە حەوت شێوە دەتوانی کەڵک لەم فەرهەنگە وەر بگری بۆ نموونە:

کوردی ـ کوردی
کوردی ـ فارسی
کوردی ـ ئینگلیزی
فارسی ـ کوردی
فارسی ـ فارسی
فارسی ـ ئینگلیزی
ئینگلیزی ـ ئینگلیزی

دۆستایەتی نێوان ئێمە بە لەتبوون و لێکترازانی حیزبیش دوای کۆنگرەی ٨ کۆتایی نەهات، ئەو لەگەڵ تەشکیلاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر و منیش لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆرجار وەڵامی لێ دەناردم کە ئاگام لە خۆم بێ و زۆرجاریش دیاری بۆ دەناردم و چەند جارێکیش لە سولێمانی لە دووکانی حاجی حەسەنی خاڵم چاومان بە یەکتر دەکەوت، گەورەیی کاک فەتاح لەوە دا بوو کە نە خوێندەواریەکەی و نە بەرپرسایەتی

گەورە و نە تەمەنـی هیچیـان نەبـبـوونە ڕێگـر لەوە کە خـۆی لە مـن و هاوڕێیـانی دیـکە جیـا بکـاتەوە و خـاکی و خاکەڕایی لە سەروسیما و لە هەست و وجوودی دەبـاری، گورجوگۆڵ و بە هەڵوێست، شۆڕشگێر و خۆنەویست بـوو، ئەوەی لە لای کاک فەتـاح گرینگی نەبوو سەروەت و سامان بوو، هەموو کاتی خۆی بە خوێنـدنەوە و بە نووسینەوە تێپەر دەکرد و خەرمانەی ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبەوە دیارن و زۆر جاریش لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا وتاری بڵاو دەبوونەوە.

خەمی گەورەی کاک فەتـاح تەنیا و تەنیـا حیـزبەکەی و شۆڕشـەکەی بـوو، هەمـوو لایەکـی خـۆش دەویسـتن و کـادرو پێشمەرگەکانیش کاک فەتـاحیان خۆش دەویست.

لەگەڵ هەر ڕووداوێک لە حیزبدا جەرگی ژانی دەکرد و لە شادی و خۆشی و خەمی هەموو لایەک دا بەشداری دەکرد. ئەوە هەر تەنیا بۆ کادر و پێشمەرگەی حیـزب نەبـوو بەڵکوو زۆرێک لە کـادر و پێشمەرگەی هێزەکـانی دیکەی لە ڕێکخراوەکانی دیکەش دەناسی، پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستـان و لایەنەکـانی دیکە هەبوو. یەکێک لەو دەگمەنە شۆڕشگێرانە بوو کە لە قسـەکردن دا ورد و لە دانـی زانیـاری دا ئەو پەڕی سـەداقەتی لە خۆی نیشان دەدا و مرۆڤێکی بە تەدبیر و جێگای متمانە و سەرکردەیەکی سیاسی و لێزان و وریـا و خۆشنـاو بوو، ئەوەندەی تەمەنی مەجالی پێدا لە ریزەکانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان دا خزمەتـی بە گەل و نیشـتمان کـرد و تـا توانی لە سەر ڕێبازی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی گەل پێداگری کـرد و لە سـەر ئەم ڕێگـایەش هەروا تـا کاتی کۆچی دوایی و ماڵئاوایی یەکجارەکی درێژەی بە خەبـات و تێکۆشان دا.

کۆچی دوایی کاک فەتـاح بۆ من وەک حەمەرەسووڵ یەکجار بە ژان و قورسە و هیچ کات نـاتوانم قسـە و ڕێنـوێنی و هەست و سۆز و وەفای کاک فەتـاح ، تەنز و ڕوانینەکانی، زەردەخەنە و پیاسە کردنـی بەیـانی و ئێـوارانی لە یـاد بکەم، چوونکە کاک فەتـاح لەگەڵ ئەوەدا تووشی نەخۆشی لە یـادکردن و لە یـادچوونەوە (ئـالزایمێر) ببـوو، بەڵام لەو حاڵەتەش دا هیچ کات سیمای منی لە یاد نەکـرد و لەو مـاوەیەدا بەردەوام هەم بەدیـدار و هەم بە تەلەفـوون لە یادی دابووم و منیش وەک کەسێک دەبوو ئەو هەستە جوانەی کـاک فەتـاح پـاراو بکەم و هەمـو جارێـک زۆربەی کاتەکـانم لە قەڵای دێمـوکرات لەگەڵ ئەو تێکۆشـەرە ماندوویینەنـاسـەی دێمـوکرات لە ژوورە یـا سـەفاکەی و یـا لە ژوورەکەی شـوێنی مـانەوەم و یـا لە حەسـاری قەڵا بە قەدەم لێـدان تەرخـان دەکـرد و لە قسـە و لە گێـڕانەوەی بەسەرهاتـی ژیـانی هەم ئەزموونم وەردەگرت و هەمیش زۆرجار تووشی خەمێکی قووڵ دەبووم کە بۆچی کاک فەتـاح

لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیشی دا هەروا بە تەنیایە.

لەو نێوەدا کەسێک کە هەموو کات لە تەنیشت کاک فەتاح بوو کاک قاسم سوڵتانی بوو، کە بە ڕاستی جێگای هەموو لایەکی بۆ کاک فەتاح پڕ کرد بۆوە، وەک کەسێکی بە ئەمەگ لێرەوە سەری ڕێز بۆ کاک قاسم دادەنوێنم و سەرەخۆشی لە کاک قاسم وەک تاقە کەسێک کە ژیانی خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەی و کاک فەتاح تەرخان کردووە دادەنوێنم و لە ئامیزی برایانە و پێشمەرگانەی دەگرم.

لە کۆتایی دا سەرەخۆشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی و ئەندامانی بنەماڵەکەی و خاتوو سەرگوڵ کاویان و بە تایبەت کاک قاسم سوڵتانی دەکەم کە لە هەموو ماوەی ژیانی شۆڕشگێری دا لە تەنیشت کاک فەتاح ژیا و هەموو داواکاری و پێسیتی‌یەکانی ڕۆژانەی وەک دڵسۆزێک بۆ ڕادەپەراندن و کەل و پەلی پێسیتی بۆ دابین دەکردن.

رووحت شاد مامۆستا و خۆشەویستی هەمووومان کاک فەتاح کاویان.

حەمەرەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## یادی هەمیشە لە دلماندا زیندوو دەمێنیتەوە



## مەلا رەسووڵ پێشنماز

ئیمرۆکە هاوکاتە لە گەڵ رۆژی ٤ شەممە بەرامبەر بە بەفرانبـاری ١٩ / ١ / ٢٠١٧ سەعات نزیک بە ٧ دوا نیوەرۆ بە داخێکی گرانەوە خەبەری مەرگی لە ناکاوی هاوری و هاودەم و هاو عومرو هاو مەدرەسە و دەورانی کۆمارە ساواو لە دەست چۆکەمان کاکە فەتاحی کاویانیان پێ راگەیاندم.

دوای تاسان وبیر کردنەوەیەکی چەند ئانی تەواوی رابـردووی زیـادتر لە ٧٠ سال تێکەڵاوی وەک پەردەی سینەما هاتەوە بەرچاوم.

لەساڵی ١٩٤٦ وە قۆنـاغی مەدرەسەو هـارو هـاجی ونەسرەوتن و وەیەک هەڵ نەکـردن هەتـا گۆرەپانەکـانی وەرزش وکۆڵان گەری وسەیران و بـاغە سەر سەوزو دڵگرەکـانی مەهابـاد پاشـان شـەرە گەرەکەکـانی ئەوکـاتی شـارەکەمان، دواتر تێوە گلانی کاری تەشکیلاتی و سیاسی لە حیزبی دێموکرات دا بۆ رزگاری و سەر بەخۆی گەلەکەماندا.

ئیمەلە گەل ئەو هەڤالە خۆشەویستەمان ١٣ یا ١٤ سالێک دابراین کە لە سالی١٩٦٣ وە کەوتینە ناو شۆرشی مەزنی ئەیلول و شەرەفی پێشمەرگایەتیمان پێ بەخشرا، پاشان بە دوای راپەرینی گەلانی ئیران ونەمانی رژیمی پاشایەتی

وئازاد بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستا ن و گەڕانەوەی من و کاک حەسەنی رستگار،،،، کۆچ کردو یەکیک لەو کەسە بەرچاوانە بوو کە لەگەل زۆرێک لە خەلکی دیکە بە پێشوازیمانەوە هاتبوون.

ئیتر لەو کاتەوە چ لە ناوەو لە شاخەکان و دەرەوەی ولات وەک جاری جاران بووینەوە رەفیقە گیان بە گیانەکەی دەورانی مندالی و گەنجیەتی زۆر جار لە گێرانەوەی بەسەر هاتەکاندا هەمووما ن دەبووینەوە مندالەکەی دەورانی کۆماری کوردستان و
قوتابخانە.

باسی لەدەست چوون وبەسەر هاتەکانی من وکاک فەتاح رەنگە بە چەند دێرێک کۆتای نەیەت ، بەلام بە کورتیش بێ هێندێک لە تایبەتمندێکانی ئەو هەڤەلە لە دەست چووەم بۆ خوێنەران باس دەکەم؛

١- کاک فەتاح لە رەفاقەتی و تێکەلاوی دا ئینسانێکی راست و دروست وبێ غەڵ وغەش بوو قسەو عەمەلی یەک بووئەوەی بیری لێ نەکردباوە ناراستی و ناپاکی بوو.

٢- لەباری مالی و ئەخلاقیەوە لە ئینسانە هەرە سادقەکان بوو.

٣- بۆ خۆراگری و مەقاوەمەت لە بەرامبەر هەموو سەختی و پێش هاتێکدا لە رادەبەدەر خۆراگر و بەتوانا بوو.

٤- لە بارەی مالیەوە هاوشێوەی مامۆستا هێمنی رەحمەتی بوو ئەوەی هەی با ئی هەموان بوو، بۆ نموونە لە رۆژە سەختەکاندا بەرێز جەنابی مام جەلال کە زۆری خۆش دەویست چەند جاریارمەتی بەرچاوی بۆ نارد بەشی هەرە زۆری ئەو یارمەتیانەی لە نێو مندالە چاو زیت و بێ نازەکانی حیزبی دێمۆکرات دا دابەش دەکرد.

٥- لە مندالی را بۆ قسەی خۆش ونەزیلە گێرانەوە بلیمەت و کارامە بوو زۆر جاران بابەتی وا لە ناکاوی بۆ دەهات کە لە تواناو تاقەتی هیچ یەک لە ئیمدا نەبوو.

٦- بۆ مال و مندال و دەورو بەرەکەی ئینسانێکی عاتفی و بەوەفا ودڵسۆز بوو.

٧- بۆ رزگاری و سەر بەخۆی کوردستان ئەوەندە بە پەرۆش بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە گەورەترین کیشەی بۆخۆی دروست کرد کە حازر نەبوو لەگەل هاوسەرەکەو مندالەکانی بەرەو ئەوروپا و دەرەوە بڕوات لای وا بوونابێ کوردستان جی بهێلی وسەنگەری مەقاوەمەت چۆل بکات.

٨- لە نوسین و وەر گێراندا قەلەمێکی یەکجار بە هێز وبە پێزی هەبوو ئینگلیزی زانێکی بەتواناو بە ناوبانگ بوو.

٩- بە مەعنای وشە ئینسانێکی عالم و زاناو ئەهلی خویندن و مووتالا بوو.

دواووتەم بۆ لە دەست دانی ئەو ئەزیزەمان لە پێشدا پرسەو سەرەخۆشی لە خۆم ولە کاک حەسەنی رستگار دەکەم پاشان هاوسۆزی بۆ بنەمالەکەی بۆ حیزبی دێمۆکرات بە تایبەتی لە کیژە بە ئەمەگەکەی سەرگوول گیان دەکەم.

یادی هەمیشە زیندوو دەمێنیتەوە لە دلماندا لە گەل قسە خۆشەکانی

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## پەیامی هاوخەمی هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاک فەتاح کاویان.




کاک فەتاحی کاویان، مامۆستا و ڕووناکبیر و تێکۆشەر و کادری دێرینی حیزبی دێمۆکرات و دۆستێکی بەڕێزی ئێمەش، ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاک فەتاحم یەکەم جار لە تاران، کاتێک من خوێندکارێکی گەنج بووم و ئەو مامۆستایەکی ناسراو و وەرگێڕێکی زمانی ئینگلیسی بوو، چاو پێکەوت. پێم وایە ئاخرەکانی دەهەی چلی هەتاوی بوو. بەهەڵکەوت لە یەکێک لە خیابانەکانی تاران تووشی من و خاڵۆزایەکم بوو. ئەوان یەکتریان دەناسی و ماوەیەک لە پیادەڕەوی خیابان پێکەوە ڕاوەستان. من لە سڵاو و دەست لێدانەوەیەک زیاتر هیچم نەکرد. کاک فەتاحم نەدەناسی و هاوتەمەنیش نەبووین. کتێبێکی بەدەستەوە بوو، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ناوی اسیر فرشتەوش بوو، وا بزانم تازە وەریگێڕابووە سەر زمانی فارسی و چاپ کرابوو. کە لێک جیابووینەوە، خاڵۆزاکەم کاک فەتاحی پێ ناساندم، زۆر بە ڕێزەوە باسی کرد و چونکە دەیزانی منیش سەرم لە سیاسەت دەخۆرێ ئەوەشی لێ زیاد کرد کە ئەوە تێکوشەرێکی سیاسیشە و زیندانی سیاسی بووە. ئەوەندەی دیکە لەبەر چاوم گەورە بووەوە.ساڵانی دواتر کاک فەتاحم لە گەرمەی خەباتی سیاسی سەردەمی شۆڕشی ئێران و پاشانیش پێشمەرگایەتی، وەکوو کادری رەهبەری حیزبی دێمۆکرات و دواتر ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی ئەو حیزبە، چاو پێکەوتەوە. لەم قۆناغەدا بەتێر و تەسەلی لەگەڵ خۆی و گاڵتە و نوکتەکانیشی، کە کەسی نەدەپاراست و کۆمەڵە و دێمۆکراتی نەدەناسی، ئاشتا بووم. کاک فەتاح هەموو تەمەنی بۆ خزمەت بە کوردستان تەرخان کرد و جێی خۆیەتی زۆرترین ڕێزی لێ بگیرێ. با ڕێز لە تێکۆشەرە بەتەمەنەکانمان بگرین. ئەوان ڕچەیان بۆ ئێمە شکاندوە و ڕێکەیان بۆ ئێمە خۆش کردوە. پرسە و هاوخەمی خۆم پێشکەش بە هەموو بنەماڵەی بەڕێزی، بە دۆستانی، بە خەڵکی شاری مەهاباد و بە حیزبی دێمۆکرات دەکەم.

## پەیامی سەرەخۆشی کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان و تێکۆشەری دێرینی حدک، کاک هاشم کەریمی بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان



کۆچی دوایی ناوەختی زێندوو یاد کاک فەتاح کاویان

تێکۆشەر، نووسەر و وەرگێری بەتوانا زیانیکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکرات بە تایبەت و گەلی کوردستانی رۆژ هەلات بە گشتی. بەم بۆنەوە سەرخۆشی گەرمی خۆمان پێشکەشی بنەمالەی بەریزی و هاوریانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانێن

هاشم کەریمی

زینەب رەسول پەناه

رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## کاک فەتاح کەسایەتیەکی شۆڕشگێر و ماندوونەناس، خۆش قەلب، خۆش مەشرەف، و...




### مستەفا شەمامی

زۆر بەداخەوە کاک فەتاح کاوییان دلەگەۆرەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد. کاک فەتاح کەسایەتیەکی شۆڕشگێر و ماندوونەناس، خۆش قەلب، خۆش مەشرەف،و قسە خۆش، وە ئاشتیخواز و گەشبین بوو، کەسایەتێک بوو کە بە درێژایی عوومری ژیان و مێژوویی خەباتی، نەک هەر ئازاری بە کەس نەگەیاندووە بەلکوو هەر دەم بە قسەی خۆش و ئامۆژگاری دۆستانە و هاوکاری سەمیمانە، لە هەوڵی ئەوە دابوو باشترین و خۆشترین بیرەوەییەکان بۆ گشت لایەک بخوولقێنێ. چەند بیرەوەری خۆشم، دەگەل کاک فەتاح::

١- لەبیرمە لە شەری ٣ مانگەدا، کاتێک بۆ دیدار دەگەل شەید دوکتور قاسملوو و پەیوەستبوون بە حیزبی دێمۆکرات، سەردانی ئاشی پشتکاوێ م کرد، کاک فەتاح بە پیلمەوە بەرەو چادری شوێنی میوانان هات و لە رێگادا دەگەلم کەوتە قسەکردن. و کە زانی ماموەستای بیرکاریم زۆری پێخۆشبوو و فەرمووی وەک خۆم فەرهەنگی و دەبێ هەوڵبدەیین رۆلی ئەرێنی لە حیزب و خەباتی رزگاریخوازی کورد دا بگێرین. دوای ئەوەی کە ئیش و کارەکەم لای دوکتور تەواو بوو، فەرموویان مادام مالەوەتان بەرەو قەلادزێ هەلاتوون، پێویستە بچیتە قەلادزێ و مالەوە بەرەو سەردەشت رەوانە بکەیتەوە و بۆخۆت بە بێ راوەستان بگەرێوە دەفتەر لە ئاشی پشتکاوێ.

هەمووی دوو رۆژ نەبوو لە قەلادزێ بووم، ئێوارەیەک دەگەڵ چەند دۆستێک لە شەقامدا پیاسەمان دەکرد، لەنەکاو کەسێک بانگی کردم بینیم کاک فەتاح کاوییانە، فەرمووی مستەفا وەک بیستوومانە حکومەت بەتەمایە بدگرێت، برۆ خۆت بشارەوە و بەیانی بە بێ دەنگ خۆت بگەینە لای کاک غەنی بلوریان لە گووندی شێنێ. دیارە منش هەروام کرد بەیانی زوو دەگەل مترسی گیرانم لە سەیتەرەکان، خۆم گەیاندە خزمەت نەمر کاک غنی بلووریان،و دواتریش بۆ دەستپێکی چالاکی، رەوانەی خزمەت کاک حەسەن رەستگار بۆ رێکخراوەی شارستانی سەردەشت لە گووندی مزرایە کرام.

٢- لە کۆنگرەی ٤ و ٥، وەک نوێنەر بەشداربووم، کاتێک لە کۆنگرەی ٥ خۆم بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندید کرد، بریار وابوو کاندیدەکان مخالف و موافقێک لەسەریان قسە بکات، وەک مخالیف کاک حەمید گەۆهەری سەبارەت بە گیرانم لە شەری نێوان حیزب و کۆمەلەدا، قسەی لەسەر کردم، بەلام لێرەشدا دیسان کاک فەتاح کاوییان بەسەخاوەتەوە ئامادە بوو وەک موافیق قسەم لەسەر بکات، کە لەئەنجامدا کاک حەسەن رستگار سەبارەت بە کارنامە و راندومانی ئەرێنی کار و چالاکیەکانم لووتفی کرد و قسەی لەسەر کردم.

٣- لە سالی ١٩٨٢، دوای ٣ سال چالاکی سیاسی و بەرپرسایەتی رێکخراوەیی، بریارمدا بۆ درێژەدان بە خوێندن، خۆم بەرەو وەلاتی سۆسیالیستی یەگووسلاویی دەرباز بکەم، هێندێک لە بەرێزانی دەفتەری سیاسی مخالیفی رۆیشتنم بوون، یەک لەوان بەرێز کاک جەلیل گادانی بوو کە دەیفەرموو بەسەلاحی دەزانم بە جێگای رۆیشتن، دەگەل نەمر کاک ئەبووبەکر هیدایەتی لە بەشی تەشکیلاتی ناوەندی کار بکەی، دیارە سپاسی لووتفی کاک جەلیل دەکەم بەلام من بریاری خۆم دابوو، ئەوە بوو چوومە خزمەت کاک فەتاح و لووتفی کرد و پێکەوە چووینە خزمەت شەهید دوکتور قاسملوو، بەخۆشیەوە دوکتور قاسملوو لەسەر روونکردنەوەکانی کاک فەتاح موافەقەتی کرد و دوکتور فەرمووی مستەفا بۆ کام وەلات دەچی، عەرزم کرد بۆ یوگووسلاویی، دوکتور بە پێکەنینەوە فەرموویی دەزانی بۆ لە کۆنگەرەی ٥ دەنگت نەهێنایەوە، عەرزم کرد بەلێ لەبەر ئەوە بوو کە لە کاتی خۆناساندن دا، گووتم: ( لە بوواری فیکری معتقد بە تێئۆری عیلمی تەکامولی جامیعە و سوسیالیزمی عیلمیم)، فەرموویی کەوایە بۆ تەکمیلی باوەرمەندیت بە سۆسیالیزمی عیلمی بۆ یەگووسلاویی دەچی، عەرزم کرد بۆ درێژەدان بەخوێندن. دوای ئەم باس و خەواسە دوکتور فەرموویی تەوسیەت پێدەکەم و پێمباشە بچی بۆ ئیسپانیا، هەم خەلکی خوێنگەرم و باشی لێیە، هەمیش خەرجی هەرزانە، رەنگە بۆخۆشم سەردانتان بکەم بۆ ئەوەی بتوانین لەوێوە دەروازەیەک بەرەو ئەمریکای لاتین بکەینەوە. منیش تەوسیەی شەهید دوکتور قاسملووم لەسەر چاو دانا، و سپاسی سەخاوەت و لووتفی کاک

فەتاحم کرد، و بەرەو ئیسپانیا دەرباز بووم. دوای گەیشتن و نیشتەجێبوونم، بەخۆشیەوە توانیومە بە تێکۆشانی ماندوو نەناسانە، هاوتەریب دەگەل کاری حیزبی، فەرهەنگی، وە ئابووری، سەرئەنجام دوکتورا لە زانستە سیاسیەکان دا، دەستەبەربکەم. ،،،،،، دیارە بێگوومان ئیوەی بەرێزیش دەبێ زۆر بیرەوەری خۆشتان دەگەل نەمەر کاک فەتاح کاوییان و زۆر کەسایەتی خۆش قەلبی دیکە هەبێت، هێوادارم بە گێرانەوە و نووسینیان، هەموولایەکیان لێ سوودمەند بکەن.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتی شۆرشگێر و ماموەستای برەوپێپێدان بە کولتوری پێکەوە هەلکردن،و ئەندامی پێشوویی دفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکرات، نەمر کاک فەتاح کاوییان، سەرەخۆشی لە کەس و کاری بەرێزیان،و بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکرات و گشت دۆست و یارانی دەکەم،

هێوادارم ناو و یاد و یادمانی هەر زیندوو، وە رێگای خەباتی ماندوو نەناسانەی، هاورێ دەگەل کاراکتێری پر لەسەخاوەت و خۆش قەلبیەکەی، پر رێبوار بێت. روح و رەوانی شاد.

رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# کاک فەتاح چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە



**عەبدوڵڵا حیجاب**

کاک فەتاح کاویان، کەسایەتیی دڵمەزن و قسەخۆش کە ڕەنگ و ڕوویەکی مرۆڤانە و گەرمی بە سیاسەت دەبەخشی بە جێی هێشتین. ئەو گەنجینەیەکی ڕەنگینی زانیاری و ئاگایی بوو کە هەموو تواناییەکانی خستبوە خزمەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسیەکانی حیزبەکەی. بۆ کاک فەتاح، ناو، پلە و پایە یا بەرژەوەندیی تایبەتی بێ بایەخ بوون. هەر کات پێویست بوایە شانی دەدایە بەر بەرپرسایەتی بەرز و لە هەر جێگایەکیش هەستی کردبا کە دەتوانێ باشتر خزمەتی گەلەکەی بکا، قۆڵی لێ هەڵدەماڵی بە بێ ئەوەی چاوی لە کورسی بێ.

بۆ کاک فەتاح سیاسەت قاڵبێکی وشکی پێک هاتوو لە کۆمەڵە بڕیارێکی بێ ڕووح نەبوو. ئەو سیاسەتی بە پیوانە مرۆڤدۆستانەکانەوە بە پڕ بایەخ دەزانی؛ کۆمەڵە پیوانێک کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ وەک تاک دەگرن، بۆیە ڕێزێکی زۆری لە پێوەندیی مرۆڤانە دەگرت. کەم کەس نین کە دەتوانن شاهیدی بدەن چۆن کاک فەتاح پارووی زاری خۆی لە گەڵ ئەو پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگەکانە بەش دەکرد کە یارمەتیی مانگانەی حیزب بەشی خۆراکی ماڵ و منداڵەکانیانی نەدەکرد.

لە ماوەی ٧ ساڵ کاری ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات دا، هەمیشە شانازیی ئەوەم پێ بەخشرابوو کە لە خزمەت ماموستای ڕۆشنبیر، پڕکار و خۆنەویست کاک فەتاح کاویاندا بم. جاری وابوو من یا هاوڕێیەکی دیکە لە گەڵی هاوڕا نەبووین، یا لە بەرامبەر ڕوانگەی ئەو دا ڕادەوەستاین و سەربزێویمان دەکرد،


بەڵام قەت نەمبینی کە ئەو پیاوە دڵپاک و دڵسۆزە ڕای جیاواز بکا بە بنەما بۆ هەڵاوەردن یا دوورخستنەوە. بە پێچەوانەوە بەو توانایە بەرزەی کە لە ڕاگرتن و گەشەپێدانی پێوەندییە مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتیەکاندا بووی، زۆر پسپۆرانە ڕێچارەی بۆ جیاوازییەکانی دەدۆزییەوە و دووبارە گەرمی، بڕوا بە خۆبوون و متمانەی دەگەڕاندەوە کۆڕ و کۆبوونەوەکانمانەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاحەوە، سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێییان و هاوبیران بە تایبەت هاوڕێی هەرە نزیکی، برای بەڕێزم کاک حەسەن ڕەستگار و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

کاک فەتاح بە کار و ناو و بەرەمەکانیەوە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. چ شانازییەکی گەورەیە کە هەر کاتێک ناوی کاک فەتاح دێ، بزەی خۆشی و ئارامیشی لە گەڵە. یاد، ناو، ڕێباز و بیرەوەرییەکانی کاک فەتاح تا بمێنین لە دڵمان دا دەژی.

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، کاک فەتاحی کاویان



## خەلیلی غەزەڵی

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕاگەیەنەرەکانی حیزبی دێموکراتی کورستان، رۆژی چوارشەممە ١٨ی ژانویەی ٢٠١٧ ڕایانگەیاند کە، بەرێز کاک فەتاحی کاویان بەهۆی راوەستانی دڵ، لە شاری کۆیە کۆچی دواییکردوە. بێگومان کۆچی دوایی کاک فەتاح خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان و هەروەها خەسارێکی گەلێک قورسترە بۆ بواری رۆشنبیریی و ئەدەبیاتی کوردی.

من شانازیی چەند ساڵ هاوکاریی ڕاستەوخۆم لە گەڵ کاک فەتاح هەبووە(لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان و هەروەها رادیو دەنگی کوردستان) بۆیە لە نزیکەوە ئاشنا بە تایبەتمەندییە ئینسانی و کۆڵنەدەرانەکانی کاک فەتاح بووم. لەو ماوەدا زۆر دیاردەی باش لە کاک فەتاح فێر بووم کە گرینگترینی ساکاریی و دڵپاکی بەرێزیان بوو. بەشێوەیەک کە رق و ڤین لە دڵ و دەروونیدا هیچ بوونێکیان نەبوو و قەت نەیانتوانی دزە بکەنە ناو ئاکار و کرداریەوە. ئەو تایبەتمەندیانە بۆ من وانە و لێیان فێر بووم. تایبەتمەندییەکی دیکەی کاک فەتاح ئەوەبوو کە داب و نەریتی کۆنی کوردەواریی فڕێ دابوو و سەرەڕای ئەوەی جیاوازیی تەمەنمان هەبوو، هەمیشە وەک دوو دۆستی وەک یەک لەگەڵ من و دەور و بەری هەڵسوکەوتی دەکرد، بەشێوەیەک لە کاتی پێکەوە

بوون و قسە و باسدا، هەستمان بە جیاوازیی تەمەن نەدەکرد، ئەوەش خۆی هۆکارێک بوو کە ئەرکەکانمان بەباشی و بێ گرفت دەبردە پێش.

بەگشتی کاک فەتاح ئینسانێکی بەکەڵک و شۆڕشگێرێکی خۆنەویست و خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت و ڕەوان بوو. جیا لە زمانی کوردی کە دەتوانم بڵێم بۆخۆی فەرهەنگۆکێک بوو، شارەزایی تەواوی بەسەر دوو زبانی ئینگلیسی و بەتایبەت فارسیدا هەبوو کە بەباشی بۆ پێشخستنی ڕاگەیاندنی حیزبی بەکاری دێنان.

کاک فەتاح سەروماڵی لەگەڵ شۆڕش و حیزبەکەی کەوت و بێ هیچ چاوەڕوانییەک تا دوا هەناسە لە خزمەت نەتەوەکەیدا مایەوە.

کۆچی دوایی تێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین کاک فەتاح لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هاوسەنگەر و هاوڕێیانی سەرخۆشی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەم و کەسەریان دەزانم.

یادی کاک فەتاح بەرز و ڕێگای پڕ ڕێبوار

بەریوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست

خەلیلی غەزەڵی

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# کاک فەتاح بۆ من مامۆستایەکی بێ وێنە بوو،



## ئازاد بانەیی

بەداخێکــی یەکجــار زۆرەوە، پاشــنیوەڕۆی ئەمــڕۆ چوارشــەممە ١٨ی جــانیواری، دڵە گەورەکەی، گەورە پیــاوی کوردایەتی، شۆڕشگێڕی خۆشەویست و پیاوە ئازاکەی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاک فەتاح کاویـان لە لیدان کەوت. کاک فەتاح کاویان مرۆڤێکی تا سەر ئێسقان شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بوو. زیـاتر لە ٦٠ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە پێناو تێکۆشان بۆ ئازادی کورد و کوردستان سەرف کرد. وازی لە هەموو خۆشییەکانی ژیـانی هێنـا و ڕێگەی شاخ و شۆڕشی گرتە بەر، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئـاڵاکەی کۆمـار لە چوارچرای مەهابـاد هەڵـداتەوە، بەڵام مخابن مەرگ مەودای نەدا ئەو ئاواتەی بێتە دی.


کاک فەتاح بۆ من مامۆستایەکی بێ وێنە بـوو، لە ڕۆژانـی سەرەتـای دەسـتپێکی کـاری ڕاگەیانـدنم هاریکـارییەکی یەکجار زۆری کردم، چ لە بواری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی و چ لە بواری فەن و تکنیکی بێژەری دا. زۆر جار پاش بڵاو بوونەوەی دەنگم لە رادیۆ دەنگی کوردستان، دەنگەکەمی ڕێکۆرد ئەکرد و دەیگـووت وەرە گـوێ لەخـۆت گـرە و هاوکات کەم و کووڕییەکانی پێ دەگووتم. ماوەی چەندین ساڵ لە خزمەتی دا بووم، زۆر شتی لێ فێر بووم، لە زۆر بوار دا ڕێنوێنی کردم و هەوڵی دا بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنم. هەتا هەم خۆم بە قەرزداری خۆشەویستی و لێبووردەیی و دڵفراوانیت ئەزانم.

ماڵ ئاوا مامۆستای ئازیزم، ماڵ ئاوا مرۆڤە خۆشەویستەکە، ماڵ ئاوا ئەی پیاوە خاوەن قەڵەم و خاوەن هەست و خاوەن کەسایەتییە بەرزەکەی ڕۆژهەڵات و شاری سابڵاغ. دڵنیابە تا هەتایە ناو و یادت لە دڵ و هزرماندا زیندوو ئەمێنێتەوە.

یادت بەرز و بەڕێز بێت

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## کاک فەتتاح باوڕی قووڵی بە مافی نەتەوایەتی کورد هەبوو.



### پۆلا نانەوازادە

بابم و کاک فەتتاح پوورزای یەکتر بوون یانی دایکیان خوشک بووە، هەر بۆیە من زۆر لە منداڵێوە و لەوەتا چاوم بە جیهان پشکووتووە کاک فەتتاحم دیوە و ناسیوە و کاک فەتتاح خۆشی کەسێکی مەترەح و بەرچاو بووە هەم بە قسەی خۆش و زاری بە پێکەنین، هەم بە ئاکار و کردەوەی جوان، هەم بە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی باش و هەم زانست و ئاگایی زۆر. وەرزیشکار بوو، مامۆستایەکی بەتوانای زمانی ئینگلیسی بوو، سیاسی بوو، کورد بوو، لە زیندانی زەمانی شای لە ئێعدام رزگاری ببوو و هێندە خۆشەویست بوو لە نێو خەڵکی مەهاباد دا کە حکوومەتی شا لە ئاخریوئۆخری دەستەڵاتەکەی دا کردی بە شارەداری مەهاباد بۆ ئەوەی پوانێکی مەسبەتی دابێ بە خەڵکی شارەکە هەتا خۆی پێ لە ڕووخان بپارێزی. بەڵام کاک فەتتاح لەم پۆستەش دا زیاتر لە جاران دژی دەستەڵات و لە ڕیزی خەڵک دا درێژەی بە خەبات و چالاکی خۆی دا و ماڵەکەی ببوە بنکەی سیاسیکارەکانی ئەو سەردەمە. کاک فەتتاح بۆمن هەم بە کردەوە مامۆستا بوو چونکە دوو دەورە لە تاران و لە شاخ دەرسی ئینگلیسی پێ کوتبووم، هەم ماوەی چوار سال و نیو لە شاخ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هاوکار و بەرپرسم بووە، بە وتار و نووسینەکانم دا هاتۆتەوە و هەمیش خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی من بووە. لەم ساڵانەی دووایی دا کە تووشی نەخۆشی فەرامۆشی ببوو هەرکات زەنگم بۆ لێدابێ قەت نەیپرسیوە کێم، یەکسەر گوتوویەتی پۆلا گیان چۆنی؟ مرێم و

منداڵەکان چۆنن؟ کاکە عەزیز(مامم) چۆنە؟ و قەت منی لەبیر نەچۆوە و منیش قەتم ئەو لەبیر ناچێتەوە و بۆ هەتا هەتایە یاد و بیرەوەریی و قسەخۆشەکانی و وەفاداری و ئەمەگناسییەکانی کاک فەتتاح لە دڵم دا دەمێنێتەوە. یادی هەزار جار بەخێر بێ. کاک فەتتاح باوڕی قووڵی بە مافی نەتەوایەتی کورد هەبوو، سوێندی هەرەگەورەی بە پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان بوو. ئەگەرچی بڕیاری دابوو کە دوای تەمەنی ٦٠ ساڵی دەست لە سیاسەت هەڵگرێ بەڵام هەتا ئاخری خەت لەم قەتارەی سواری ببوو دانەبەزی. ئەوەی هەیبوو لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگە بەشی دەکرد. کاک فەتتاحی بەڕەحم و مرۆڤدۆست ماوەی ٣٦ ساڵ دوور لە خێزان و منداڵەکانی ژیا و بوو بە مامەخەمەی بنەماڵەیەکی گەورەتر و لەم بازارە پڕ لە کێشە و دووبەرەکی و کەس بەکەسەی مەیدانی سیاسی کوردەواری دا باوەڕ ناکەم تاقە یەک کەسیش هەبێ کە دڵی لە کاک فەتتاح ئێشابێ و بە مەرگی ئەو خوشحاڵ بێ. هەر بۆیە باجە ئامین و سەرگوڵ و کامڕان و خوشناو و ژیلوان و نیچیروان دەبێ ئەوەی بزانن کە خەڵکێکی زۆر هاوخەمیانن و خۆیان بە شەریکی خەمی ئەوان دەزانن. کەوابوو دەبێ شانازی بکەن بە مێرد و بابێکی وا کە نەک هەر بنەماڵەکەی بەڵکوو نەتەوەیەک شانازی پێوە دەکەن و بۆی بە پەرۆشن. کاک فەتتاح گیان خۆشمان دەوێی و شانازیت پێوە دەکەین. یادت بەخێر و ڕووحت شاد بێ.

بێرڵین

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## بە داخێکی گرانەوە کاک فەتتاحی کاویان، هاورێ، مامۆستا و براگەورەمان کۆچی کرد و بە جێی‌هێشتین.



### ئاشق ئیسماعیلی

سەعاتێک پێش ئێستا ئەو هەواڵە ناخۆشەم بیست. دیارە مەرگ شتێکی سروشتییە و بە وەختی خۆی میوانی هەموو کەس دەبێ. بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە ئەو هەواڵە بۆ من و ئەو هاورێیانەی کە ساڵانێکی زۆر لە گەڵ کاک فەتتاح هاوکار و هاوخەبات بووین، ژیانی سەختی ئاستەم و پڕ هەوراز و نشێوی چیا و پێشمەرگایەتیمان بە یەکەوە تەجرەبە کردوە، سەدان بیرەوەریی تاڵ و شیرنمان بە یەکەوە هەیە، کە لە سەر سەفحەی بیرمان تۆمار کراون و سەرەنجام ساڵانێکیشە لە یەکتر دوور کەوتووینەوە و جاروبار نەبێ دەرفەتی دیدارمان نەبووە، ژانێکی جیاواز و خەمێکی قورسە کە دڵ دەکوشێ و بیر دەشێوێنێ.

زۆرم هەوڵ دا ئەمشۆ وتارێکی تێروتەسەل سەبارەت بەو خەباتکارە هەرگیز نەسرەوتووە و ئەو هاورێ وەفادارە فیداکارەی مەیدانی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەمان بنووسم، بەڵام بیرم بڕ ناکا و بە ڕاستی وشە و ڕستەی وام بۆ نادۆزرێنەوە، کە لە لایەک شایانی گەورەیی و تەمەنێک تێکۆشانی بێوچانی ئەو بن و لە لایەکی دی ئاوێنەی تەواونوێنی خەفەتی دڵی خەفەتبارم بن. وەک پێشتر لە شێعرێک دا گوتوومە:

**وشە ڕەوەکن و نایەنە بازم**

**ڕستە ناتوانم دەربڕن ڕازم**

**کە وابوو جارێ هەر بۆ دەربڕینی خەمم، تەنیا ئەو چەند ڕستە کورتە دەنووسم.**

**ئەمن زیاتر لە هەشت ساڵ لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دا لە خزمەت کاک فەتتاح دا بووم و کارم لە گەڵ کردوە. لە هەمووی ئەو ماوەیە دا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەستم بە ڕێز و خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە کردوە و ئێستا کە هەودای خەیاڵم هەڵدەوێژنمەوە و بە دیمەنی بیرەوەرییە بێئەژمارەکانم دا دەچمەوە، لە هیچ شوێنێک دا نابینم دڵم لێیەشابێ. لە بەرامبەر دا، لاپەڕەکانی خەیاڵم پڕن لە دیمەنی سیمای هەمیشە خاوێن و ڕێکوپێکی، قسە خۆشەکان و نوکتەکانی کە بزەیان دەخستینە سەرلێو و خەمییان لە دڵ دەڕەواندین و وێنەی سەرقاڵبوونی بەردەوامی بە نووسین و ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانی، کە زۆر جاران شەو و ڕۆژی ئەویان بە خۆوە خەریک دەکرد و تەنیا ماوەیەکی چەند سەعاتیی کەمیان بۆ پشووداني خۆی دەهێشتەوە.**


**وەک زۆربەی هاوڕێیانی دیکەش نووسیویانە، کاک فەتتاح ساڵانێکی زۆر مامۆستای زمانی ئینگلیسی بوو، شارەزاییەکی یەکجار زۆری دە ئەدەبیاتی فارسی و کوردی دا هەبوو و بە هەر سێک زمانیش کتێب، وەرگێڕان و ئاسەواری دیکەی هەن. ئەو بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی فیدای خەبات و تێکۆشان بۆ میللەتەکەی کرد و نموونەی ڕێبەرێکی تێکۆشەر، دڵسۆز و فیداکار بوو. ڕێبەرێک کە خۆشەویستی هەمووان بوو.**

**بەم بۆنە ناخۆشەوە، سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێیان، لە خێزانی و لە کوڕ و کچەکان و خزمان و دۆستانی دەکەم و ئەو خەمە خەمی هەموومانە.**

**سڵاو لە گیانی پاکی. یادی کاک فەتتاح هەمیشە لە دڵمان دا دەمێنێ.**

**ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧**

## هەواڵێکی گەلێک ناخۆش!



**هاشم رۆستەمی**

**کاک فەتاحی کاویان گەورە پیاوی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان، ئەمرۆ پاش تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی بێ پسانە، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. کاک فەتاح جگە لەوەی کە ساڵانێکی زۆر ئەندامی دەفتەری سیاسی و یەکێک لە سیاسەت دارێژەرانی سەرەکی حیزبی دێموکرات بوو، رۆڵێکی زۆر سەرەکی و دیاری هەبوو لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی قەڵەم بە دەستانی مەکتەبی دێموکراتدا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کەم نین ئەوکەسانەی کە لە سەر دەستی ئەم پیاوە ماندوویی نەناسەدا فێری زمانی ئینگلیسی بوون.**

**ئەو لە پێناو رزگاری گەلەکەیدا دەستی لە خۆشیەکانی ژیان هەڵگرت و پۆست و پلەی ئیداری وەلا نا و بە سەخاوەتەوە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەی تەرخان کرد و سەرئەنجام هەر لە نێو سەنگەری خەبات و تێکۆشانیشدا، لە نێو قەڵای پتەوی دێموکراتدا ئیدامەدانی رێگەکەی بە هاوسەنگەرانی سپارد.**

**روحت شاد و یادت جاویدانە بێت، مامۆستای ماندویی نەناس**

**رێگەی خەباتت پر رێبوار بێت ئەی قوتابخانەی زانست و فێر بوون**

سەبووری بۆ کەس و کارت، ئەی ئەو کەسەی کە هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان کەس و کارت بوون. هەواڵی ماڵئاوایی یەکجاریت زۆر بە ژان بوو.

لە پێناو هەموو ئەو لوتف و گەورەییانەی کە نیسبەت بە شەخسی منیش بووتە، سەری رێز دادەنوێنم و بەڵێن دەدەم کە قوتابیەکەی بە وەفای رێبازەکەت بم.

بێ گومان! دەرسەکانی، وتە بە نرخەکانی، قسە خۆشەکانی، نووسینە بە پێز و پر نێوەرۆکەکانی، شێعر و پەخشانەکانی، بۆ هەمیشە یادی کاک فەتاح بە جاویدانەیی دهێڵنەوە

رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## نێزیک بە ٦٠ ساڵ خەباتی پڕ لە سەروەری و شانازی بەڕێز کاک فەتاح کاویان!



### کەریم ئەڵلاوەیسی

زۆر کەم تەمەن بووم ناوی کاک فەتاح کاویانم بیست و دووایی ڕۆخسا ری گەش و پڕ لە بەزەو خۆشەویستی ئەوەم دەدەیت.

بۆیە زۆر ناسراو بوو ماوەیەک شارداری مەهاباد بوو.

بۆیە زۆر ناسرابوو فوتبالیستێکی باشی مەهاباد بوو ، ئەو لە گەل کاک حەسەن ڕەستگار و ژۆماریەکی دیکە تیمی هەڵبژاردەی توپی پێی مەهاباد بوون.

بۆیە زۆر باشم دەناسێ ئەو لە دووکانی بابی من پەنیری دەکڕیی ، بابم پەنیری چاکی نەبایە دەیگووت بابەتی تۆم نییە.

بۆیە زۆر باش ناسرابوو شارەزایەکی زۆر لە زمان ئینگلیسی داهەبوو و زۆر ساڵ تاران دەسی گووتبووە.

------

## شەڕی سێ مانگە:

جارێ یەکەم کە شەڕ بە سەر کوردستان دا تەحمیل کرا بە شەڕی سێ مانگە ناودێر کرابوو، رێبەرێ حیزب لە نیزیک سنوور ئێران و عیراق گیرسابووە بۆ سازماندەهی وریکخستنی نوێ وبەرە بەرە گرتنەوەی شارەکان. ئێمەش ژۆماریەک لاو بووین لەگەل رێبەری بووین و زۆر کات لە دەوبەری رێبەری دەگیرساینەوە ئەگەر راست بم ئەو شۆینە ئاشی پووشکاوێ بوو.

ماویەکی زۆر ئەو سێ مانگە سەرماو سوول وزۆر کات برسی بووین بەرێز کاک فەتاح دەیگووت ناشکور مەبن ئێمە رۆژی سێ چیشتی جۆراجۆرمان هەیە . ١- پەنیر و نان و ترێ ٢- نان وپەنیر و ترێ ٣- ترێ و نان و پەنیر. بە کورتی جێگەی گوریبوون. زۆر کەس لە بەر قسە خۆشەکانی ناوبراو نەیدەزانێ چۆن رۆژ و کات تێ پەردەبێ. راستیەکەی ئێمە پێمان سەیر بوو کاک فەتاح کاویان شارداری پێشوو و دووکتور قاسملووی مەزن و زۆری ناسراوی دیکە چۆن بەو بێ ئیماکاناتیە و بەو سێ جۆر خۆاردنە! ئاوا قەناعت دەکەن!

------

سالەکانی دیکە کاک فەتاح ئەندام کومیتە ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزب بوو. دیان مەجلیسی دووکتور قاسملوو مام جەلال و زۆر میوانی دیکە بە قسە نەستەق و خۆشەکانی کاک فەتاح کاویان دەرازاوە.

سەدان یادگاری و نووسین و تەرجەمە یادگاری کاک فەتاحە
کتیبی دیکشنیری ئینگلیسی بە کوردی و فارسی یادگارێکی نموونەی ناوبراوە.

بۆ زۆربەی خەلکی مەهاباد موکریان و بە گشتی کوردستان کاک فەتاح کاویان ناوێکی ناسراوە و گەلێک خۆشەویستە.

لەو سالانەی دووایی دا جار بە جار پێشنیاری پێ کراوە بێتە ئوروپا چۆنکە دائیم چاودێری دووکتور لەسەر دەبێ،

ناوبرا زۆر جار وەڵامی داوەتەوە کە من لە گەڵ زۆر کەس لە شار هاتووینە دەرێ هەموو لە شاخ وپێشمەرگایەتی سەریان سپی کردوە و ژمارەیەک نەماون من نامەوێ ئەوانە بە جێ بهێلم.

داخی هەر مگران و هەرە ناخۆش کاک فەتاح کاویان سەری نایەوە و وەک هەزاران تێکوشەری دیکە ئازادی وسەربەستیێ کوردستان نەدی کە نیزیک ٦٠سال لە ڕێگای حیزبی دیموکراتی کوردستان زحمەتی بۆ کێشابوو.

مال ئاوا سیاستمەدار، نووسەر، وەگیری بە توانا. قسە خۆش ومەجلیس ئارا، پاک و سادق و ماندو نەناس

هەموو تەمەنت تۆ شانازیت بە حیزب و گەلەکەت دەکرد، ئێستا گەلە بەشخوراو وحیزبەکەت، حیزبی دیموکراتی کوردستان شانازیت پێ دەکەن و هەموو هاوسەنگەران ورۆژهەلاتی کوردستان بۆت بە پەژارە وخەمناکن.

ئەمرۆ ١٩ مانگی دیسامبری ٢٠١٧ رۆژی بە خاکسپاردنتە، هەزاران سلاو و بە میلوونان جار سپاس بۆ هەموو زحمەتەکانت.

مال ئاوا کاک فەتاح کاویان کە هەموو ژیانت بۆ ئازادی و سەربەستی کورد و کوردستان دانا مال ئاوا.

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## دڵە گەورەکەی برا ومامۆستام کاک فەتاح کاویان لە لێدان کەوت



### عەبو راد

ڕووناکبیر، وەرگێر، تێکۆشەر، ڕوح سووک و قسە خۆش، کەسایەتی دیاری ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات و بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەکەمان ماڵئاوایی لێکردین. تێکۆشەرێکی بە ئەمەگ کە گشت ژیانی خۆی لە پێناو ڕزگاری و ئازادی گەلەکەیدا بەخت کرد. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە کەس وکاری و هاوسەنگەرانی لە ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتێکڕای ئەویندارانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم . کاک فەتاح گیان هیوادارم ئاواتەکانت بێنە دی، یادی تۆ بۆ هەمیشە لە دڵماندا هەردەم زیندوودەمێنێ. ڕوحت شاد و یادت بەرز و پیرۆز بێ.

ڕێکەوتی: ۹ی جانێویری ۲۰۱۷

## کاک فەتاح ئینسانێکی خۆش مەشرەف، میواندار، بەڕێز، موتەوازع، باوەڕبەخۆ، بە پشتکار، بە دیسیپلین بوو.



### شاهۆ حەسەن پوور

دوای ساڵانێکی زۆر دابڕان جارێکی دیکە چوومەوە مەرەسە. لە گەڵ ئەوەشدا بە کەمتر لە یەک ساڵ خوێندن بە ئەندازەی هەموو ئەو ساڵانەی کە لە خوێندن و خوێندنگە دوا کەوتبووم فێری ئینگلیزی بووم. کە چووین بۆ سلێمانی بۆ درێژەدانی خوێندن یەکێک لەو دەرسانەی کە قەدی ڕاست رادەگرتم زمانی ئینگلیزی بوو.

ئێستا چاوم بە عەکسێکی زیندە یاد کاک هومایون ئەردەلان و کاک فەتاح کاویان کەوت و ئەو رۆژانەم وەبیر هاتەوە کە بە یەکەوە دەگەڵ کاک هومایون بەیانیان زوو لە کانیمێوەوە بەرەو گەورەدێ وەرێدەکەوتین، دەبوو لە سەر وەخت لەوێ بین. کە دەگەیشتینە سالۆنی پینگ پۆنگ مامۆستا فەتاح کاویان لە سالۆنەکە دەگەڵ مامۆستا جەعفەری مەنگووڕی و زۆر جاریش عەلی لالە مێزەکانیان ئامادە کردبوو بۆ بازی. دوو تازە لاو (عەلی و شاهۆ) دەگەڵ سێ یاریزانی بەتوانا فێری پینگ پۆنگ دەبوون، فێربوون دەبێ سەری وەخت لە شوێنی قەرار بن، دەیاندی چۆن گەورەکان رێزیان لە لاوەکان دەگرت.

پاش ساڵانێک دووری جارێکی دیکە کاک فەتاحم لە قەڵا دیەوە و بە هەڵکەوت لە سالۆنی پینگ پۆنگ. بازی دەکرد، سەرم سووڕما ئەو بازیە جوانەی هەر دەکرد. ئەو کات ئیدی هەم یاریزانێکی باشی پینگ پۆنگ بووم هەم

خوێندکار لە کۆلێجی زمانی ئینگلیزی. یەکترمان گرتەوە، زۆر جار دەچووم لە ساڵۆنی ماڵەکەی کە مێزێکی دانابوو پینگ پۆنگمان دەکرد.

کاک فەتاح ئینسانێکی خۆش مەشرەف، میواندار، بەڕێز، موتەوازع، باوەڕبەخۆ، بە پشتکار، بە دیسیپلین بوو. دانانی فەرهەنگی حەوتەوانە کە کاری ئەنیستیتۆیەکە بە تەنیا چەنەبەری هات و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کرد.


سپاس بۆ ڕەفاقەتت، سپاس بۆ زەحمەتەکانت، بۆ دڵسۆزیت!

سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک فەتاح دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

ماڵئاوا مامۆستا فەتاح، ماڵئاوا

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## هەزاران سلاو لە رەوانی پاکت ئەی مامۆستا زاناکەی دیموکرات.



### جەعفەر فەقی نەبی

هاوینی سالی ١٩٧٩ بوو، باوکی رەحمەتیم (وەستا مستەفا ناسراو بە مچەغەریب) لە وەستا دەگمەنەکانی سابلاغ بوو کە خەڵک هەموو نوبەیان بۆ دگرتەوە، ئیوارەیەک هەینی گووتی رۆڵە جبە ئەمرو کاک رەحمان بە داشقەی و ئەسپەکەی دی و قەرە چیوە کە بارکەن و بیبەن بو ماڵی کاک فەتاحی کاویان، من کاک فەتاحم قەت نەدیبوو، سواری داشقەی ئەسپی بەرەو و ماڵی کاک فەتاح وەری کەوتین، کە گەیشتینە بەردەرگایان، بە پێکەنینەوە سەیری کردین و گووتی کوری مچەغە ریبی؟

گوتم بەڵێ قوربان، گووتی ئەدی بوخوی کوانی؟
گووتم بو خوی گووتویە شتەکان بەرن و بۆخۆشمان شەممەی دیین،
گووتی رۆڵە، قەولی مچە غەریبی هەر وایە.

لە روژی دووهەم کە بابم و کارگەرەکەی چوبوون بو نانی نێوەرۆ، من زووتر چووەمەوە بۆ ماڵی کاک فەتاح و لە یەکێک لە دیوەکان کە سپی مان دەکردە و بە بزماریکی گەورە لە سەر دیوارەکە تەمرینی مرگ برامریکام دەکرد.

لە پررا وەژوور کەووت و گووتی ئەوە چ دەکەی؟

**گووتم کاک فەتاح تەمرینی مرگ بر امریکا دەکەم**

**پێکەنی و گووتی جا رۆڵە بۆ مرگ بر امریکا؟**

**گووتم کاک فەتاح لە هەموو دارو و دیواریک نووسراوە و هەموو حیزبەکانیش هەر ئەوەی دەڵێن**

**گووتی رۆڵە هەموو ئیحساساتە**

**ئەگەر ئەمریکا رۆژیک پیشتیوانی لە کورد بکا، ئەوە کورد رزگار دەبێ ئەگەر هەموو دنیاش دژایەتی بکەن.**

**من ئەو کاتانە زۆر لەو قسەیە حاڵی نەبووم بەڵام ئێستا کە کاریگەری ئەمریکا بە سەر باشوور و روژئاوای کوردستان دەبینم، دەزانم کە ئەو خوالیخوشبووە چەندە زانا و سیاسی و تێگەیشتوو بووە تەنانەت لەو کاتانە دا کە زۆر کەس نەیدەزانی سیاسەت چیە،**

**هەزاران سلاو لە رەوانی پاکت ئەی مامۆستا زاناکەی دیموکرات.**

**رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧**

## ئەم چەند دێڕەم لە فەیسبووکی کاک حەمەرەسوول کەریمی بۆ کاک فەتاح کاویان نووسی.



### خالید گەردی

کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان بوو بە هۆی خەم و پەژارە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە جارێک بە خزمەت کاک فەتاح کاویان گەیشتوون، کاک فەتاح مێژوویەک بوو لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانی گەلەکەی، ئەگەر بەوردی بروانیە مێژووی ئەو کەسایەتییە بۆت دەردەکەوێ کە لە هەموو قۆناخەکانی بەرپرسایەتییەکەی کە لەناو حیزبی دێموکراتدا ئەوەی بۆی گرینگ بوو خزمەت کردن بوو لە پۆستەکەی دا نەک خۆرانان و خۆ فەرز کردن بەسەر خەڵک و هاورێیانیدا، لەو دوایانەدا پێش ئەوەی سەفەری دەرەوەی وڵات بکەم چەند جارێک لە ماڵەکەی خۆی بە خزمەت کاک فەتاح گەیشتم، دیارە لەو ماوە کورتەدا بۆم دەرکەوت کە ئەو ئینسانە چەندە سادق و دڵپاکەو چەندە بەنەزم و تەرتیبەو بۆ هەموو کارەکانی بەرنامەریزی دەکا، زۆری پێ خۆش بوو بتوانێ دەردومەرگی هاوسەنگەران و ناسیاران و دۆستانی چارەسەربکا. ئەو ئینسانە بەردەوام خەریکی بەدواداچوونی زانست و زانیاری بوو، زۆر شتی بەکەڵکی لە زمانەکانی دیکە دەهێنایە سەر زمانی کوردی و لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوی دەکردەوە، ئەوەی کە کاک حەمەرەسووڵ کەریمی باسی کردوە زۆر راستە منیش بەشێک لەو شتانەم لێ دیوە کە بەرێزیان باسی لێوە دەکات، شتێکی خۆشی ئەو کاتی کە لە نێوان من و کاک فەتاح کاویان گرەوی لەسەر کرا بە شاهیدی بنەماڵەکەمان و خزمانی خۆمان کە تێکەڵاوییەکی زۆریان لەگەڵ کاک فەتاح

هەبوو، ئەوە بوو کە ئەگەر لەو سەفەرەم دا بۆ دەرەوی وڵات هەتاسەر لەسەر ئەو فکروو بۆچوونەم بمێنمەوەو دوای گەرانەوەم بۆ کوردستان و دیتنی کاک فەتاح قەولی دابوو کە ئەویش ئەو ڕێگایەی قبووڵ بکا، دیارە من لە ناو دڵی ئەو ئینسانەدا نەبووم کە بزانم ئەو قسەیەی بۆ شۆخی بوو یان بەراستی، بەڵام بەداخەوە لەو ماوەیەدا من ئەو شانازیەم بە نسیب نەبوو کە جارێکی دیکە بەخزمەتی بگەمەوەو ئەو مەوزووعەی لەگەڵدا بکەمەوە.کاتێک فەرهەنگی حەوتەوانەی دەنووسی من و بنەماڵەکەم چەند جارێک لە دەوری بووین کە چۆن و بە چ زەحمەتێک خەریکی ئامادەکردنی کتێبەکەی بوو بۆ چاپ کردن، دیارە ئەو کاتی سەرگووڵ کچی کاک فەتاح لە لای بوو، بەڵام کاک فەتاح هەمیشە خەمی بنەماڵەکەی هەبوو، دیارە هەرکات باسی بنەماڵەو کورو کچ کرابایە ئەو پێی وابوو کورو کچی پێشمەرگەو بنەماڵەکانی بە نزیکترین کەس لە خۆی دەزانی و خەمی نزیکانی خۆی پێ دەڕەواندن، هەڵبەت دەورو ڕۆڵی کاک قاسم سوڵتانی بۆ کاک فەتاح لە هەموو کەس زیاترو کاریگەرتر بوو، بەراستی ئەو قسەیەی کاک حەمەرەسووڵ زۆر راستە کە بەرلە هەموو کەس لە کاک قاسم سەرەخۆشی بکرێ دوایی لە بنەماڵەو هاوسەنگەرانی، یارەبی خوای گەورە لە کاک قاسم رازی بێ.کاک حەمەرەسوڵ گیان دەستەکانت خۆش بۆ ئەو نووسینە لەسەر کاک فەتاح، بەراستی کاک فەتاح بۆ ئەوەی دەبێ کە زۆر زیاتری لەسەر بگوترێ و بنووسرێ. یادی بەخێر منیش ئەو دیمەنی یاری پینگ پۆنگی کاک فەتاح م هەرلەیادە کە چەندە بە جیدی لەگەڵ کاک حەمەرەسوڵ و حوسێن سەردەشتی یاری دەکرد. یارەبی خوای گەورە لێی خۆشبێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێ، سەبروو سەبووری بۆ بنەماڵە بەرێزەکەی و کاک قاسم و خاتوو سەرگووڵ و کورەکانی و باجەئامین و هەموو هاوسەنگەرانی. منیش خۆم بەشەریکی خەمی هەموو لایەک دەزانم.

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## کاک فەتاح نموونەی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بەخشندە، دڵۆڤان، زانا، خۆڕاگر و تێکۆشەر بوو.



**رامبۆد لۆتفی پوور**

چەند رۆژ لەمەوبەر پۆستێکم دانا کە ساڵی ٢٠١٧ باشی دەست پێکرد، مەبەستیشم مردنی رەفسەنجانی بوو لە سەرەتای ئەم ساڵەدا. شاییم بە مردنی کەس نیە بەڵام بۆ هەر تاکێکی غەدر لێکراو( چ وەک تاکەکەس و چ وەک نەتەوە و کۆمەڵ) کە دەسەڵاتی ئەستاندنەوەی مافی خۆی لە هەلومەرجی هەنووکەییدا لە لایەن و کەسانی ستەمکار نیە ئاساییە کە بە مردنی دوژمنە چەوسێنەرەکەی خۆشحاڵ یا لانیکەم رازی بێت. بە هەرحاڵ پێم وابوو کە ئەمساڵ بە پێچەوانەی ساڵی رابردوو لە گەڵ ئێمەی کوردی بەشمەینەت بە بەزەییتر و لە حاست دوژمنانمان دڵرەقتر دەبێ. بەڵام مخابن وا دیارە چاوەڕوانییەکی هەڵەم لە چەرخی گەردوون هەبوو. دیسان ئەم چەرخە سپڵە پەیتا پەیتا هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێنمان بە گوێدا دەچرپێنێ و دوبارە دەستی جەوری لەئەوکی ئێمە ناوە . هێشتا داخی خەمی لە دەستدانی هاوڕێ خۆشەویستم ئازاد هونەرپەژوو لە سەر دڵم سارد نەبووبووە کە بە ناخی خەمێکی گەورەتردا رۆچووم.

هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای ئەدەب و سیاسەتوانی زانا و پیرە هەڵۆی گۆرەپانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی

کوردستان کاک فەتاحی کاویان دیسانەوە پەردەی تەم و خەمی بە سەر دڵ و دەروونمدا کێشا ، جارێکیتر بزەی لە لێوم تۆراند و فرمێسکی حەسرەتی لە چاواندا قەتیس کردم.


لە ناخۆشترین و سەختترین رۆژەکانی ژیانمدا لە سەرەتای هاتنم بۆ پێشمەرگایەتی، ئەوە کاک فەتاحی کاویان بوو کە وەک باوکێکی دڵسۆز بە خەمی ئازارەکانمەوە بوو و زۆر جار نەیدەهێشت بە تەنیا بم و دایم بە قسە خۆش و پڕنێوەرۆکەکانی دەبوو بە خەم ڕەوێن و بزەی پێکەنینی دەخستە سەر لێوم . بەردەوام وەک مامۆستایەکی بلیمەت وانەی نوێی بۆ فێربوون هەبوو و ئەزموون و بیرەوەرییەکانی ئەگەر دە جاریشی گێڕابانەوە قەت لە تازە بوون و سوودبەخشی نەدەکەوتن.

کاک فەتاح نموونەی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بەخشندە، دڵۆڤان، زانا، خۆڕاگر و تێکۆشەر بوو. بە بۆنەی لە دەستدانی ئەم مرۆڤە گەورەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو کەس وکار و خزم و هاوڕێیانی بە تایبەت هاوڕێی ئەمەگناسی کاک قاسم سوڵتانی دەکەم.

یادی ئازیزی بەرز و بەڕێز بێ

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# کۆچ دوای کاک فەتاح کاویان



## شۆڕش بهرۆزی

میر منداللیکی کۆمار، وەرزشکاریکی سەرکەوتوو، شارەداریکی خۆشەویست و لیو بەباریکی ئێستا!

لە دایکبوو ساڵی ١٣١٥، وانە و دەرسی کوردایەتیی لە کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی یەوە بە ئیرس پێ بوو! لە هەموو پلەکانی ژیانی دا، ناسراوو، خۆشەویستی خەڵکی شارەکەیەتیی! لە زەمانی شادا بوو بە شارەداری مەهاباد و لە سەرەتای شۆڕشی ١٩٧٩ بووە ئەندامی ئاشکرای حیزب، تا بەرزترین پلەی تەشکیلاتی تێکۆشانی هاتۆتە سەر! ماوەیەکیش جێگری سکرتێری گشتی بووە!

بەرە بەری دامەزرانی ساواکی شایی دا زیاتر لە سێ ٣، ساڵ زیندانی کراوە! تەمەنی گەنجی تێپەڕاندووە جا ژنی هێناوە!

ئەم بەڕێزە، مرۆڤێکی شاد، سەری حاڵ، مەستی شۆڕش، مەستی سیاسەت و کوردایەتیی، زمانزان، ئینگلیزی، مەشرەف خۆش، لێبڕاو، قسە نەستەق و دەمپاراو بووە.

کاک فەتاح هەر سیاسی نەبوو، بەڵکە ئەدیب و، میژوو زان و، نووسەرێکی باشێش بوو! ناوبراو خاوەنی؛ سەدان

ووتـار و وەرگێڕانە! نامە سیاسی یە نێونەتەوەیی یەکانی حیزبـی دێمـۆکرات یـان هەمووی یـان زۆربەی زۆریـان، لە لایەن کاک فەتـاح ەوە، وەردەگێڕدرانەوە سەر زمانی ئینگلیزیی و، بەڕێ دەکرانە وڵاتـان.

کیفیکی دەستیی، چەند پایپ، پیپ، دوو سێ کیسە تووتنی هاف ئەنهـاف، سـەرکلاویکی موکریـانیی، گیفـانیـک پـرر لە شەگۆلات بۆ منـالانیی ئۆردووگا، رەنگە هەموو بەشە دەستکەوتیی، خەبـاتیی ئەم شۆرشگێررە بێ هەتـا سەر.

رووحی شاد و رێگار گەیشتن بە ئامانجی پڕ ڕێبوار بێت

رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

##ماڵئاوا هاوسەنگەرم.

## ئەستێرە پرشەنگدارەکەی ئاسمانی کوردەواری.



### رەشید قازی

لە قەلا سەیدەی قەلای مێران کاتژمێری ٤ی بەیانی لە خەو هەلدەستا و خێرا دەست و دەموچاوی دەشوت. کەوا و پانتۆلە رەنگ قاوەیەکی دەبەر دەکرد و کلاوە مەرەزە دەستچنەکەی لەسەر دەنا. بە ئیشتیا مژێکی لە سیغارەکەی دەدا. رادیو ٥ مەوجە توشیباکەی هەڵدەکرد و سی ئین ئین و بیبیسی و دەنگی ئەمریکای بەزمانی ئینگلیسی کۆدەدایە. لە حەرەکەت و گنج و بزەی سەر لیوانی هەست بە خۆشی و ناخۆشی خەبەرەکان دەکرد.

قەلا سەیدە بە خۆیو بەدەیان سەرکردە و پێشمەرگەی ئازا و قارەمان ئارام و بێ دەنگ لە نیو رەوەزە شاخەکاندا خەریکی پشودان بوو. جار وبار دەنگ و هەستی پیی کێشکەکان لەبەردەرگا و بن دیوار لیوە سۆانەی بنکەکان دەبیسترا. زۆری نەدەخایاند گرم وهۆری فرۆکە شەرکەرەکانی هاوپەیمانان لە دەر و دۆلی ناوچەکە دەنگی دەدایەوە پاش ماویەک خەتیکی سپی ئاسمانی شین و بێگەردی سەر بەرزایەکانیان شەق دەکرد.

کاک فەتاح وەک هەمیشەلە ئاکامی نەمانی سەدام و بۆشای دەستەلاتی ناوەندی و هاتنی هیزەکانی ئیرانی و دەریژەدان بە ئاژاوەکانی زۆر نیگەران بوو و بەدەیان جار دەگەل قازی و قاسم و مەستەفا و کامرانی کوری کە لە ئینتشاراتی حیزبدا هاورێ و هاوکاری بوون دەمەقالەی دەکرد و دەیکوت "ئیوە دەبی درێژخایەن بیر بکەنەوە .

دەبێ بزانن کە حکومەتی ئێران حکومەتێکی دڕندە و هەڵپەرەستە و درەنگ یا زوو زەبری قورس و کاریگەرمان لێدەدات". بەڵێ زۆری نەخایاند سەدام و دەستەلاتەکەی تیکروخان و عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی ببوو مەیدان تاخت و تازی کۆماری ترۆریست پەروەری ئیسلامی ئێران و لە ئاکامدا بە دەیان کادر و پێشمەرگەی حیزب و هیزەکانی دیکە شەهید و ترۆر کران.

بەڵێ کاک فەتاح کاویان سەرکردەیەکی دووربین و باوەر بە خۆ و بە ئیرادە بوو و لە رەهەندەکانی فەرهەنگی، کوردایەتی و شۆرشگیری و حیزبایەتیدا هەنگاوی دەنا و دژی کۆنەپەرەستی و خورافە رادەوەستا و هەرکات و سات لە سەنگەری شاخدا بە نانە رەقە و کەشک و دۆی کوردەواریدا خۆی بە چەکی زانست بۆخزمەت بە گەل و نەتەوەکەی تەیار دەکرد. لە تەمەنی پیریشدا کۆلی نەدا و هەرکات و سات ویرای هاوریەتی هاوری و هاوسەنگەرانی لە قەلای بەرزی دیمۆکراتدا لە دۆستایەتی قەلەم و هونەر و زمانی کەم نەکردەوە. هەربۆیە لەو تەمەنی پیریشدا لەم سەنگەرشدا خزمەتێکی مەزنی بە ئەدەبیات فەرهەنگی کوردی کرد. بە زەحمەتێکی زۆر بەبێ وجاندان هەنبانە بۆرینەیەکی ٤٠ هەزار ووشەیی لە زمانی ئینگلیزیەوە کردە کوردی و لەم بارەشەوە خزمەتێکی بێ وێنەی بە دەولەمەندکردنی ئەدەبیاتی رەسەنی کوردی کرد.

بەلێ کاک فەتاح هەمو ژیانی بۆ کورد تەرخان کرد بۆ کورد ژیا و بۆ کوردیش تێهەلچۆوە و لە پێناو کوردیشدا مرد. ئێمرۆ بەداخەوە کاک فەتاح لە کاتێکدا بەرەو ئاهەنگی ٧١ سالەی دامەزرانی کۆماری کوردستان هەنگاومان دەنا بۆ هەمیشە لە کۆری یارانی مال ئاوای لێکردین. بێ گومان گەلی کورد بە گشتی و یاران و هاوریەکانی بۆ هەمیشە سەبارەت بە رێباز و ئامانجەکانی وەفادار و بەئەمەگ دەبن و هیچکات لەیادی ناکەن.

لیرەوە لە لایەن خۆم و بنەمالەوە بە نوێنەرایەتی شۆرایی بەرزی بنەمالەی قازی سەرەخۆشی خۆمان ئاراستە بنەمالەی کاک فەتاح و ئامینە خانمی هاوسەری و کاک د خۆشناو کامران و سەرگول و نەیچیروان هەمو کەس و کاری دەکەین. بەوهیوایەی تۆزی خەم و پەژارە گولی تەمەن و ئیرادەیان نەژاکێنێت.

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# خۆشم دەوێی و بۆ هەمیشە دەنگە ئارامەکەت و قسە و ڕێنماییە جوانەکانت لە یادم دەمێنێتەوە.



## هانا وریا

بۆتە خوو، ڕۆژانە کە فەیس بووک یان ئینستاگرامەکەم دەکەمەوە هەواڵی ناخۆش و لەدەستدانی ئازیزانمانمان دەبیستم. ئەوڕۆش هەروەک دوو ڕۆژ لەوە پێش کە هەواڵی مەرگی نابەوەختی مامۆستایەکی قۆناغی سەرەتاییم کاک ئازادی هونەرپەژووم بیست، چاوم بە وێنەی کاک فەتاحی هەمیشە ئازیزم کەوت.

نازانم لە کوێڕاو لە چی ڕا دەست پێ بکەم، ئەوەندەی دەزانم دڵتەنگی دەبم، تەواو دڵتەنگی دەبم.
بیرەوەرییەکانی منداڵیم ئەگەر نەڵێم هەمووی، ئەوا دەتوانم بڵێم لە بەشی زۆرییان دا کاک فەتاح کاویان و بنەماڵە میهرەبانەکەی تێیاندا شەریکن.

لە کاتێک دا، دایکم و باوکم خەریکی کاروباری حیزبی بوون و منیش هیچ سەرگەرمی و دڵخۆشییەکم نەبوو، کاک فەتاح ببووە تاکە دڵخۆشی من لە قەڵای دێموکرات. درووست کردنی کەیک لە دایکمەوە بۆ کاک فەتاح، بیانووی چاک بوو بۆ چوونە ماڵە خنجیلانەکەی کاک فەتاح.

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەستم نەدەگەیشتە زەنگی دەرگاکەی، دەیان بیانووی جۆراو جۆرم دەدۆزییەوە بۆوەی کە دایکم بڵێ دە بچۆ بۆ لای کاک فەتاح.

بۆ منداڵانی دێموکرات کە لە دیتن و میهرەبانییەکانی دایەگەورە و بابەگەورەیان بێبەشن، کاک فەتاح جێی هەمووانی پڕ کردبۆوە.

ئەورۆ جارێکی دیکە بەناو ئەو بیروەرییانەدا چوومەوە کە کاک فەتاح هۆکاری دڵخۆشییەکانی بوو. هەر لەوکاتانەی دەچوومە ژوورەکەی و ئەو خەریکی لیباس ئوتوو کردن بوو، هەر لەو کاتانەی مێزی کارەکەیم هەموو دەشێواند و پرسیارم لە هەموو شتەکانی دەکرد.

کاک فەتاح گیان، ئەو قاوانەی بۆت درووست دەکردم زۆر تاڵ بوون بەڵام لەگەڵ تۆ بوون و وەرەزی شکانم شیرینترین کاتەکانی منداڵیم بوو.

سەیرانی دووکان و شلووقییەکانی من و ئاشتی و میهرەبانی و ئارامییەکەی تۆ دیمەنێکە کە بۆ هەمیشە لەلام دەمێنێتەوە. دڵخۆشی ئێوارانمان بۆ دیتنت و دیارییە جوانەکانت یادەوەرییەکی دیکەی جوانتە.

چەند ڕۆژ دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیشم، هاتییە سەردانم، من ئەو کاتە بەتەواوی دڵنیا بووم کە تۆ بەڕاستی بابە گەورەی من بووی و هەر بە منداڵە بچووکەکەی جارانم دەبینی.

خۆشم دەویی و بۆ هەمیشە دەنگە ئارامەکەت و قسە و ڕێنماییە جوانەکانت لە یادم دەمێنێتەوە.

هەر لێرەشەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆم لە حیزبەکەم، لە هەموو دۆستان و هاوڕێیانی، بنەماڵەی ئازیزی کاک فەتاح و بەتایبەتیش ئامینە خانم، گوڵی گیانی کاک فەتاح دادە سەرگوڵ، ژیلوان و نێچیروانی ئازیز دەکەم و خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم.

ئارامییەکی ئەبەدیش بۆ کاک فەتاحی میهرەبان.

## گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا.



### نیگار بۆكانی

هیچ میللەتێک بە بێ زحمەت و تێکۆشان،بە بێ بەخت کردنی ڕۆڵە بە نرخەکانی بە ئازادی نەگەیشتوە.گەلی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشرەوەی خەباتی گەلی کوردە لە مێژە ئەوەی دەزنن کە ئازادی فیداکاری دەوێ،خۆ بەخت کردنی دەوێ.کاروانی شەهیدانمان درێژە.بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژ تر بێ.

ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی شەهیدانمان،لە بیرەوەری شەهیدانمان لە مێژە بڕیارمان داوە ناگرین.لە مێژە بڕیارمان داوە کە تەنیا و تەنیا کاریک کە دەتوانین بکەین و لە بەر چاو و لە بەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەون بەر نەدەین،وەک ئەوان تاسەر ئەو ڕێگایە بڕۆین،لە هیچ تەن و چەڵەمەیک نەترسین، لە هیچ سەختی یەک نەکشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێک ڕەوایە.خەبات بۆ ئازادیمیللەتێکە،خەبات بۆ دوا ڕۆژی منداڵەکان و نەسڵەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسڵە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نە بێ.هەر وەها ئەگەر نەسلی ڕابردوو وەیا نەسلەکانی ڕابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بە جێ هێنابا

ڕەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جاریکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیرو باوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕش و بە هیوایەکی زۆر،خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین.ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت.هەم گیانی شەهیدانمان شاد دەکا،هەم میللەتەکەمان ڕزگار دەکا بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا شەهیدمان نەبێ.

باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە.

روحت شاد مروڤە ماندو نە ناسە کە ي دیموکرات کاک فە تاح کاویان

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

## کورد کەسایەتیکی گەورەی لە کیس چوو.
## ئای کە چ هەواڵێکی خەمهینەر بوو.



### ناسر پیرانی

بەداخەوکەسەرەیەکی زۆرەوە هاورێ وبرای گەوەرم کاک فەتاحی کاویان تێکوشەری لە مێژینەی گەلەکەمان دڵە گەورەکەی لە لیدان کەوت و چرای تەمەنی لە ژێر خانوەیەکی تاریکدا کوژایەوە.

کاک فەتاح شورشگیریکی دڵسۆز وشێلگیر.سیاسەتمداریکی زانا و هەڵکەوتوو. نووسەرێکی بە توانا وسیمایکی خۆشەویست و کەسیکی قسە خۆش و میهربان بوو.

ڕێبەروکەسایەتیکی ڕاستگوو سادق ودیار لە ناو بزوتنەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. کەسیک کە تا دوا هەناسەکانی ژیانی وەفادار بە ڕیبازی پێشەوای نەمر و شەهێدان کوردستان بوو.

زۆر بەختەوەرم کە شانازی ئەوەم پی بەخشرا کە بۆ ماوەیەکی زۆر قوتابیی تۆ بووم.


پڕ بەدڵ خەمبارت کردین.

ڕوحت شاد بێت و یادو ناو،بیرەوەرییەکانت هەر لە دڵماندا بە زیندوویی دەمینیتەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاحەوە سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێیان و خۆشەویستانی بە گشتی وبە تایبەتی لە هاوڕێ نیزیکی کاک حەسەنی ڕەستگارو بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم.

ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٧

# ڕۆژی ڕەشی من کۆتایی نایە



ئارام قادری

چوار ڕۆژ لەمەوەر بەر، دەخەونم دا بوو بیرەوەری کۆنی دەروانی پێشمەرگایەتی و ڤیدیۆکانی ئەو سەردەمم چاو لێ دەکرد، یەک دەفعە بەسەر ڤیدیۆیەک داکەوتم، نوسرا بوو، گۆرانی کوردی بەڵام وێنەی بابم و کاک فەتاح کاویان دانرا بوو، کلیکم کرد دیتم بابم و کاک فەتاح بە لیباسی کوردی گۆرانی دووقۆڵی دەڵێن، کامیڕاکە گۆڕا چووە سەر شەهیدان قاسملوو و شاپوور فیروزی ئەوانیش بە شەدە و ئاغابانوو و بە پێکەنینەوە دەهاتن، دەتگووت بۆ زەماوەند بەشدار بوونە.

مۆبیلەکەم زەنگی لێدا، بچم بۆ کار لەو خەوە خۆشە ڕاپیەڕاندم، شەو کەهاتمەوە تەلەفوونم بۆ دایکم کرد و گوتی خێر دەبێ ئیشاڵڵا.

بەڵام ڕێک شەهیدان قاسملوو و شاپور فیروزی و نەبی قادری بە پێشوازی تازە شۆڕەسواری کوردایەتی کاک فەتاح دەهاتن و تا بەخێرهاتنی بکەن بۆ لای خۆیان

گەورە مامۆستام، مام، باب و دۆست و قسە خۆش، سەفەرت بۆ لای یارانت ئۆغر بێ

دوایی بیست ساڵ، لە دەست دانی بابم نوێ بوویەوە.

بەڕاستی وەرەزی قسە خۆشەکانت و موحیبەتەکانت دەکەم، تۆ فێرت کردم کە بە کەس نەڵێم نۆکەرتم، چوکەتم و پڕ دەمە دەستی دەستیان ماچ کەم!

تۆ فێرت کردم کە لە کن گەورە پیاوان و پیاو ماقوڵانی وەکوو جەنابت کە دانیشم ترسم بشکێ !

سەرەخۆشی لە خۆم و ئامینەخانم و کوڕەکانی و تەنیا کچەکەی سەرگوڵ خانمی خۆشەویست دەکەم، شەریکی خەمیانم

سەفەر ئۆغر گەورەم

رێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# کاک فەتاح کاویان، پیرەداری قاڵبووی خەبات و تێکۆشان،




## حەسەن حاتەمی

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە کەسایەتیی زانای کورد و خۆش قسە و ئینگلیسی زانی بەتوانا لە وەچەی دوویەمی حیزبی دێموکرات، پیرەداری قاڵبووی خەبات و تێکۆشان، بەورە و بە ئیمانی پتەو بە ئازادی و مافی نەتەوەکەمان، دوێنی چوارشەممۆ ١٨ ی ژانویەی ٢٠١٧ بەرانبەر بە ٢٩ ی بەفرانباری ١٣٩٥ ی هەتاوی،لە کۆیە و لە قەڵای دێموکڕات بە جەستە بەجێی هێشتین. پیرەداری قاڵبووی خەبات و تێکۆشان، بەورە و بە ئیمانی پتەو بە ئازادی و مافی نەتەوەکەمان، بیری هەمیشە سەوز و دروونی تەڕی و پڕ لە وزەی ئەرێنی و دەم بە پێکەنیین لە خەمی تێکۆشەری لاو ئازادی هونەرپەژوو دابوو، کە چاوە جوان و گەشەکانی لێک نا.

بەو بۆنە ناخۆشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی و هەموو دێموکراتەکان و خەباتکارانی ڕێێ ئازادی و مافی ئینسانی،
بنەماڵەی بەڕێزی کاویان، کاک قاسم سوڵتانی و سەرجەم خزم و دۆستانی دەکەم و لە ناخی دڵەوە، خەمین و ماتەمبارم.

ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٧

# مەرگ لە نێوان تراژیدی و رۆمانسییەت



## شەمزین ئەحمەدنەژاد

مردن لە هەموو حاڵەتێک دا تراژیدیە بەڵام مردنێک بێتە ژێر سێبەری هەیمەنەی مانای شەهادەت، مردنێک لە پێناو پاراستنی بەهایەکی ژیان تەوەر و ژیان پارێز بێ ئەوە ڕێی خۆی جیا دەکاتەوە لە تراژێدی و دەبێتە رۆمانسییەت و دڵداری و جیا لە هەموو حاڵەتە تراژێدیکانی مردن کە یان دەستوری خودایە و یان فوتوای خودا باوەڕان ئەوە دەبێت بە هەڵبژاردنێکی واتادار و خۆی لە قەوەی جەبر و زۆر دەرباز دەکات و بۆ ئینسان دەبێ بە رەساڵەت و ئەرک.

گیانبازی لە پێناو خاک و گەل و نەتەوەو هزری دێموکراتیک دا شانازێکەی گەورەیە و دەبێ دڵت سەد هێندەی ئەربابا و تەرەغە و پیرەمەگروونی کوردان بێت تا لە ڕێی هەڵبژاردنەوە خۆتی پێشکێش کەی.

کاویانی روح خەزایی و دڵ تەرەغە و باوەڕ قەندیل ئەو مەرگە واتادارەت لێ پیرۆزبێ. کڕنۆش بۆتۆ سەرکردەی قابیل و مەزن دەروون، بەزیندووییشت هەر ئەو باوەڕەم بە نیسبەتت هەبوو و بە مەرگت باوەڕەکەم گەورە و گەورەتر.

روحت شاد کاویانی کوردان و سڵاو لە روحی هاوچەشنی روحی خۆت مەزنی کاک قاسمی سوڵتانی و کەد و رەنج و شەونخونێکانی کە بێ بەرامبەر و بە باوەڕێکی کوردانە و دێموکراتانە دەرحەق بە بوونی جەنابت کردی.

سوڵتانی پێت سەربەرزین و ئەمەگناس

ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێویری ٢٠١٧

## روحت شاد کاک فتاح گیان

### خاڵە قازی

دڵی من ئەوشۆ مەکۆی خەون و خەیاڵێکی ترە
خەبەری تۆ نەبوو، زانیم کە هەواڵێکی ترە

ماڵی من تێک چوو هەتا کوو بگەمە ماڵی دڵت
کەچی دیتم دڵ و دیدەی تۆ لە ماڵێکی ترە

یوسفی میسری دڵم تازە لە چاڵ هاتبۆ دەر
دیم لەزیندانی زولەیخای تر و چاڵێکی ترە

ویشکە ساڵی بوو لە ناو مەملەکەتی عیشقی منا
بگری ئەی دیدە، بڵێ پێم تەڕە ساڵێکی ترە

فاڵی چاوی تۆ بە کەس ناکرێ تەفسیری ئیتر
ئەشکی چاوی منە،،تەعبیری لە فاڵێکی ترە

من بە شوێن خاڵی سنوورت هەموو مەرزێ دەبڕم
خاڵە دیتی کە سنوری تۆ لە خاڵێکی ترە

روحت شاد کاک فتاح گیان
روحت شاد

## خەمێکی دی



**لە خەمی کۆچی براگەورە و مامۆستام کاک فەتتاحی کاویان دا**

**ئاشق**

بە مەرگت، مەرگی تۆ ناخـــۆش و قورسە
خەمم چەند باری دڵ بووە؟ هەر مەپرسە
بەجێت هێشتین لە دۆخـــێک دا کە ڕێگا،
لە جاران زۆر پـــتر ڕژد و بە تـــــرسە
******
خەمی تۆش هاتە سەر ئەو دەرد و ژانەی
شەوی یەلدا دڵی هەمووانی پڕ کــــــرد
کە پڕشنگی بە تیشکی حـــەوتەوانان*
هەموو دەوری قەڵای خەڵتانی گڕ کرد
******
گوتم بگریم، لە نێو بارانی فرمێسک
بخووسێنم کراســـی ڕەش لە بەرما
بناڵێنم لە دەست ئەو دەرد و ڕەنجەی

فەلەک بە دوای یەکا، دەیدا بە سەرما

*******

وەبیرم هاتەوە، ڕۆژێکی فەرمـــــووت،

خەباتکار نامرن، شوێنــــــیان دەمێنن

بە یاد و بەرهەم و خوێن و خەباتیان


لە نێو هەرمــــــانەوە، مێژوو دەدوێنن

------

*"حەوتەوانان"، مەبەست حەوت شەهیدەکانی شەوی یەلدایە. قامووسە ئینگلیسییەکەی کاک فەتتاحیش، ناوی حەوتەوانەیە و دیارە کۆمەڵە ئەستێرەیەکیش هەن، بە کوردی"حەوتەوانان" یان "حەوت برالە"یان پێدەڵێن.

ئێوارەی ١٨ی ژانوییەی ٢٠١٧

# چلچرا



## بێبەش پیرۆتی

**بۆ مامۆستای نەمرم حکیم فەتاحی کاویان.**

چلچرا کەم سوێندت دەدەم بە ڕووناکی
مەکوژێوە
هێشتا ئاسمان لە سەر ژانە
دوو گیانە
بۆ بارانی هەست
ڕووی بەفرینی کیژی لاپەڕ
هەروا خولیای سێحری خاڵە
خاڵی خامەی سەرکێش و مەست.
هێشتا خاکمان
ڕۆژووی ڕووناکیی نەشکاوە
بەیان بەندی خێوی شەوە و
لە چوار دەوری

خەوتووانی نێو گوێی گاگەل مۆڵ دراوە.

مەکوژێوە

ڕاستە سەختە مانەوە و بوون لەم کەوشەنە

کە هەر دەڵێی

تەلەسمی داوی حەزیایە

هەڵدانی پێکی تاریکی و

خواردنەوەی ژاری لێک جوێ بوون

دوایی نایە.

گیانە سەختە

گەلێک سەختە دەردی وەرینی ئەستێرە

یان شکانی باڵی مەلی ئەو نیگایەی

لە نوور تێرە.

بەڵام کاکۆ

چلچراکەم

تیشک و ڕووناکیی بیری تۆ

زاڵە لە سەر بێ هیوایی

زاڵە لە سەر

شەوی ڕەش و

بیری ڕەش و

دەیجووری لێک تەوەلایی.

سوێندت دەدەم بە ڕووناکی

مەکوژێوە

دە هەڵبەوە

هێشتا خاکمان

ڕۆژووی ڕووناکیی نەشکاوە،

دە هەڵبەوە

ڕوانگەت

بیرت

نوور و هەستت وەک هەتاوە.

بێبەش پیرۆتی.

٤ی ڕێبەندان.

ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٧

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویانەوە.



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٩ - ١٠ - ١٣٩٥ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٨ - ١ - ٢٠١٧ زایینی، تێکۆشەری دێرین کاک فەتاح کاویان بەهۆی ڕاوەستانی دڵیەوە کۆچی دوایی کرد.

کاک فەتاح کاویان ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی لە شاری نیشتمانپەروەری مەهاباد، پایتەختی کۆماری کوردستان لەدایک بووە. تا وەرگرتنی دیپلۆم خوێندنی درێژەداوە و پاشان لە زانکۆی تاران لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی لیسانسی وەرگرتووە و بووەتە مامۆستای قوتابخانەکان، وێڕای ئەرکی مامۆستایەتی وەک کەسێکی شارەزا لە بواری زمانەوانی کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتی لە بواری وەرگێڕاندا بەڕێوە بردووە.

کاک فەتاح کاویان بەهۆی ئۆگری بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی لە چنگ زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری و گەیشتنی گەلەکەی بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی، لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی پێوەندی بە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کردووە، وەک ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک لە کوردستانی خۆرهەڵات ئەرکی حیزبایەتی بەڕێوە بردووە، و چەندجار بە هۆی ئەو چالاکییانەیەوە لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران خراوەتە ژێر چاوەدیری و ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوییش لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات گیراوە، و زیاتر لە ٢ ساڵ لەلایەن شکەنجەگەرانی ساواکەوە ئازار دراوە، لە ماوەی زیندانی بوونیدا بە پاراستنی نهێنییەکانی حیزب، بە ئامانجەکانی گەلەکەی وەفادار ماوەتەوە و لە شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێرانیشدا دژی ڕێژیمی دیکتاتوری پاشایەتی

شان بە شانی هاورێیانی خەباتی کردووە و دواتر وازی لە مامۆستایەتی هێناوە و ڕاستەوخۆ لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەرکی حیزبایەتی بەڕێوە بردووە، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. کاک فەتاح کاویان وێڕای تایبەتمەندییە سیاسییەکانی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، قسەخۆش و لەسەردڵان بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان لە بنەماڵەی بەڕێزیان و هاوڕێیانی سەرەخۆشی دەکا و لە پرسە و سەرەخۆشی و خەمی لە دەستدانی ئەم تێکۆشەرەدا خۆی بە شەریک و بەشدار دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی کاک فەتاح کاویان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٣٩٥ / ١٠ / ٣٠ی هەتاوی

٢٠١٧ / ٠١ / ١٩ی زایینی

کوردستان میدیا:

## بەشداری سازمانی خەبات ی کوردستان لە ڕێورەسمی سەرەخۆشی کاک فەتاح کاویان

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانباری کۆچی خۆری ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی خوالێی خۆشبێت کاک فەتاحی کاویان کەسایەتی ناسراو و تێکۆشەری ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو. بە مەبەستی هاوخەمی شاندێکی ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات بەسەرپەرشتی بەڕێز کاک ڕێبوار حسێنی ئەندامی کومیتەی ناوەندی لەو ریورەسمە دا بەشدارییان کرد و لە نزیکەوە هاودەردی خۆیان بۆ هاوڕێیان و کەس و کاری کاک فەتاح کاویان دەربڕی.

شایانی باسە خوالێی خۆش بێت کاک فەتاحی کاویان دوای پێشکەش کردنی ٦٠ ساڵ لە ٨٠ساڵ تەمەنی خۆی ، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، لە قەڵای حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە کۆچیدوایی کرد و ڕۆژی ٣٠ی بەفرانبار لە مەزارگەی تێکۆشەرانی دێموکرات بە خاک سپێردرا.

ماڵپەڕی: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

٢٠ی جانێویری ٢٠١٧

## پەیامی هاوخەمی



**بەڕێز کاک مستەفا مەولودی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب**

**هەواڵی کۆچی دوایی شۆڕشگێڕی دێرینی گەلی ڕۆژهەلات و تێکۆشەری ناوریزەکانی حیزبی دێموکرات کاک فەتاح کاویانمان پێ گەیشت و هەر بەم بۆنەیەوە گەلێک خەمبار بووین.**

**کۆچی دوایی کاک فەتاح کاویان خەسارێکی گەورە بۆ دێموکراتەکان و سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو.**

**بەناوی خۆم و هاوڕێیانم لە ناو ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هاوخەمی ئاراستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی کاک فەتاح کاویان دەکەم، هیواداریین بە درێژەدان بە ڕێبازەکەی و بەرز ڕاگرتنی یادی تێکۆشەرێکی خاوەن ٦٠ ساڵ رابردووی پڕ لە شانازی ئەرکی ئەخلاقی خۆمان بەجێ بگەیەنین.**
**بژی کورد، پایەدار بێ کوردستان**

**دڵسۆزتان سمکۆ یەزدانپەنا**

**سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٣٠ بەفرانبار ١٣٩٥**

## ٢- بەڕێوەچوونی کۆڕیاد:

-------------------------------------------

### بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ نەمر کاک فەتاح کاویان



**کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری و پەیامی ژیانی نەمر فەتاح کاویان بەڕێوەچوو.**

**پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی لە یەکێک لە سالۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حدک ، لە ڕێورەسمێکدا یادی تێکۆشەری فازڵ و ماندوویی‌نەناسی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێورەسمەدا کە بەبەشداری بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب ودۆستان وناسراوانی هاوڕێ کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان بەڕێوەچوو، ئاوڕێک لە ڕەهەندو لایەنە جۆراجۆرەکانی ئەو خەباتکارە شۆڕشگێرە درایەوە.**

**سەرەتا ڕێورەسمەکە بە بە کورتەیەک لە دەنگی گۆرانی کاک فەتاح کاویان دەستی‌پێکرد کە بیرەوەری هاوبەشی زۆرێک لە هاوڕێیانی ئەو نەمرە بوو.**

پاشان بە هەستان و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ یادن وناوی سەرجەم شەهیدان و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی گەلەکەمان، پێشکەشکار، هاوڕێ عەلی بداغی کۆڕیادەکەی کردەوە.

لە بڕگەی یەکەمدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک، پێشکەش کرا.

لە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرنجدانێک بە تایبەتمەندییەکانی تێکۆشەر فەتاح کاویان و بە ئاماژەدان بە بەسەرهاتی ژیان و خەباتی ناوبراو, باس لە ئەرک وەئەستۆ گرتن و تێکۆشانی ئەو بەڕێزە کرا.

هاوڕێ کەماڵ کەریمی بە باس کردن لە چەند بیرەوەری لە ژیانی کاک فەتاح کاویان لە بواری زمانوانی و وەرگێران و بوارەکانی دیکە چەند خاڵی گرینگی لە ژیانی ئەدەبی و سیاسی ناوبراو خستەڕوو.

لەدرێژەی پەیامی دەفتەری سیاسی هاتبوو کە فەتاح کاویان چ وەکوو پێشمەرگەیەک لە شاخ کە یارو خەمخۆری هاوڕێیانی بوو چ ئەوکات کە بۆ ماوەیەک شارەداری شاری مەهاباد بوو، ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان لەبیرە شاهیدی دەدەن کە لەو بوارەشدا چەندە سەرکەوتووبووە.

کەماڵ کەریمی لە کۆتایی پەیامی دەفتەری سیاسیدا باسی لە تایبەتمەندیە مەزن و بێوێنەکانی بەڕێز کاویان کرد، کە بە هۆی مێهرەبانی ولێزانین و ڕەوشتبەرزییەوە، نەتەنیا خۆشەویستی سەرجەم دیموکراتەکان بوو، بەڵکوو لە لای زۆر کەس ولایەنی دیکەش جێگای ڕێزوحورمەت بوو.

لە بڕگەیەکی دیکەدا کورتە فیلمێک تایبەت بە ژیان و بەسەرهاتی کاک فەتاح کاویان کە بەرهەمی تلویزیۆنی کوردکاناڵ بوو پیشاندراو بۆ بەهۆی گشتاندنی یادی ئەو بەڕێزە لە نێو ئامادەبووان‌دا.

دواتر مستەفا مەعرووفی مامۆستای زانکۆ وتارێکی لە سەر فەرهەنگی حەوتەوانە یەکێک لە بەرهەمە بەنرخەکانی کاک فەتاح کاویان پێشکەش کرد.

ناوبراو بە کورتی و بە وردی چەند تایبەتمەندی ئەو فەرهەنگە زانستییەی بۆ ئامادەبووان باس کرد کە لە نەوعی خۆیدا فەرهەنگێکی سێ زمانەو تایبەتە.

پاشان یاری دێرینی کاک فەتاح کاویان و تێکۆشەری لە مێژینەی دیموکرات مەلا رەسووڵ پێشنەماز چەند وتەو بیرەوەری لە هەفتاد ساڵ پێکەوەبوونی لە گەڵ فەتاح کاویانی خستەبەرباس و، چەندین بیرەوەری لە قوناخە جیاجیاکانی ژیان وخەباتی خۆی و نەمر فەتاح کاویانی بۆ ئامادەبووان باس کرد.

لە بڕگەیەکی دیکە لەو کۆڕیادەدا ، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک باسێکی لە ژێرناوی رەهەندی نووسین و وەرگێڕانی فەتاح کاویان پێشکەش کرد.

کە بابەتێک بوو تایبەت بە لایەنی ئەدەبی و لێهاتوویی نەمر فەتاح کاویان لە بواری وێژەو ئەدەبیاتدا.

لە کۆتایی‌دا سەرگوڵ کاویان یادگارو کچی نەمر فەتاح کاویان چەند وتەیەکی لە لایەن خۆی و بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی کاویان پێشکەش بە مێوانان و بەشداربووانی ئەو کۆڕە کرد.

شایانی باسە هاوڕێ تێکۆشەرو دێموکراتی بەوەفا، کاک فەتاح کاویان دوای تەمەنێک پڕخزمەت و تێکۆشان لە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی لە قەڵای دیموکرات ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کوردستان و کورد

ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٧

## بەڕێوەچوونی کۆڕێکی ڕێزگرتن بۆ تێکۆشەری کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان لە شاری ئادلایدی ئوستڕالیا



ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٧ی ژانویە کۆڕێکی ڕێزلێنان لە تێکۆشانی، نەمر کاک فەتاح کاویان لەسەر ئەرکی کۆمیتەی حیزب لەم شارە و بە بەشداریی بەشێک لە کوردانی دانیشتووی شاری ئادلاید بەڕێوە چوو. کۆڕگێر شەهلا خانمی پەیرەوان سەرەتا بانگی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیاند. دواتر بە شیعری خەمێکی تر لە شێعرە بەرزەکانی مامۆستا عاشق کۆڕەکەی کردەوە.

دواتر ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی مەرگی تێکۆشەر کاویان لە ڕێگای دەنگ و وێنەوە پێشکەش کرا.

پاشان محەممەد پشدەری وتەی کەرتی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی پێشکەش کرد. دوای ئەوە نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕانەوە هاوخەمیی خۆی و حیزبەکەی دەربڕی. لە بڕگەیەکی دیکە لە کۆڕیادەکەدا تێکۆشەری دێمۆکڕات ئەحمەد نەقشی لە سەر کەسایەتیی کاک فەتاح قسەی کرد و فەریدە خانمی نەقشی دیکلەمەی شیعرێکی مامۆستا هێمنی پێشکەشی یادی نەمر کاک فەتاح کرد.

لە درێژەی ئەو کۆڕیادەدا هاوڕێ هەیاس کاردۆ بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئوستڕالیا بە وردی باسی ژیان و

خەبــاتی تێکۆشــەر کاویــانی کــرد و لایەنە جۆراوجۆرەکــانی توانــا و لێهاتوویەکــانی ئەو مــرۆڤە شۆڕشــگێڕ و خۆشەویستیەی شی کردەوە.

لەکۆتــایی کــۆڕەکەدا فیلمــی ڕێوڕەســمی بەخــاک ســپاردنی تــەرمی نەمــر کاویــان بــڵاو کــرایەوە. ئێــوارە کــۆڕەکە دوای سەعات و نیوێک لەنێو خەم و پەژارەی بەشداراندا کۆتایی هات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا

٢٧ی ژانویە ٢٠١٧

## لە وڵاتی نۆرویژ کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کاک فەتاح کاویان بەڕێوە چوو




**ناوەندی هەواڵ - نۆرویژ:** ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی جانیواری ٢٠١٧ی زایینی، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ، لە کۆمۆنی شیسمۆ، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی، بۆ ڕێزگرتن لە دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی سەرکردەی تێکۆشەر و خۆشەویستی ناو ڕیزەکانی حیزبەکەمان، کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان ڕێکخست. ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ بە یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و کۆچکردوو کاک فەتاح دەستی پێکرد. بە دوای ئەو دا بەڕێوەبەری بەرنامە کاک ئەسعەد خزری وێڕای بە خێرهێنانی ئامادە بووان و بنەماڵەی کاک فەتاح کە لەوێ ئامادە بوون، ڕیزی بەرنامەکەی پێشکەش کرد. ئینجا هاوڕێ سەعید بیگزادە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کۆمێسۆنی تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوە وڵات، وتارێکی تێروتەسەلی لە سەر ژیان و خەبات و تێکۆشان و هاوکات جێگە و پێگەی بەرزی کاک فەتاح، چ لە ناو ڕیزەکانی حیزب و چ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا پێشکەش کرد.

کاک سەعید باسی خەبات و تێکۆشانی کاک فەتاحی کاویانی لە بوارەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ومامۆستایەتی ولێهاتوویی و لێزانی ناوبراوی لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی دا چ ئەوانەی تێیدا بەرپرس بووە و چ ئەوانەی هاوکار و یارمەتیدەریان بووە کرد. بەڕێزیان ئاماژە بەوە کرد کە کاک فەتاح لە

سەختترین قۆناخی خەبات دا بۆ ماوەی چەند مانگ وەک سکرتێری حیزب، بەڕێوەبەری حیزبی کەوتە ئەستۆ و لە کارەکانیشی دا سەرکەوتوو بوو. بەڕێز بیگزادە باسی لە شارەزایی کاک فەتاح لە پەیوەندی و کاری دیپلۆماسی دا کرد و گوتی: کاویان دیپلۆماتکارێکی لێزان و شارەزا بوو کە لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا ڕۆڵ و کاریکەری خۆی لە سەر لایەنی بەرامبەر دادەنا و حیزبی بە جوانترین شێوە بە دونیای دەرەوە دەناساند. سەبارەت بە ژیانی شەخسی کاک فەتاح، هاورێ سەعید بیگزادە گوتی: کاک فەتاح دەستی لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی شەخسی هەڵگرت و بۆ رزگاری نەتەوەکەی رێگای خەباتی گرتە بەر و هەتا دوا هەناسەی بە ئەمەگەوە کاری کرد و هەرلە نێو کۆڕی خەبات دا ماڵاوایی لێکردین. ئەو فێری کردین کە کۆڵ نەدەین و مەیدان چۆل نەکەین هەتا بە ئاواتی لە مێژینەی خۆمان دەگەین.

دوابەدوای وتەکانی بەڕێز سەعید بیگزادە پەیامی کۆمیتەی نۆروێژ لە لایەن رزگار حەبیب زادە پێشکەش کرا، کە لەو پەیامەش دا چەندین لایەن گرینگ لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی هاورێ فەتاح کاویان هاتبووە بەر باس. پاشان پەیامی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن ئیبراهیم کۆنەپۆشی پێشکەش کرا، هەروەها پارتی سەربەخۆیی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پەیامی هاودەردی خۆیان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکە ئەو ڕێوڕەسمە دا هاورێیان کوێستان گادانی چەند وتەیەکی سەبارەت بە کاک فەتاح هێنایە زمان و بە دوای ئەو دا کورتە فیلمێک لە سەر ژیان و بەرسەهاتی کاک فەتاح، کە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی کومیتەی نۆروێژەوە ئامادە کرابوو پیشانی بەشداران درا. مام ئەنوەر سوڵتان پەنا، چەند وتەیەک و پارچە هۆنراوەیەکی لە وەسفی تێکۆشەر فەتاح کاویان دا پێشکەش کرد و دوابە دوای ئەو، کاک عەوڵا حیجاب چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاشان هاورێ هاشم رۆستەمی وتارێکی تیروتەسەل و پارچە هۆنراوەی دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، ئەگەر نەمرین دەستێنین تۆڵەی،ی بۆ وەسف لە پلەی بەرزی کاک فەتاح، وەک تێکۆشەرێکی گیان بەخت کردوو لە پێناو ئازادی گەلەکەی دا بە هەست و سۆزێکی زۆرەوە خوێندەوە. یەکێک لە خزمانی کاک فەتاح بە ناوی کاک محەممەد مەلازادەگان، چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادە بووان کرد. بە دوای ئەو دا جەعفەر حامیدی باسێکی سەبارەت بە کاک فەتاح کاویان هێنایە زمان.

لە بەشی کۆتایی کۆڕیادەکە دا، خاتوو سەرگوڵ کاویان، کچی هاورێی کۆچکردوومان کاک فەتاح کاویان پەیامی بنەماڵەیکاویان خوێندەوە. ناوبراو سپاسی هەموو لایەکی کرد کە قورسایی ئەو خەمە گەورەیان لەگەڵ بەش

کردوون و کۆڕیادێکی شیاویان بۆ باوکی نەمری پێک هێناوە و گوتی: بـابم هەمیشە حیـزب و پێشمەرگایەتی لە لا گەورە و موقەدەس بوو هەر بۆیە بە درێژایی تەمەنـی حیزبـی بە جێ نەهێشت و رووی لە بنەماڵە نەکرد. کوتی زۆرجارمان پێدەگوت بابە گیان وەرە لامان و تۆزێک بحەسێوە و لە وڵامدا دەیگوت ئەمن چۆن ئەو پێشمەرگانە و ئەو بنەمـاڵانە وکەس و کـاری شـەهیدان بە جـێ بێـێڵم کە لە سـەر داوای مـن و نوسـراوەی مـن و خۆشەویسـتی حیزبەکەی من بـوونە پێشمەرگە و شەهید بـوون.لە کۆتـایی دا گـوتی بـابە گیـان هەمـوو قەرزداری تـۆین و سەری کڕنۆش بۆ گەورەیی و خەبات و تێکۆشانی رابردووت دادەنوێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا

٢٩ی جانیواری ٢٠١٧ی

## لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆڕویژ، کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە هاوڕێی کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان بەڕێوە چوو



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٧ی زایینی، کۆمیتە ناوچەی ناوەڕاستی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوون و هاوکاریی خاتوو "سەرگوڵ کاویان" تاقانە کچی نەمر کاک فەتاح کاویان و بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند هێز و لایەنێکی کوردستانی و کوردانی دانیشتووی شاری ترۆندهایم، کۆڕیادیکی ڕێزگرتن و هاودەردی دەربڕینی بۆ نووسەر و وەرگێڕ و زمانزانی بەتوانا و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەمر کاک فەتاح کاویان پێکهێنا.

سەرەتا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە، لە لایان هاوڕێ جەماڵ ئیبراهیمی بەرپرسی کومیتە ناوچەی ناوەڕاستی نۆڕویژی حدک خوێندرایەوە. بەدوای خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسیدا، کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێی کۆچکردوو کاک فەتاح کاویان لە زمان خۆیەوە، بە داتاشۆ پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

شیعرێکی مامۆستا ئاشق بە دەنگی خۆی کە بەم بۆنەوە ئامادە کرابوو، بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکە بوو.

بەدوای ئەودا، لە لایان هاوڕێ "هۆزان ئاگوشی" شیعرێکی شاعیری نیشتمانپەروەری گەلەکەمان کاک رەسووڵ سوڵتانی خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی سەرەخۆشی و هاوەدەردی کومیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایان کاک "عەلی شەهید ئەحمەد"وە هاتە پێشکەشکردن.

بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا، تریبوونی ئازاد بوو کە لەو بەشەدا هەریەک لە بەڕێزان، بێکەس بەرواری، عێرفان رەهنموون و هەمزە ئاگوشی، لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتییە ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەمر کاک فەتاح کاویان قسەیان کرد و کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەو مامۆستا و ڕێبەرە هەڵکەوتەیان بۆ ئامادەبووان خستەڕوو.
لە دوابەشی ئەو کۆڕیادەدا، خاتوو سەرگوڵ کاویان تاڤانە کچی نەمر کاک فەتاح کاویان، لە وتەیەکدا، سوپاسی بەشداری و هاوەدەردی ئامادەبووانی کرد و هاوکات لە لایەن بنەماڵەکەیەوە سەرەخۆشی خۆی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم دۆست و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی باوکی کۆچکردووی راگەیاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا

٢٠ی ژانویەی ٢٠١٧ی

## کۆڕی پرسە ویادەوەری کاک فەتاحی کاویان و ئازاد هونەر پەژوو لە ڕۆژهەڵاتی کانادا بەڕێوە چوو



**ناوەندی هەواڵ - کانادا:** کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ - ١ - ٢٠١٧ و لە هەردووک شاری تۆرۆنتۆ و لەندەن - ئۆنتاریۆ بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی ئەو مەڵبەندە کۆڕی پرسە و یادەوەری کاک فەتاحی کاویان ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزب و ئازادی هۆنەرپەژوو لاوی کوردپەروەر و تێکۆشەری دێمۆکڕات بەڕێوە چوو.لە تۆرۆنتۆ سەرەتای بەرنامە بە سرودی ئەی ڕەقیب ودوایەش دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان برایم جەهەناگیری بە نوێنەرایەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر کەسایەتی کاک فەتاحی کاویان قسەی کرد و لەسەرەتا دا وێڕای یادکردنەوەی هەروو خەباتکاری ڕێگای ئازادی و دێمۆکڕات کاک فەتاحی کاویان و کاک ئازادی هونەرپەژوو گوتی: بە من سپێردراو ە کە لەسەر کەسایەتی کاک فەتحی کاویان ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزب قسە بکەم. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە چەند بڕگەیەکی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدک لە پێوەندی دەگەڵ مەرگی کاک فەتاحی کاویان لەچەند بەشێکی جیاواز دا باسی کەسایەتی کاک فەتاحی کاویانی کرد. پاشان دوکتور خالید ئاشتاب وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوڕێ و دۆستانی کاک فەتاح کاویان و کاک ئازاد هونەرپەژوو، لەسەر کەسایەتی کاک ئازاد قسەی کرد، ناوبراو لە باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد کە کاتێ لە باشوور بووە کاک ئازادی ناسیوە و پێوەندی دۆستانەی زۆر باشی دەگەڵ کاک ئازاد هەبووە، دوکتور ڕۆژان باسی کار و تێکۆشان و چالاکیەکانی ئازادی هونەر پەژووی کرد لە کاتێک دا کە لەتەوریز قوتابی زانکۆ بووە. ڕۆژان ئاشتاب هەر وەتر ئازادی بە کوردێکی

نیشتمانپەروەر و دێمۆکڕات پێناسە کرد. دوا بەشی کۆڕی ڕێزلێنان و یادەوەری بۆ کورتەیەک لەو قسەکانی کاک سیامەند حەمزە ئازەر تەرخان کرا. ناوبراو کە لە کاتی ڕووداوی کارەساتەکە بۆ کاک ئازاد لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کاک ئازاد بووە و پێشتریش دۆستایەتی نزیکی دەگەڵ ناوبراو هەبووە، کاک ئازادی بە کوردێکی دڵپاک و خەباتکارێکی ڕیاگی ئازادی کوردستان پێناسە کرد.

لەندەن - ئۆنتاریۆ: لە شاری لەندەنیش بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی لەندەن و دەوروبەر کۆڕی پرسە و یادەوەری کاک فەتاحی کاویان بەڕێوە چوو، لەو کۆڕەدا کاک عەبدوڵا سەیدە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی لەسەر ژیان و خەباتی کاک فەتاح کاویان بۆ بەشداران خوێندەوە. کۆڕی یادەوەری و ڕێز لێنان لە کاک فەتاحی کاویان تا سەعات ٨ی شەو بەردەوام بوو و خەڵکی ئەمەگناسی کورد لە شارەکانی دەروبەرڕا بەشداری ئەو یادەوەرییە و کۆڕەیان کرد. شایانی ئاماژەیە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە، حیزبی کۆمۆمیستی ئێران و ماڵی کورد، ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو دێمۆکڕات و هێز و لایەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەم لە تۆرۆنتۆ و هەمیش لە لەندەن بەشداری ئەو کۆڕیادە بوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کانادا


سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا

٢٤ - ١ - ٢٠١٧

## ٣- چەند بابەتی نووسەران:

-----------------------------------

### یادی هاوکارێکی لەمێژینە




### دەستەی نووسەرانی «کوردستان»

دەستەی نووسەرانی «کوردستان» وەک نەریتێک بۆ دەرچوونی هەر ١٠٠ ژمارەی ڕۆژنامە جێژنێکی چووکەڵەی خۆمانە دەگرێ بۆ ئەوەی لەلایەک ڕێز لە هەوڵ و ماندووبوونی نووسەران و وەرگێڕان و بەگشتی پێرسۆنێلەکەی بگرێ و لە لای دیکە یادی بەخێری ئەو هاوڕێ و هاوکارانە بکاتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو سەنگەرەدا خزمەتیان بە حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی ڕۆژهەلات کردوە و ئێستا بە هەرهۆیەک بووە لێیدابڕاون. لە کۆڕی ژمارە ٧٠٠ی ڕۆژنامەکەماندا جێگای هێندێ هاوکاری دڵسۆزمان بەتاڵە کە هەر کامەی بە هۆیەکی تایبەت بەخۆیان ماوەیەکە لە هاوڕێیانیان هەڵ بڕاون. ئەم باسە ئەو هاوکارە چالاک و قەڵەم بەبڕشتانە ناگرێتەوە کە لەبەر دووریی جێگای ژیانیان لە کۆڕە خنجلانەکەی ژمارە ٧٠٠ی «کوردستان»دا ئامادە نین، چونکە پێرسۆنێلی ڕۆژنامە هەمیشە جێگای ئەو خۆشەویستانە بە پڕڕەنگی لە تەنیشت خۆیان هەست پێدەکەن.

یارێک و هاوکارێکی بەوەج و لەمێژینە کە لە کۆڕی ئەم ژمارەیەی کوردستاندا لەنێومان نیە ، بەڵام سێبەری سووکی هەروا بەسەر سەرمانەوەیە و بەسەر سەرمانەوە دەمێنێ نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا، نەمر «کاک فەتاحی کاویان»ە کە دوومانگ لەمەوبەر لەنەکاو و بێخەبەردان و بێماڵئاوایی، ماڵئاوایی لێ کردین.

فەتاحی کاویانی نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، زمانزان و بە هەموو مانای وشە فازیل و لێزان بۆ پێڕسۆنێلی ڕۆژنامەی «کوردستان»و بۆ زۆری دیکە لە هاوڕێ و هاوئامانجەکانی تەنیا هاوکارێکی سادە نەبوو. ئەو کە تەمەنێکی درێژی لە کاری ئیداری و مامۆستایەتی و لە خەباتی سیاسی لە هەموو بوارەکاندا بەسەر بردبوو و لەو ڕێگایەشەوە ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک نابوو بەڕاستی مامۆستا بوو، سەرمەشق بوو و لە زۆر بواردا یار و یاوەر و غەمخۆری هاوڕێیانی بوو. خاترمان نەگرتوە ئەگەر بڵێین بێجگە لە هونەری نووسین و شێعر و وەرگێڕان لە زۆر بواری دیکەشدا بۆ لێفێربوون دەبوو. هەر بۆ نموونە:

- مشوورخۆری و شێلگیری لە وەدواکەوتنی هەر ئەرک و کارێکدا کە دەکەوتە سەر شانی. بە پێچەوانەی هێندێک کەس کە دەست بۆ هەرکارێک دەبەن پێیان وایە هەزار ساڵ تەمەنیان بۆ نووسراوە، کاک فەتاح پێشبڕکەی لەگەڵ زەمان دەکرد و پێداگر بوو کە هەموو ئەرکێک زووتر لە کاتی پێشبینیکراو ڕاپەڕێنێ. بەڕاستی ئەو کاتانەی کارێکی بەبایەخی بەئەستۆوە دەبوو ئارام و ئۆقرە و خەو و خۆراکی لێ هەڵدەگیراو تەنیا ئەو وەختە دەحەسایەوە و ئۆقرەی دەگرت کە ئەرکەکەی بەجێ دەگەیاند و بە ئەرخەیانی پاڵی لێدەدایەوە.

- ئۆگری بە خوێندنەوە. دەکرێ بڵێین لەو بارەیەوە کاک فەتاح نموونەی نەبوو. ئاخر هەرکام لە ئێمە ئەگەر زۆریش ئۆگری خوێندنەوە بین هەر ئەو شتانە دەخوێنینەوە کە بابەتی ڕۆژن و بۆ بەرەژووربردنی وشیاریی زانستی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... پێویستمانن. نووسەری ئەم دێڕانە لە ژیانیدا جگە لە فەتاحی کاویان کەسی نەدیوە کتێبی لۆغەتنامە بخوێنێتەوە، هەرکام لە مەمانان تەنیا ئەو کاتە کتێبی فەرهەنگ لێک دەکەینەوە کە بۆ مانای وشەیەک تێمابین. بەڵام کاک فەتاح کتێبی فەرهەنگی بەدەستەوە دەگرت و لە ئەلف تا یێی دەخوێندەوە. بۆ وێنە فەرهەنگی ئاکسفۆردی ئینگلیسیی نەک جارێک بەڵکوو سێ جار لە هەوەڵ تا ئاخر خوێندبووەوە.

- ئۆگری بە فێربوون وفێرکردن. ئەو مرۆڤە هەرگیز لە فێربوونی شتی تازە تێر نەدەبوو کە هیچ، هەوڵی دەدا لە هەموو کەس و تەنانەت لە هەموو شتێکیش فێر بێ. ئەوانەی پتری لێنزیک بوون باش دەزانن کە فەتاحی کاویان

چ-گەنجینەیەکی بەنرخی لە زانیاریی گشتی و بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیاتدا وەسەریەک نابوو. خۆ لەبواری فێرکردنیشدا زۆربەی زۆری هاوڕێ و هاوکارەکانی لەبیریانە کە چەند دەورەی فێرکردنی زمانی ئینگلیسیی بۆ هاوڕێیەکانی کردوونەوە و بە چێژگری و حەوسەلەیەکەوە هەوڵی داوە هاوڕێیەکانی لەم بوارە و لە هەر بوارێکی دیکەدا شت فێر بن.

- بەفەرهەنگبوون. چەندی بتەوێ لەوەی پێی دەگوترێ «آداب معاشرت» شارەزا بوو، قسەکردنی دەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتر، هاواڵ و هاوتەمەنەکانی و تەنانەت کەسانی لەخۆی چووکتر هەتا دەگەیشتە منداڵانی کەمتەمەن جێگای سەرنج و شیاوی لێفێربوون بوو. زۆر جارمان دەدی کە منداڵی دەدوازدە ساڵەی لە جیاتی ناوی چووک بە ناوی بنەماڵە بانگ دەکرد بۆئەوەی ڕێزی گرتبێ و کەسایەتیی پێدابێ. لەوەش گەڕێ کە دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لێیان نزیک و دۆست و یەکدڵ بوون بە چزمانێکی شیرین دەدوا و چەندە خۆمانە بوو. لەسەر سفرە و مێزی نانخواردن چاوت لێکردبا دەرست لێوەردەگرت و هەر جوان بوو ڕێوڕەسمی هاودەمی و هاوسفرەیی لێ فێربی.

- دڵفرەوانی. بەبێشک ئەویش وەک هەمووی ئێمە بۆی ڕێدەکەوت دەگەڵ هاوڕێیەکی تووشی دڵئێشان یان دڵ-ئێشاندن بێ. بەڵام لەو حاڵەتانەشدا پاکی و بێکینەیی لەو پیاوەدا بەشێوەیەکی کەموێنە خۆی دەنواند. ئەگەر زانیبای لە دڵئێشیدا بۆخۆی خەتابارە، بەجۆرێک داوای لێبووردنی دەکرد کە لایەنی دڵڕەنجاو نەکهەر هیچی لەدڵدا نەدەما بەڵکە هەستی بە جۆرێک قەرزدارییش دەکرد. خۆ ئەگەر لایەنی بەرامبەریش خەتابار بووایە، تەنیا داوای لێبووردنێک و ماچکردنێک بەس بوو بۆ ئەوەی کاک فەتاح دڵی دەگەڵ چاک بکاتەوە و دڵئێشییەکە لەبیر بباتەوە.

- خۆشمەجلیسی و خۆشمەشرەفی. کەمتر کەسێک لە هاوڕێ دوور و نزیکەکانی فەتاح کاویان و تەنانەت خەڵکی بێگانەش هەبووە جارێک لە مەجلیسێکی دۆستانەدا دەگەڵی کۆ بووبێتەوە و بیرەوەرییەکی شیرینی لەو ماوە کورتە هاونشینییە لە مێشکیدا تۆمار نەکردبێ.

ئەمانە و زۆر سروشتی بەرزی ئەخلاقی و ئینسانی بەشێک لە یادگارەکانی کاک فەتاحی کاویان هاوکاری لەمێژساڵەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ن کە وەک ئۆلگوویەک لە لای هاوڕێ و هاوکارەکانی دەمێننەوە. بە داخێکی گرانەوە لەو ساڵانەی دواییدا هێندێ نەخۆشیی بەردرێژ بەربینگیان بە کاک فەتاح گرت و

**سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ بە یەکجاری کۆڕی هاوڕێیانی بەجێ هێشت. بەڵام بەو حاڵەش تا دواهەناسەکانی ژیانی لە «کوردستان» دانەبڕا و هەرچی لەدەستی هات بۆی کرد. یاد و ناوی هەمیشە زیندوو و ئاوات و ئامانجە وەدی نەهاتووەکانی بەرقەرار بن.**

**دەستەی نووسەرانی «کوردستان»**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٠.**

**ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧**

# ڕەهەندی نووسین و وەرگێڕان لە تێکۆشان وخزمەتەکانی نەمر فەتاح کاویان دا




## قادر وریا

**(بۆ کوڕیادی نەمر کاک فەتاحی کاویان ئامادە کراوە)**

زۆر سەختە کە دەبینین کاک فەتاح کاویان کە مایەی گەرمی و ئاوەدانی و دەوڵەمەندیی کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان بوو، ئەمڕۆ لە نیومان دا نیە و بە جەستە ماڵاوایی لێ کردووین. لە کاتێک دا سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی کاک فەتاح دەنێرم، لەو باوەڕە دام و دڵنیام ئێوەش هەر پێتان وایە کاک فەتاح وەک هەموو کەسایەتییە دیار و پڕ خزمەتەکانی مێژووی ئەم حیزبە، بەو کاریگەرییە فرە ڕەهەندەی لە سەر چەند نەسل لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات بوویەتی، بەو سامانە مەعنەوییە دەوڵەمەندەی لە پاش خۆی بە جێی هێشتوە، ناو و یادی بە درەوشاوەیی لە حیزبەکەی و لە نیو درێژەدەرانی ڕێگاکەی دا دەمێنێتەوە و نەک لە بیر ئێمەی قوتابی و هاوڕێ و هاوسەنگەری چەندین ساڵەی، بەڵکوو لە بیر تێکۆشەرانی داهاتووی حیزب و نەتەوەکە شی ناچێتەوە.

کاک فەتاح هەم رابردوویەکی درێژی لە خزمەتی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان دا هەبوو، هەم بوارەکانی خزمەتی بەو حیزبە و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جۆراوجۆر بوون. لە توانای من دا نیە بپڕژێمە سەر هەموو بوارەکانی خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح. هیوادارم بەشدارانی دیکەی ئەم

کۆڕ یادە تیشک بخەنە سەر رەهەند و لایەنەکانی دیکەی نزیک بە ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەو کەسایەتییە. ئەوەی من لەم کۆڕیادە دا لە خۆم گرتوە، ئاوڕدانەوەیەکە لە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە بە توانایە لە بەستێنی نووسین و وەرگێران بە گشتی و نووسینە ئەدەبییەکانی بە تایبەتی. لەم بارەیەشەوە ئەوەی دەیخەمە ڕوو، بە هیچ جۆر لە ئاستی خەرمانی دەوڵەمەندی کارو بەرهەمەکانی کاک فەتاح دا نیە.

کاک فەتاح، لە نووسین و وەرگێران و کاری فەرهەنگی لە پێناوی حیزبەکەی و نەتەوەکەی دا، ماندوویی نەناس بوو. زۆربەی هەرە زۆری نووسین و وەرگێردراوەکانیشی بە ناوی خۆی بڵاو نەبوونەوە و بوون بە ملکی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیەنەکانی. ئەگەر بمانەوێ ناحەقی لە کاک فەتاح نەکەین، حەق وایە بەشێک لەو سامانە دەوڵەمەندەی ئەو کەسایەتییە لە توێی نووسین و وەرگێراندا پێشکەشی حیزبەکەی کردوە، بگەڕێنینەوە بۆ خۆی. کاک فەتاح هەر وەک لە ژیانی شەخسی و شۆڕشگێڕانەی خۆی دا، بەخشەندە و دەست بڵاو و دڵ ئاوەڵا بوو، و هیچ کات بیری لە کۆکردنەوەی سامان و ماڵی دنیایە بۆ خۆی نەکردەوە، هەر بەو جۆرە کەمترین بایەخی بە کۆکردنەوە و بە خاوەنکردن و بە چاپ گەیاندنی نووسین و وەرگێردراوەکانی خۆشی دەدا. ئەگەر بڵێم بە سەدان نووسین و وەرگێڕانی کاک فەتاح لە رادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی دیموکرات دا بڵاو بوونەوتەوە، کە کاک فەتاح نوسخەیەکی لەوان لە لای خۆی نەپاراستوە، درۆم نەکردوە. بەشێک لەو بابەتانە، بایەخی ئەدەبییان هەیە و دەچنە خانەی ئەو بەرهەمانەی کە حەق وایە لەکارنامەی نووسەر و وەرگێڕی خۆیان دا تۆمار بکرێن. جگە لەمەش کاک فەتاح نامەنووسی و نامەگۆڕینەوەی لە گەڵ زۆر کەسایەتی و کەسی دیار دا هەبووە. وەک عادەتیشی بوو، نامەکانی ئاوێتەیەک بوون لە قسەی خۆش و دەربڕینی ئەدەبی. لەم کۆڕە دا دەمەوێ ئەم داوایە بخەمە بەر سەرنجی هۆگران و دڵسۆزانی کاک فەتاح کە پێویستە ژمارەیەکمان لە سەر خۆمانی بکەین بە ئەرک کە قۆڵ لە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کاک فەتاح هەڵماڵین، هەم خەم لەو نووسین و یادداشتانەی بخۆین کە تا ئێستا چاپ نەبوون، هەم ئەوانەی لەم یا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و رادیۆ لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو دا بڵاو بوونەتەوە و بۆ ئێستاش بایەخیان هەیە، کۆ بکەینەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە کاک فەتاح بۆ خۆی گەنجینەیەک بوو لە نوکتە و قسەی خۆش کە زۆر حەیف دەبێ کۆ نەکرێنەوە. خۆ ئەگەر ئیمکانی چاپی هەموو ئەو شتانەش نەبێ، دەکرێ ئەم شتانە وێڕای کتێبەکانی لە ماڵپەڕێکی تایبەت دا هەبن..

ئێستا کە قەرارە باس لە رەهەندی نووسین وەرگێڕان لە خزمەت و تێکۆشانی کاک فەتاح دا بکەم، بۆ وەبیرهێنانەوە و یادکردنەوەش بێ حەز دەکەم هێندێک لەو کتێب و نامیلکانە ناوبەرم کە کاک فەتاح کاویان

نووسیونی یا وەری گێراون و ئامادەی کردوون:

١- "جهان بینی ارتجاع "کە لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠ هەتاوی دا بە ناوی "کامران خۆشناو" ئامادەی کرد و بڵاو بۆوە.

٢- "پولپوتیسم در عمل" کە وام لە بیرە ساڵی ١٣٦٤ وەک پاشکۆی گۆڤاری تێکۆشەر" بڵاو بۆوە.

٣- وەرگێرانی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی لیمای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ سەر زمانی فارسی(ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی).

٤- نامیلکەیەک لە بارەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک کە وەرگێردراوی قسە یا نووسینی "میشل رووکار" بوو،

٥- "قانون خودمختاری کاتالون" کە باس لە چۆنیەتی چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە ئیسپانیا دەکا.

٦- فەرهەنگی ئینگلیسی، کوردی و فارسیی "حەوتەوانە" کە هەر لەم کۆڕە دا بە جیا باسی لی کر.

٧- وەرگێرانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" لە نووسینی کارۆڵ پرۆنهوبێر کە لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو دا بڵاو بۆوە.

٨- "آدمکشان قصر فیروزەای" کە لە ئینگلیزییەوە هاوکات دەیکرد بە فارسی و کوردی،بەڵام فارسییەکەی بڵاو نەبووەتەوە.

٩- ماوەیەکی باشیش لە سەر وەرگێڕانی هاوکاتی کتێبەکەی دێیڤید مەک داوڵ کاری کرد، هاوکات هەم دەیکرد بە فارسی و هەم بە کوردی بەڵام نازانم دوایە کارەکەی بە کوێ گەیاند.

١٠- هەڵبژاردەیەک لە فەرهەنگی "دێهخودا" کە پێوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە، لە توێی کتێبێک دا ئامادەی کردوە و لە لایەن دەزگای موکوریانییەوە چاپو بڵاو بووەتەوە.

١١- بە سەدان و لەوانەیە بڵێم بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسی، فەرهەنگی،کۆمەڵایەتی و جۆراوجۆری دیکە کە بێ ئەوەی ناوی ئەویان لە سەر بێ، لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانی حیزب دا چاپ و بڵاو بوونەوە.

لەم بەشەی باسەکەم دا ئیزنتان لی دەخوازم لایەک لە چەند ڕەگەزێکی کاری ئەدەبی لە نووسین و وەرگێرانی کاک فەتاحی کاویان دا بکەمەوە. بۆ ئەوەش زۆر لە کاتتان نەگرم لە هەر کام لە ڕەگەزەکان، نموونەیەک دەهێنمەوە. ئەو رەگەزانەش بریتین لە: گێڕانەوەی ڕووداو و بیرەوەری لە فۆڕمێکی ئەدەبی دا، شێعر و پەخشانی لاواندنەوە، وەرگێڕانی شێعر، شێعر بۆ پێکەنین و گاڵتە و گەپ، شێعری تەنز و پەخشانی ئەدەبی.

ئەمەش یەکێک لە شێعرەکانی نەمر کاویان کە بە ئیلهام لە شێعری فریدون توللی نووسراوە:

سەری دانابوو لە سەر سینەم و زولفی رەسەنی
پەخش و ئەفشان بوو وەکوو باوەشێ گوڵ یاسەمەنی
هەر وەکوو پەلکی گوڵی مەریەمی بەر مانگەشەوێ
مەم و سینەی دەتروسکاوە لە ژێر پیرەهەنی
سەری دانابوو لە سەر شانم و لیوی خامۆش
دڵ هەموو ویست و تەمەننا و بە چاو پێدەکەنی
دڵی ئاگر بوو سەراپا و منیش گڕگرتوو
دەست لە ناو دەست و دەسووتام لە گڕکانی تەنی
شین و بێڕەنگ دەبوو چەشنی گوڵی یاسی کەوگ
کە بە ئەسپایی سەری پەنجەمی گەیبایە بەدەنی
دامە بەر لووزەوی ماچان و مژینی لێوی
پاشی چل ساڵ لە سەر لێومە شەهدی دەهەنی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٢

ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

# فەتاحی کاویان سیمبولی مقاومەت و خۆڕاگری خەباتکارێکی کورد



**ئەو بابەتەم لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆڕاتی کوردستان لە کۆڕی پرسەو یادەوەری کاک فەتاحی کاویان و کاک ئازادی هونەرپەژوو خوێندەوە. دیارە بە پێێ بەرنامە دەبوو من لەسەر کاک فەتاح بدوێم.**

**فەتاحی کاویان سیمبولی مقاومەت و خۆڕاگری خەباتکارێکی کورد**

فەتاح کاویان ڕاستە ئەندامی حیزبی دێمۆکرات بووە و ڕاستە وەک دێمۆکراتێک لای هەموو کەس پێناسەدەکرێ بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەزۆر هۆکارو نموونە وەک سیمبولی خەباتکارێکی کورد و تێکۆشەرێکی کۆڵنەدری ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان ناسراوە. ئەو بە هەقیقەت لەمەکتەبی کۆماری کوردستانەوە فێری کوردستانی بیرکردنەوە بوو، فێری خۆشەویستی خاک و خەڵک و فێری پەیمان وەفاداری تاسەر بە کوردستانی داگیرکراو بووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراستی کوردستان لە ڕاگەینراوی ڕەسمی خۆیدا سەبارەت بە مەرگی کاک فەتاحی کاویان دەڵێ:

"بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە کەسایەتیی پڕ خزمەت و تێکۆشەری دێرین و ناودار، کاک فەتاح کاویان، ئێوارە درەنگانی ڕۆژی چوارشەمە ٢٩ی بەفرانبار(١٨ی ژانویەی ٢٠١٧)، لە تەمەنی هەشتا ساڵی و لە

شوێنی ژیـان و تێکۆشـانی خـۆی لە قەڵای دیموکرات لە نزیـک شـاری کـۆیە، دڵـی لە لێـدان وەسـتا و بـۆ هەمیشـە ماڵاوایی لە خۆشەویستان، هاوخەباتـان وهاوسەنگەرانی کرد.

فەتـاح کاویان، ساڵی ١٣١٥ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی لە شاری مەهاباد تەواو کرد. بە هۆی بارودۆخی بنەماڵەیی و گیرسانەوە لە شاری سنە، چەنـد سـاڵێک لە قۆنـاغی ناوەنـدیی خوێنـدنی لەو شـارە تێپەڕانـد. لە پـۆلی چوارەمی ناوەنـدی لەگەڵ دایکی لە سنەوە گەڕانەوە بـۆ مەهابـاد و دوای تەواو کردنـی پـۆلی پێنجەمی زانستی، وەک مامۆستای وەرزش لە شاری مەهاباد دامەزرا. ساڵی ١٣٣٦(١٩٥٧) بوو بە ئەنـدامی شـانەی نهێنیی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان. سـاڵی ١٣٣٨ بە دوای پەلامـاری سەرانسـەریی سـاواک بـۆ سـەر رێکخستنە نهێنییەکانی حیزب، کە لە کرماشانەوە هەتـا سەڵماسـی گرتەوە و بـوو بە هـۆی گرتنـی نزیـک بە ٢٥٠ کەس، فەتـاح کاویـانیش گیراو کەوتە زیندان."

ئەوەی کاک فەتـاحی دیتبێ و لەنزیکەوە ناسیبێتی دەتوانێ بەدڵنیاییەوە زۆر خەسلەت و سفەتی دیاری لێهەڵبژێری و وەک نمـوونەی کەسێکی بە بـاوەڕی خەباتکـاری ئـازادی بیناسـێنێ. کـاک فەتـاح وەک لەسـەرەتاوە باسم کـردووە دەگەڵ ئەو ئینسـانانە لە خـۆڕاگری و نەبەزینـدا هاوبەشـە کە هەمـوو ژیـانی خۆیـان فیـدای گەل ونیشـتیمانەکەیان کردووە، ئەو بەهەق سیمبۆلی خۆڕاگری و نەبەردی ونەبەزینە لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەدا.

کاک فەتـاحی کاویـان کەسێکی لێوەشـاوەی جیـددی لە کـار و تێکۆشـاندابوو، هەر ئەرکێکـی پێـی سـپێردرابا بـێ ئەم ولاو ئەولا و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێ بەجێی دەکرد، ئەو کە پـێش رووخـانی ڕێژیمـی شـا شـارەداری مەهابـاد بـوو نیشـانیدابوو کە کەسێکی مـودیر و کـارزان و لێوەشـاوەیە، هەربـۆیە لە دوای کـۆنگرەی ٤ بە ئەنـدامی کۆمسـیۆنی بـازرەسی حیزب هەڵبژێردرا. کاک فەتاح لەو پۆستەدا بەوپەڕی دلسۆزییە وە کارەکانی بەئەنجـام دەگەیانـد و هەر ئەوەش وای کرد کە زۆر زوو لە ناو هاوڕێیانی دا جێگەی خۆی بکاتەوە و لە کۆنگرەی ٥ی حیـزب ببـێ بە ئەنـدامی کومیتەی ناوەندی و لە کومیتەی ناوەندیش دا وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی هەڵبژێرێ.

ئیتـر فەتـاحی کاویـان لە نـاو هاوڕیـانی دا بـوو بە کـاک فەتـاح و بـوو بە سیمایەکی دیـاری حیزبـی دێمـۆکڕات، زمانزانی و هۆگری ئەو بۆ زمانی کوردی و شارەزایی و زاڵبوون بەسەر زمانەکانی ئینگلیسی و فارسیدا وای کـرد کە دوای کۆنگرەی ٥ ببێ بە ئەندامی کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و سکرتـاریای حیزبـی دێمـۆکرات و تـا کـۆنگرەی ١٣ی حیـزب

هەر لەو پۆست و بەرپرسایەتیەدا مایەوە و زۆربەی زۆری بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی حیزب بۆ سەر زمانی ئینگلیسی کاری گیان فیدای گەل و نیشتمان کاک فەتاحی کاویان بووە.

جگە لەو ئەرکە حیزبیانە ناکرێ باس لە کار وچالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی کاک فەتاحی کاویان نەکرێ. ئەو جگە لە چەندین غەزەلی شێعری ناسک و جوان، کاری گەورەی کۆکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی فەرهەنگی حەوتەوانەی لە پاشەخۆی بەجێ هێشتووە کە بە زمانی فارسی وکوردی و ئینگلیسی وەک خەزێنەیەکی فەرهەنگی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا جێی خۆی کردۆتەوە. وەرگێڕانی کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" یەکێکی دیکە لە کارەکانی کاک فەتاحی کاویانە کە لەزمانی ئینگلیسرا وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا تا کارەکانی دیکەی لەبەستێنی نووسین وەرگێڕاندا بەچاپ بگەیەنێ.

هەموو مرۆڤێک لەژیانی ئاسایی خۆیدا هەندێ خەسلەت ومۆڕالی تایبەتی هەن کە دەبنە پێناسەی تایبەتی بۆی، کاک فەتاحی کاویان لەو بارەوە سیمایەکی گەش و دیاری هەیە و دەبێ بە دوو خەسلەتی زۆر بەرچاوی ناوبراو ئاماژە بکرێ. یەکیان قسە لەڕوویی و خاوەن ئیرادەو باوەڕ بەخۆبوون و دووهەمیان قسەخۆش و مەجلیس خۆشی کاک فەتاحی کاویانە. ئەو دووخەسلەتەش وای کردبووکە ناوبراوبیێتە خۆشەویستی زۆربەی هەرە زۆری هاوڕێ و دۆست وهەڤالانی.

ئەوەی ڕاستی بێ باس کردن لە کەسایەتی و پێگەی بەرزی شۆڕشگێر وکۆڵنەدەرێکی وەک کاک فەتاح لە باسێکی ئاواکورت دا زەحمەتە وبە دڵنیاییەوە هەرچی لەبارەیەوە بیڵێین هێشتا هەر زۆر کەممان کوتووە. ئەو ئاماژە کورتە قەترەیەکە لەدەریای فیداکاری و خەبات وتێکۆشان و خزمەتەکانی کاک فەتاحی کاویان بە گەل ونیشتمانەکەی، ئەو لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆی ٦٠ ساڵی ڕەبەقی بەختی خەبات لەپێناو ئازادی میلەتەکەی کرد. هەر بۆیەش دوای مەرگی بەدڵنیاییەوە کاک فەتاحی کاویان بوو بە ڕەمزو بوو بە یەکێک لەو کەسانەی کە لە مێژووی سەرفرازیدا لاپەڕەیەک بۆخۆی تەرخان بکا. ئەو بوو بە سیمبولی مقاومەتی شۆڕشگێرانە و کۆڵنەدان لەبەرامبەر زۆرداری و ستەم وبێعەداڵەتی داگیرکەراندا.

فەتاحی کاویان، تێکۆشەری دیاری ناوڕێزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٨ی ژانویەی ٢٠١٧ لە ناو کۆڕی هاوڕێیانی و لە قەلای دێمۆکڕات دا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین و لە ناو خەم وپەژارەی کۆڕی

یارانیدا تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی شەهیدان لە کۆیە بە خاک سپێردرا.


یادی کاک فەتاحی کاویان بۆ هەتایە لەدڵدا زیندوو.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان – ڕۆژهەڵاتی کانادا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٧

# وێستگەکانی ژیانی فەتاح کاویان.. نووسەر و سیاسەتمەداری کوردستان



## وشه نێت

فەتاح کاویان، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات دوای ٦٠ ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی نەتەوایەتی لە تەمەنی 80 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەدوای خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی بۆ نەتەوەکەی جێهێشت.

شەوی چوارشەم ١٨ی کانوونی دووەم - یەنایەر فەتاح کاویان، نووسەر و سیاسەتمەداری کوردستان دوای ٦٠ ساڵ خەباتی نەتەوایەتی لە قەڵای دیموکراتی کۆیە کۆچی دوایی کرد.

فەتاح کاویان لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦ی شاری مهابادە و ساڵی ١٩٥١ دەبێتە ئەنجامی حزبی دیموکراتی کوردستان و دوای چەندان ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی لەلایەن دەزگای ساواکی رژێمی پاشایەتی ئێران دەگیرێن.

فەتاح کاویان لە یەکەم دادگاییکردندا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێت و دواتر پێداچوونەوە بۆ سزاکەی دەکرێت و دەگۆڕدرێت بۆ ١٠ ساڵ زیندانی و سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٦٢بەو مەرجەی مهاباد بەجێ بهێڵێت، لە زیندان ئازاد دەکرێت.

کاویان پێشتر مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو و دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی ئینگلیزی سەرباری ئەوەی مافی دامەزرانی لە دامودەزگا میرییەکان لێ سەندرابووەوە، وەک یەک لە باشترین مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی لە دەزگەی نیشتیمانی زمان لە تاران هەڵبژێردرا و زیاتر لە ١٠ ساڵ لەو دەزگا ئەهلییە وەک مامۆستا وانەی زمانی ئینگلیزی گوتەوە.

لە سەروبەندی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٧ فەتاح کاویان دوای ١٥ ساڵ دورخستنەوەی لە مهاباد و داوای لێ کرا ببێت بە سەرۆکی شارەوانی، بەڵام شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێ کردبوو و دەرفەتی ئەو قەرەبووکردنەوەیە بۆ رژێمی پاشایەتی نەمابووە دوای ماوەیەکی کەم دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی مهاباد کێشایەوە و بوو بە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکان.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆنگرەی حزبی دیموکرات وەک ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبە هەڵبژێردرا و تا کۆنگرەی ١٣ی ئەو حزبە لە پۆستەکانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ئەو حزبەدا مایەوە و هاوکات کاری بۆ وەرگێڕان و دانانی فەرهەنگی زمانی کوردی و ئینگلیزی کرد و چەندان بەرهەمی ناوازەی لەو بوارانە لەدوای خۆی جێهێشت.

لە کۆنگرەی ١٣ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم ئەندامەکانی سەرکردایەتی ئەو حزبە بوو بە ویستی خۆی دەستبەرداری پۆستی رێبەرایەتی ئەو حزبە بوو و رێگەی دا نەوەی تازە بێنە ناو ریبەرایەتی حزبەکەیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت

ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧

# قاسم سوڵتانی دوای فەوتی کاک فەتاح کاویان




## شۆڕش ئەسەدزادە

نزیک بە ٤٠ ساڵ کاک "فەتاح کاویان" بەهۆی ئاشنایەتی و کاری حزبی لەگەڵ کاک "قاسم سوڵتانی" پێکەوە دەژیان و لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بوون بە هۆی تەنگ و چەڵەمەکانی بارودۆخی شەڕو بۆمبارانی فڕۆکەو تۆپ و خومپارە بارانی بێ وچانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیەوە بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حزب بەگشتی و بە تایبەتی "دەفتەری سیاسی" و بنکەی "ڕادیو دەنگی کوردستان" لەهەرکوێ بوبن کاک فەتاح و کاک قاسم هەمیشە پێکەوە بوون، وەکوو باوک و کوڕێکی ڕەسەن و خەمخۆری یەکتر هیچ کاتێک قاسم پشتی کاک فەتاحی چۆڵ نەکردوو لە خۆشی و ناخۆشییەکان بەجێی نەهێشت و وەکوو کوڕێکی دڵسۆز لەگەڵی مایەوە. کاک فەتاح و کاک قاسم هیچیان بەبێ یەکتر نەدەحاوانەوە، لە زۆر ڕەفتارو بۆچوون و کاری ڕۆژانەدا جیاوازیان هەبوو،، بەڵام هیچ ڕێگر نەبوو لە خۆشەویستی ئەم باوک وکوڕەدا.

هەتا لەچەند ساڵی پێشوودا کاک فەتاح نەخۆشی بەرینگی پێدەگرێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبێتە هۆی لاواز بوونی جەستەیی کاک فەتاح و هەندێک فەرامۆشکاری، ڕاست لەو کاتەدا کە پێویست بوو کەسێک ئاگاداری لێبکات و بە پێداویستیەکانی ڕابگا قاسم بە ڕۆحێکی گەورەو بەهیمەتێکی پیاوانەو هەڵوێستێکی بوێرانەو بەوەفایانە بۆ کاک

فەتاح هەتا دوایین هەناسەکانی ژیانی لەگەڵی مایەوەو بۆ سەعاتێکیش لێی دوور نەکەووتەوە. کە کەمتر کورێک ئەو گیانفیدایییە لەگەڵ بابی دەکات، سەرەڕای ئــەم هەموو خزمەت کردنەی کاک فەتـاح قاسم توانیبـووی هەموو نوسراوەو یادگارو مەدرەکەکانی چەند ساڵەی کاک فەتاح وەکو چاوی خۆی بپارێزێ. من حەووتوی جارێک دوو جار حەتمەن پەیوەندی دەکەم بە کاک قاسم، هەتا وەڕەز دەبێ زەنگ لێدەداو قســە دەکەیـن پێکەوە، هەرجارەی کە قسە دەکەین پێکەوە هەتا تەواو دەبین لانی کەم لە نیوکاتژمێردا ١٠ جار زیاتر قوڵپی گــریان ئەوکی دەگرێ و چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک. لانی کەم چەندین جار وێنەو نوسراوەکانی کاک فەتاح م پیشان دەدا، هـەر دەڵێ حزب ئێستاش نازانێ کێیان لەدەست داوە، دەڵێ وەکوو جاران دێت دەرکەم لێدەکاتەوە دەڵێ قاسم هەستە درەنگە چاو لە هەرشوێنێک دەکەم کاک فەتاح دەبینم لەوێ دانیشتووە، بەڕاستی قاسم حەقیەتـی ئاخر ئەوان نزیک بە ٤٠ ساڵ هـــــاورێ و هاودەم و پێکەوە بوون یەکجار سەختە ئێستا دەبینێ ئەم کەڵە شۆڕشگێڕو خۆشەویستەی لەدەستداوە. بۆیە من پێم وایە قاسم پێویستی بە گۆڕینی جێگاو حاوانەوەیەک هەیە، چونکە بەڕاستی ماندووە حزب پێویستە باری دەروونی و ژانەکانی قاســـــم دەرک بکەن و ئاگایان لێی بێ، قاسم بێجگە لەوەش یەکێکە لە کۆڵەکەکانی چاپەمەنی و بایەگانی حزب ...

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر

ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٧

## ٤- چەند بابەت لە نووسینی هاوڕێ کاک فەتاح کاویان:

---

### وتاری کردنەوەی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن تێکۆشەری دێرین کاک فەتاح کاویانەوە پێشکێش کرا:



میوانە بەڕێزەکان!

ئەندامانی بەڕێزی شازدەیەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بە خێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سپاسی کۆمیتەی ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەیەو ڕێبەریی حیزب دەکەم کە منیان بۆ کردنەوەی ئەم کۆنگرەیە، دەستنیشان کردەوە.

ئەم کۆنگرەیە، کە ناوی "کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان"ی لە سەر دانراوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. چونکە لە دوای تێپەڕکردنی ٧ دەیە خەباتی پڕ لە قوربانیدان پێک هاتوە. کۆنگرەی ١٦ لە سەریەتی لە بەر ڕووناکایی

ئەزموونەکانی ٧٠ ساڵ خەبات، ئەم حیزبە بۆ دەیەیەکی نوێی تێکۆشان ئامادە بکا. هەر بۆیە پێویستە نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە، بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسایەتی، ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. بایەخێکی تایبەتی بە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی بدەنو بە پێشنیارو سەرنجو تێبینییەکانی خۆیان دەوڵەمەندی بکەن. چاوەڕوانیی منو هەموو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات ئەوەیە، کۆنگرەی ١٦ بڕیارو ڕاسپاردەی گونجاو بۆ چالاک کردنەوەی پتری تێکۆشانی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەسند بکا. جێی خۆیەتی کۆنگرە، بۆ بوارەکانی دیکەی تێکۆشانی حیزبەکەمان بۆ وێنە بواری دیپلۆماسیو پێوەندیی نێودەوڵەتی، بواری ڕاگەیاندن، بواری تەشکیلاتی، بواری پەروەردە و فێرکردن و هتد،ڕێنوێن و ڕاسپاردەی بە سوود بدا بە ڕێبەریی داهاتوو.

خوشک و برایانی ئامادەبوو لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە!

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە! تێکۆشەرانی دیموکرات!

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وبزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان، ساڵانێکی زۆرە بە دەست تەفرەقەو چەند پارچەییو پەرشو بڵاویی هێزە سیاسییەکانەوە دەناڵێنن. خەڵکەکەمان لە حاڵێک دا هەروا لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشنو بەردەوام لە گەڵ سەرکوتو هەڕەشە بەرەوڕوون، یەکگرتنو هاوخەباتییەکی جیددی لە نێوان هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی خۆیان دا نابینن. ئەم ڕاستییە تاڵە، ئەرک دەخاتە سەر بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم کۆنگرەیە و هەموو کۆبوونەوەیەکی سیاسیی گرنگی حیزبەکان، ئەو کاتە دەبنە مایەی خۆشحاڵیی خەڵک، کە هەڵگری پەیام و بانگەوازی تەباییو یەکگرتوویی لە نیوان هیزە سیاسییەکان دا بن. هەر بۆیە داوا لە ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە دەکەم بە گیانی گرنگیدان بە یەکگرتوویيو هاوکاریو هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکان، بەشداری کارو ئەرکەکانی ئەم کۆنگرەیە بن. یەکگرتوویی هەر وا کە لە نێوان هیزە سیاسییەکانو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا، بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی هاوبەش و ئامانجی هاوبەش پێویستە، لە نیو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا، چەند قات پێویستە. بە یەکگرتوویی ڕیزەکانمانو بە هاوکاریی دڵسۆزانە لە نێوان تێکۆشەران، ئەندامانو ڕیکخراوەکانی حیزب، لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات، دەتوانین ئەو ڕەسالەتە جێبەجێ بکەین کە مێژوو خستوویەتە سەر شانی حیزبی دیموکرات. داوام لە بەشدارانی کۆنگرە ئەوەیە بە باسەکانیان، بە پێشنیار و لێکدانەوە و ڕاسپاردەکانی خۆیان، هەر چی زیاتر بوار بۆ یەکریزی و کۆدەنگی و هاوکاری و هاودڵی لە نێو حیزبی دیموکرات دا بخوڵقێنن. تکاشتان لێ دەکەم کەسانێک بۆ ڕێبەریی داهاتووی حیزب هەڵ ببژێرن کە شیاو و لە ئاستی بەرپرسایەتیی وەئەستۆ گرتنی بەڕێوەبەریی حیزب لە

هەلومەرجی هەستیاری ئێستا دا بن.

بەڕێزان! من کە شانازیی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیەم پێ سپێردراوە، لەم ساتەدا ئەم کۆنگرەیە بە ناردنی سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی بە یاد کردنەوە لە ٣ ڕێبەری شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، دەکەمەوە. بە بۆنەی دەستپێکردنی ئەم کۆنگرەیە، پیرۆزبایی لە ئێوەو لە سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە دۆستو دڵسۆزو هۆگری خەباتی پڕشانازیی حیزبی دیموکراتی کوردستانن. هیوام سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٦، کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشانە. ئاواتیشم ئەوەیە ٧٠ ساڵ خەباتی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بگاتە ئەنجامی دڵخواز و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگا.

سەرکەوێ کۆنگرەی شازدەیەمی حیزب

بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

ئاواتەخوازی سەرکەوتن و سەربەرزیی ئێوە:

فەتاح کاویان

١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤

٦ی فێوریەی ٢٠١٦

## وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ بە بۆنەی ٨ی مارس

## دەگەڵ تێکۆشەری دێرین و ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێز کاک فەتاح کاویان



**بەرێز کاک رەحمان نەقشی**

وێرای سڵاوێکی پڕ لە هەستی پێزانین، بۆ ئەو کارە پیرۆزەتان سپاستان دەکەم. بەڵام پێش ئەوە کە راستەوخۆ وڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، رێگەم بدەن بیرو ڕای خۆم لە پێوەندی دەگەڵ مافی ئافرەتاندا رابگەیەنم"

١- هیچ بوونەوەرێک لەم جیهانەدا نییە و نەبووە کە مانەوەی ژیانیان پێویستیی بە هەبوونی نێرو مێ نەبێ و نەبووبێت. بۆ وێنە ئەگەر لە ماوەی سەد ـ سەدو پەنجا ساڵی داهاتوودا لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا تەنیا کوڕان لە دایکیان بن، داخوا دوای ئەو سەد ـ سەدو پەنجا ساڵە ئاسەوارێک لە کۆمەڵی مرۆڤان لە جیهان دا دەمێنی؟! دیارە کە نا.

کەوابوو، ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم جیهانە پێویستی بێ ئەملاو ئەولای بە هەبوونی ژنانو پیاوانەوە هەیەو هیچ کامیان ناتوانن بە تەنیایی درێژە بە مانەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بدەن.

٢- بە بڕوای من، نەخشی ژن لەم بارەوە لە هی پیاو گرنگترە، چونکە ژن بۆ ماوەی نۆ مانگان منداڵەکەی لە نێو زگی خۆیداو بە ماکەکانی(= ماددەکانی)بەدەنی خۆی پێی دەگەیەنێو دوای ئەو ماوەیەو پاش دەردو ئازارێکی تاقەتپڕووکێن منداڵەکەی دەبێ. جا ئەو جار بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵونیوێکیش بە شیری خۆی بەخێوی دەکا.

داخوا لە ماوەی ئەو نۆمانگو یەک ساڵو نیوەدا، پیاو هیچ دەردو ئازارێک دەکێشێ؟! کەوایە، ژنان لە درێژە پێدانی ژیانی مرۆڤایەتیدا نەخشێکی یەکجار پڕ دەردو مەینەتتریان لەسەر شانە.

٣- عەرەب دەڵێ: "الجنه تحت الاقدام الامهات" واتە: بەهەشت لە ژێر پێی دایکان دایە. فارسیش هەروا دەڵێن: "بهشت زیر پای مادەران است". باشە کاکی موسوڵمان ئەگەر "بەهەشت لە ژێر پێی دایکان دایە"، ئاخر هەموو کچێکیش رۆژێک دەبێتە دایک. ئەدی چۆنەو بە چ هۆیەک ئامادە نین مافی بەرامبەری دەگەڵ پیاوان بدەنێو تەنانەت سەرەتایی ترین مافیشی بۆ دابین ناکەن؟!

٤- کورد دەڵی: دایکی نیشتمانو فارسیش دەڵێ "مام میهن". باشە. ئەگەر نیشتمان خۆشەویشتی هەموو کەسە، بۆچی ئەوهەموو زوڵمو زۆرە لە ژن دەکرێ؟! لە حاڵێکدا نیشتمان بە دایک شوبهێندراوە؟!

کێ هەیە ـ بە تایبەتی کوڕانو پیاوان ـ کە دایکیان لە هەموو کەس خۆشتر نەوێ؟ کەوابوو هەموو کچێکیش رۆژێک دەبێتە دایک. ئەدی بۆچی و بە چ هۆیەک مافی ـ ئەگەر نە زیاتر لە پیاوان، لانی کەم، بە ئەندازەی ئەوانی ـ بۆ دابین ناکەن؟ ئەم جۆرە رەفتارەی پیاوان، بە تایبەتی لە وڵاتانی دوا کەوتوو، یەک لەوان لە ئێران، بە هۆی دەمار گرژیو کۆنە پەرستی، لە گشت شوێنی ئەم جیهانە بێبەزییانەترو دڕندانەترە.

٥- ئەرێ کورد بە چ هۆیەک دەڵی: "ژنو ماڵ"؟ بۆ لە کەوناراوە هەتا ئێستا لە کوردەواریدا هەرگیز نەگوتراوە پیاوو ماڵ؟! وڵامەکەی روونە: ئەوە ژنە کە لە رێکو پێک کردنی ماڵو ڕاگەیشتن بە منداڵاندا نەخشی سەرەکی دەگێڕێ، نەک پیاوەکان.

٦- هەموو ئاهەنگو گۆرانییەکانی پیاوانو بەشێکی بە رچاو لە هۆنراوەکانی هۆزانوانانی کورد هەڵگوتن بە جوانیو رازاوەییو خۆشەویستی ژنانەو بێگومان زۆربەی هەرە زۆری ئەو پیاوانە ـ بگرە هەموو پیاوێک. خوازیاری بیستنو گوێ راگرتن بۆ ئەو گۆرانیو ئاهەنگانەن، بەڵام، کردارو رەفتاری زۆربەی هەرە زۆریان ـ ئەگەر نەڵێین هەموویان. راست بە پێچەوانەی ئەو بابەتانەن کە لە گۆرانییەکانو هۆنراوەکانی کوردیدا هاتوونو هەرواش دێن.

لە پێوەندی دەگەڵ خەباتی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە ئەرخەیانییەوە دەتوانم بڵێم هەتا


ئەو رۆژەی سیاسەتو هەڵسوکەوتی کارگێڕانو بەرێوەبەرانی ئەم رێژیمە هەروەک سێسالی رابردوو درێژەی هەبێ، ژنان نەک هەر ناتوانن بەلانی کەمی مافەکانی خۆیان بگەن، بگرە رۆژ لە دوای رۆژ مافە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانیان زیاتر پێ شێل دەکرێو هەرگیز ناتوانن لە بواری مافی مرۆڤ و مافە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانیان بگەنە رادەی پێویست.

دەگەڵ رێزو سلاوی دوو بارە:

فتاح کاویان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی مارسی ٢٠١٠

# عەزیز یووسفی نموونەی رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ



**بە بۆنەی ٢٢ساڵەی کۆچی دوایی یەوە**

## فەتتاح کاویان

کاک عەزیزی یووسفی لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گەڕەکی رزگەییانی مەهاباد و لە بنەماڵەییەکی مام ناوەندی دا لە دایک بووە، سەردەمی منداڵیی خۆی، هەروەک هەموو منداڵە کوردێکی ئەو سەردەمە تێپەر کردو دەورەی سەرەتایی خوێندنی تەواو کرد، هەر لە یەکەم ساڵی خوێندنی دەبیرستان دا بوو کە رێژیمی پاشایەتی لە موکریان نەماو، بەرێوەبردنی شاری مەهاباد بە شوورایەک ئەسپێردڕا کە سەرۆکەکەی قازی محەممەد بوو کە ئێستا نە کۆماری کوردستان دامەزرا بوو، و نە ئەو شەهیدە مەزنە ببوو بە سەرکۆمار.

کاتێک کە رێکخراوی لاوانی کوردستان پێک هات کاک عەزیز و زۆر لە هەواڵەکانی بوون بە ئەندامی ئەو رێکخراوو و زۆر چالاکانە هەڵ دەسووران.

دوای جوانەمەرگ بوونی کۆماری کوردستان و شەهید کرانی پێشەوا و هاورێکانی، زۆر کەس دووچاری ناومیدی ببوون، بەڵام کەم نەبوون ئەو رۆڵە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان کە هەر زۆر زوو بۆ هەستاندنەوە سەرپێی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئازایانە وەخۆ کەوتنەوە. کاک عەزیز یەکێک لەو رۆڵە بە ئەمەگانەی گەلەکەمان بوو.

لە ساڵی ١٣٢٧ دا پۆلیسی شا، کە لە هەلسوورانی کاک عەزیز و هاوڕێکانی دردۆنگ و بە گومان بوو ژمارەیەکی لێ گرتن و دادگایی کردن، کاک عەزیز یەکێک لەوان بوو.

کاک عەزیز دوای ئازاد بوونی لە زیندانی تەوریز و گەرانەوەی بۆ مەهاباد، سەر لە نوێ کار و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکردەوە و، ئەمەش هاوکات بوو دەگەڵ پەرە ئەستاندنی بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی خەڵکی ئێران لە ژێر رێبەرایەتیی (جبهە، ملی) و بەسەرۆکایەتیی دوکتور محەممەدی موسەدیق.

پاش کودیتای شا لە دژی حکوومەتی دوکتور مەسەدیق، کاک عەزیز بە نهێنی تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا، بەڵام سەر لە نوێ گیرایەوە و بە زیندان مەحکووم کرایەوە، دوای چەند ساڵ زیندانی بوون لە ساڵی ١٣٣٥ ئازاد کراو جوو بۆ تاران لە شیرکەتێکی غەیرە دەوڵەتی دامەزرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٧ دا کاک عەزیز بەمەبەستی کاری حیزبی لە تارانەوە بەرە و کوردستانی عێراق وەرێ کەوت، بەڵام لە گوندی باڵانیشی نزیک ورمێ گیرا. لە کاتی دسگیر بوونی دا چەند بەڵگەیەکی حیزبی کە لە گیرفانی دا بووە بە دەستەوەی نەدان و لە ژێر لیدان و کوتانی چەکدارەکانی رێژیم دا، هەمووی خواردن.

جوامیری و ئازایەتیی کاک عەزیز بەرادەیەک بوو کە لە ماوەی ١٦ مانگ رەبەق دا کە لە زیندان دا مابۆوە، سەرەڕای ئەوەی کە لەو ماوەیە دا بە نیوبر ئەشکەنجە دەکرا، هیچ شتێکی نەدرکاندو ناوی هیچ کام لەو کەسانەی نەبرد کە لە بواری حیزبایەتی دا پێوەندی یان دەگەڵی هەبوو. بەڵام کاتێک لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٣٨ دا دوو - سێ کەس لە کادرەکانی حیزبی لە کوردستانی ئێران گیران و رێکخراوەکانی حیزب لە هەموو شارەکانی کوردستان لە سنەوە هەتا ورمێ ئاشکرا بوون و ئەندامەکانیان بەدەستی ساواک گیران و لە (قزل قلعە) خرانە بەندیخانەوە، دەکرێ بڵێین هیچ شتێکی نهێنی نەمابۆوە، کاک عەزیزیش ناچار بوو چالاکی یە حیزبی یەکانی بدرکێنێ.(*)

لە دادگای نیزامی (بدوی) ( سەرەتایی ) دا کاک عەزیز و دوو کەس لە ئەندامانی رێبەری و کادرێکی نهێنی حیزب بە مەرگ مەحکووم کران لە دادگای (تجدید نظر) مەحکوومییەتی کادرەکە کرا بە زیندانی ئەبەد. بەڵام بەرێوەبردنی حوکمی مەرگ کە دەبوو ئەوپەڕەکەی دوای قبووڵ نەکردنی داوای (استئناف)ی ئەو سێ کەسە بەرێوە

چووبا و هەر سێکیان ئێعدام کرابان، ڕێژیمی شا هەروا دەستی ڕاگرت و بەڕێوەبردنی ئە حوکمانەی وەدوا خست هۆیەکەشی ئەوە بوو کە شا لە دەنگدانەوەی کوشتنی ئەو کەسانە لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کورد دا دەترسا. بیجگە لەوەش هەم خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و، هەم وەزیری فەرهەنگی ئەو کاتی فەرانسە، ئاندرێ مالیرو، کە کورد ناسیکی مەزن بوو، داوای بەخشینیان بۆ کردن، لە ئاکام دا، دوای چوار مانگان بەو سێ کەسەیان ڕاگەیاند کە شا لێ یان خۆش بووە و، حوکمەکەیان شکاوە و کراوە بە زیندانی ئەبەدە.

کاتیک هاتن ئەو هەواڵەیان ڕاگەیاند، کاک عەزیز گوتی : ( ئەگەر بەخشین و لیبووردنیک لە گۆڕێ بێ، ئەوە ئێمەین کە دبێ لە تاوانی ئەو جینایەتکارانە خۆش بین کە هەرگیز لێ یان خۆش نابێن.)

هاوڕێی نەمرعەزیز یووسفی لە کونفرانسی یەکەمی حیزب دا ( بەهاری ١٣٣٤) بە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزب هەڵبژێردرا لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبیش دا (سەرماوەزی ١٣٤٣) لە حاڵێک دا لە زیندان بوو، بە شێوەیەکی غیابی، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرایەوە.

بەم جۆرە کاک عەزیز هەتا ساڵی ١٣٥٦ لە زیندان دا مایەوە و سەرئەنجام بە هەوڵ و کوششی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان - لەو پێناوە دا دوکتور قاسملووی شەهید نەخشێکی زۆر باشی هەبوو لە زیندان ئازاد کراو زۆری پێ نەچوو کە بەهۆی نەخۆشیی دڵ لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٥٧، لە تاران دڵی پڕ ئاواتی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت. شایانی باسە، کە نەخۆشیی دڵی کاک عەزیز زیاتر بە هۆی ئیشی گورچیلەکانی تووشی بوو، ئیش و ئازارێک کە لە سەرانسەری ماوەی ئاخرین دەورەی زیندانی بوونی دەگەڵی بووە، ئەویش بە هۆی ئەشکەنجەوە لیی پەیدا بوو.

هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی کاک عەزیز بۆ مەهاباد یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەیە کە لە کەم شاریک دا بینراون. چونکە خەڵکێکی ئەوەندە زۆر بۆ پێشوازی لە تەرمەکەی - بەشێک هەتا مەراغە و بەشێک هەتا میاندواو بەرەوپیری چوو بوون کە ماشینەکانیان زیاتر لە ١٠ کیلومیتران جاددەیان گرتبوو. لە ڕێورەسمی بە خاک ئەسپاردنی لە گۆرستانی ئەسحابەی سپی دا، حەشیمەتێکی ئەوەندە زۆر کۆبۆوە کە ڕێی ریداری نەبوو، دیارە بەشێکی بەرچاوی ئەو حەشیمەتە خەڵکی شارەکانی کوردستان هەر لە کرماشان و سنەو بگرە هەتا ورمێ و سەلماس بوون ژمارەیەکی زۆریشیان تورکی ئازەربایجانی دەگەڵ بوون کە کاک عەزیزیان دەناسێ.

هەروەک نووسەری شۆڕشگێر و بە ناوبانگی تورک (صمد بهرنگی) (گوتوویەتی بۆم گرنگ نیە لە کوێ کەنگی دەمرم، گرنگ ئەوەیە کە مردنەکەم چ شوێنەوارێک لەسەر ژیانی ئەوانی دیکە دادەنی. مردنی کاک عەزیزیش بوو بە هۆی هەژاندنی هەستی تووڕەیی و بیزاریی خەڵکی بەشدار لە ڕێورەسمەکەدا و، لە پڕ لە هەموو لایەکەوە دەنگی دروشم دانی ئەو خەڵکە بەرز بۆوە و، بەرەنگاریی دەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و ساواک دەستی پێی کرد کە هەتا ئێوارە درەنگانیک هەروا درێژەی هەبوو. ئەوەش لە ڕاستی دا یەکەم تەقینەوەی رق و قینی خەڵک بوو لە کوردستانی ئێران کە پاش ڕاپەرینی خەڵک لە شارەکانی قووم و تەوریز سەری هەڵدا بوو.

سەبارەت بە کەسایەتی کاک عەزیز - بە شایەدیی هەموو ئەو کەسانە کە لە زیندانەکانی شا و لە دەرەوەی زیندانیش لیی نزیک بوون، دەبێ بڵێم کە بیجگە لە ئازایەتی یەکەی کە لە ئیمان بەرییبازەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو یەکجار دڵ ئاوالەو بەخشەندە با سەواد و لە نووسین دا خەت خۆش و بەتوانا، بێ دەعیە و بێ هەوا داوین پاک و ڕاستگۆو (رک و راست) بوو.

یادی کاک عەزیز و هەموو ڕێبوارانی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی گەلی بەشخوراو دابەشکراومان پیرۆز بێ

----

* ئاماژە کردن بۆ ئەم ڕاستی یە دەتوانی تا رادەیەک ئازایەتی و خۆڕاگری کاک عەزیز لە بەرامبەر ئەشکەنجەکەرانی ساواک دا نیشان بدا لەساڵەکانی دەیەی ١٣٤٠ دا [ استواریکی ] ئەرتەش بە ناو سانی دەستە ڕاست و هەمە کارەی سپهبد تەیمووری بەختیار سەرۆکی ساواک و بەرپرسی زیندانی [ قزل قلعه ] بوو. سانی هەر چەند بەتەواوی لە خزمەت ڕێژیمی پاشایەتی دا بوو. بەڵام پیاوێکی جوانمیر و بە دڵ و دەروون بوو زۆری قین ئەم زیندانی یانە بوو کە ترسەنۆک بوون و لە ژێر ئەشکەنجە دا خۆیان ڕانەدەگرت و هەرچی بیانزانیابا دەیاندرکاند. سانی زۆر جاران بەسەر ئەو جۆرە کەسانەی دا دەگۆڕاندو بە فارسی پێی دەگوت [ سەگ باب ] ئەتۆش ناوی خۆت ناوە شۆڕشگێر؟ لێرە پیاوی وەک خوسرەوی ڕۆزبەی لێ گیراوە ئەگەر پیاوی ئەو جۆرە کارانە نەبووی چت بەو کارانە دا بوو " بەڵام هەر ئەو [ استوار ] سانی یە ئەو پەری ڕێزی لە کاک عەزیز دەگرت و هەر کات یەکێک لە زیندانی یەکان داخوازی یەکی هەبا کە جێ بە جێ کردنی بۆ سانی دژوار با. سویندی دەخوارد کە نابێ سویندەکەشی هەمیشە بەسەری کاک عەزیزی بوو. چونکە هەروەک پێشتریش باسم کرد. کاک عەزیز ماوەیەی

١٦ مانگان لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دا خۆی ڕاگرت بوو و هیچ شتێکی نەدرکاند بوو بەڵام دەکرێ بڵێین هەموو جاریش کاک عەزیز داخوازەکانی زیندانی یەکانی پێ جێ بەجێ دەکرد.

سەرچاوە: کوردستانی ژمارە ٣١٣ - ریکەوتی: ٢١ی جۆزەردانی ١٣٨٠ - ١ی ژوئەنی ٢٠٠١

دووبار تایپ کردنەوە : ڕەحمان نەقشی

# کورتەیەک لە بیرەوەییەکانم




## فەتاح کاویان

لە مانگەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی، بۆ یەکەم جار لە لای شەهید دوکتور قاسملوو لە دەفتەری حیزب لە مەهاباد، کاک نەی قادری.م دێ، دانیشتبوون و لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی چوونیان بۆ لای خومەینی قسەیان دەکرد. هەر لەو چاوپێکەوتنە دا شێوەی قسە کردن و هەڵسوکەوتی کاک نەبیم یەکجار جوان هاتە بەرچاو.

ماوەیەک - دوو ساڵ دواتر کە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٩(١٩٨٠ی زایینی) کە وەزعی حیزب لە باکووری کوردستانی ئێران تووشی چەشنێک پەشێوی ببوو، دەفتەری سیاسیی مەئموورییەتی دا بە کاک نەبی قادری و سەرهەنگ قادری و بە من کە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان برۆین بۆ ئەو ناوچانەی باکووری، ئەوکات ئەندامی دەفتەری سیاسیی بووم و کاک نەبی و کاک سەرهەنگ قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون.

لەو مەئمووریەتە دا کە زیاتر لە سێ مانگی خایاند زۆر شتم بۆ روون بوونەوە. یەک لەوانە کەسایەتیی بەرزی کاک نەبی بوو:

١- پیاوێکی یەکجار ئازاو، هەڵسوور بوو، بەچەشنێک کە بەشی هەرە زۆری سەردان لە کۆمیتەکان، لک و پەلەکانی هێزی نخۆ، کە هەر یەکەی لە بەشێک لە ناوچەکانی گەلی بەردەرەش، برادۆست و سۆما، شپیران و مەحەڵی ئەنزەل بوون و زۆربەشیان لە جیگەی دوور دەست و ئەستەم هەڵکەوتبوون، کاک نەبی پێیان رادەگەیشت و لە ماوەی ئەو سێ مانگە و چەند رۆژە دا ڕەنگە دوو - یا سێ جاران دەهاتەوە بنکەی گۆندی حەسەنی کە وەک ناوەندی هەیئەتی دەفتەری سیاسیی دیاریمان کرد بوو و بەشی زۆری ئەو ماوەیە من و چەند پێشمەرگەی ناوەند لێی نێشتەجی بووین. دیارە لە چالاکی و بە هەڵسووریدا کاک سەرهەنگ قادریش هێچی لە کاک نەبی کەمتر نەبوو.

٢- هەڵسوورانی کاک نەبی بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو کارانە پێویستی بە ئازایەتییەکی تەواو هەبوو. چۆنکە لە هێندێک شوێن پێگەی رێژیم دامەزرا بوون و بەداخەوە کەم نەبوون ئەو کەسانەش کە هاوکاریی رێژیمیان دەکرد. بەڵام، ئەوەی هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات ترسو خوف لەو مەترسییانە بوو.

٣- بێجگە لەو ماوەی کە لە باکووری کوردستانی ئێران بووین، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا کە هاوکار بووین، کاک نەبی. نەک هەر

بە باوەڕی من هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، نموونەی پیاوێکی پاکداوێن و خاوەن شەرەف بوو. داخوا ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی، هەرگیز دەنگۆیەک سەبارەت بە داوین پیسی لەو شێرە پیاوەی رێگەی خەباتیان بیستووە؟ بێگومان نا.


بە کورتی کاک نەبی نموونەی ئازایەتی، بەهەڵسوڕێ، پاکداوێنی و دەستپاکی و لە باری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە نموونەیەکی هەڵکەوتوو بوو.

ڕەوانی شاد و یادی پیرۆز بێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠٠٦

## غەزەلیش هێندە شلک و ناسک هەر نابی!!

## غەزەلێکی ناسکی نەمر کاک فەتاحی کاویان:



سەری دانابوو لەسەر سینەم و زولفی رەسەنی
پەخشو ئەفشان بوو وەکوو باوەشێ گوڵ یاسەمەنی
هەر وەکوو پەلکی گوڵی مەریەمی بەر مانگەشەوێ
مەم و سینەی دەتروسکاوە لە ژێر پیرهەنی
قۆڵی دانابوو لەسەر شانم و لێوی خامۆش
دڵ هەموو ویست و تەمەننا بوو، بە چاو پێدەکەنی
دڵی ئاگر بوو سەراپاو و منیش گڕ گرتوو
دەست لە ناو دەست و دەسووتام لە گڕکانی تەنی
شین و بێ رەنگ دەبوو چەشنی گوڵی یاسی کەوگ
کە بە ئەسپایی سەری پەنجەمی گەیبا بەدەنی
دامە بەر لووزەوی ماچان و مژینی لێوی
پاشی چل ساڵ لە سەر لێومە شەهدی دەهەنی

فەتاح کاویان

وێنە: لە لاپەرەی بەرێز ئەنور خانی سولتانی ورگیراوە

سەرچاوە: دۆڵی دەرمانئاوە - رێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٧

# وەرە حەیران!

## فەتاح کاویان

**پێشکەشە بە بنەماڵەکانی ڕەحیمی و فەلسەفی**

دەڵێن ئەمڕۆ گوڵی ژیانی عوسمان ڕەحیمی
بە شەختەی نابەوەختی هاوینی تەمەن
هەڵپڕووکاوەو هەڵوەراوە،
ئەستێرەی ژیانی پڕ لە شانازی
بە سینەی ئاسمانی نەماندا ڕاخوشاوە

وەرە حەیران !

دەڵێن ئەمڕۆ "سامان"و "سوورکێو"
بیسەرو سامانن
یایی پەخشان و کۆڕی هاودەردانی
چاو بە فرمێسک و دەستە و ئەژنۆ
خەریکی شیوەن و گریانن
"سنوور"ی نازداریش
نازی لێ شێواوە
لووزەوەی فرمێسکی دایکی خەمباری
بەسەردا ڕژاوە
بزەی شادی و خۆشی لە سەر لێوانی نەماوە
خونچەی دڵی ناسکی ژاکاوە و هەڵپڕووکاوە
وەرە حەیران!

دەڵێن ئەمڕۆ شۆڕەسواری مەیدانی خەبات

بۆ ئازادیی کوردستان

بەهۆی مەرگی نابەوەخت و لەناکاو

ماڵئاوایی کردوە لە هاوخەباتان، لە دۆستان

وەرە حەیران!

دەبا شەتاوی فرمێسکی ئاربەبای سەربەرز

وەڕێکەوێ بەرەو

کەوپێچ و سلێمان بەگ و هەژدەدۆڵان و،

بەرێ ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بۆ شێرە ژنان و

پیاوانی ئازای ئەو مەڵبەندەو پێیان بڵێ:

کۆتری ژیانی فەرماندە ئازاو بەجەرگەکەیان

زۆر نابەوەخت و لە نەکاو

داوێ لە شەقەی شاباڵان

بەرەو دیاری مەرگ و نەمان

وەڕێی خستووە لە ڕێزی هەڤاڵان

شیوەن و گریان و هاواران

وەرە حەیران!

دەڵێن ئەمرۆ هاوسەنگەرانی ئەو شێرە پیاوە

جەرگ بریندار و دڵ پڕ لە خوێنن

کچان و کوڕانی هاوخەباتی سەربەهەش و مل بەکوێنن

دەڵێن ئەمڕۆ هەڤاڵانی "گەنج خەلیل"ەکەی بانەی قارەمانپەروەر

جەرگ سووتاون، دڵ بریندارن، هۆش لێبڕاون

وەرە حەیران!

لە پەژارەی مەرگی عوسمان رەحیمی دا
چاوم خوێن دەپڕژێنێ
جەرگم شەقار شەقارە و خوێن دەدەڵێنێ
هێزی ئەژنۆیانم نەماوە
کۆڵەکەی هیوا و هومێدم شکاوە
کاروانی شادی لە مەڵبەندی دڵی وێران
بارگەو بنەی تێک ناوە
ئەستۆندەکی رەشماڵی ژیانم درزی داوە و چەماوە
کولوەی ئاواتی لە مێژینەم تێک رووخاوە و،
بەسەر باخچەی ئاواتی پڕ لە گوڵمدا ڕماوە

وەرە حەیران!

ئەمڕۆ هەوری رەشی ناهومێدی
بەسەر ئاسمانی ژیانم داکشاوە
نەمامی هیوا و هومێدم لە ژێر گژەبای مەرگی رەحیمی دا
چەماوە، سیس هەڵگەڕاوە و داچۆڕاوە
پەریی شادی و شادمانیم لێ تۆراوە
فرشتەی هیوا و هومێدم لە هەڵدێرگەی ناهومێدی
هەڵدێراوە
بەڵام،
یاران
هەتا ئەو رۆژەی شارەگی ژیانم نەپساوەو
دڵم لە لێدان نەوەستاوە
یادی پیرۆز و پڕ لە شانازیی عوسمانی رەحیمی
لە ناو دڵی من و هەموو هاوسەنگەرانی
بۆ هەمیشە نەخشاوەو

**ناوی بەرزی لەسەر دەروازەی دڵی**

**هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی**

**نوسراوە و زێرکفت کراوە**

**سەرچاوە: کوردستان و کورد**

**ڕێکەوتی: ١٦ی سیپتامبری ٢٠٠٧**

-----------------------------------------

